# ڕامان و قووڵبوونەوە لە فیکری ئیدریسی هەمیشە لەیاد

## خوێندنەوەیەکی تازەیە بۆ ڕێبازی بارزانی





یادکردنەوەی پیاوە گەورەکانی قۆناخی ڕزگاریی نیشتمانی، بۆنەیەکە بۆ هێنانەوە گۆی ئەو فیکر و هەڵوێست و پەیڤە شۆڕشگێڕ و گرنگانە کە ئازادیی نەتەوەیان لەسەر بونیادنراوە، یان نەخشەی ڕێگەن بۆ گەیشتن بەئازادی، هەربۆیە یادکردنەوەی گەورە پیاوانی نەتەوە، هێندەی گەڕانەوەیە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە فیکر و ڕەفتاری ئەوان بۆ ئێستا بخوێنینەوە، هێندە گێڕانەوەی مێژووی ژیانیان نییە، بەڵکو یادکرنەوەیان بۆ ئەوەیە لەکاتی بیرکردنەوەو هەنگاوهەڵگرتنمان بۆ ئایندە بەزیندوویی بمێننەوە، بەزیندوویی هێشتنەوە بەمانای دووبارە پیادەکردنەوەی پەیڤ و فیکری ئەوان نییە، بەڵکو بەمانای دووبارە خوێندنەوەیەکی دیکەیە بۆ ئێستایەك نەك لە ڕابردوودا چی وتووە، ڕاشکاوانەتر یادکردنەوەی گەورە پیاوان بۆ ئەوەیە پرسیار لەخۆمان بکەین، ئەوان پێشتر بەمجۆرە بیریان کردۆتەوەو بەمجۆرە ڕەفتاریان کردووە، ئایا ئەگەر ئێستا لەگەڵمان بوونایە بۆ ئێستا چیان دەگوت و چۆن بیریان لەداهاتوو دەکردەوە؟ کەواتە ئەم میتۆدە باس لەوە ناکات ئەم پیاوە گەورەیە، لەساڵی ئەوەندە لەدایك بووەو لەوەندە کۆچی دوایی کردووە، بەڵکو بۆ درێژەپێدانی ئەو مێژووەیە، بۆ نوێکردنەوەی ئەو فیکرو پەیڤ و ڕەفتارانەیە کە دەبنە چوارچێوەیەکی ئەخلاقی و ڕەفتاری ئێستامانی پێ ڕاست دەکەینەوە.

ئەم نووسینە بەو ئاڕاستەیە خۆی دەخاتە نێو یادکردنەوەی ئیدریس بارزانی بەوەی جارێکی دیکە موناقەشە لەگەڵ گیانی ئەم پیاوە گەورەیە بکات و هەوڵبدات سەرلەنوێ فیکر و پەیڤەکانی دووبارە بەدیدێکی هاوچەرخانە بخوێنێتەوە، بۆیە کاتێك یادی دەکەینەوە، لە هاوسەنگەرانی ناپرسین ئیدریس چۆن بووەو چی کردووە؟ بەڵکو پەیڤەکانی بیرکردنەوەی دەخەینە بەردەمی نەوەی نوێ، بۆ ئەوەی ئەوان ئێستا جارێکی دیکە لەسەری ڕابمێنن و مانای تازەی بۆ ئێستا لێ هەڵهێنجێنن. مەبەستمان ئەوەیە ئەو خەونە قووڵەی ئیدریس بۆ نەوەی داهاتوو لەکۆڵی نابوو، ئێستا ئەو نەوەیە پێگەیشتووە، ئایا تاچەند ئەم نەوەیە خۆی لەنێو ئەو فیکرە دەدۆزێتەوەو تاچەند دەتوانێت ئەو فیکرەی ئیرادەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی بۆ بەگژداچوونەوەی هەموو داگیرکاراندا بونیاد نا، ئێستا چۆن دەتوانین بەو فیکرە ئیرادەی بونیادنان و داهێنان و بڕینی ڕێگەی بەرەو سەرفرازی درێژە پێبدەین؟ بۆیە لەم چوارچێوەیەدا کاتێك یادی ئیدریس بارزانی دەکەینەوە، دەگەڕێینەوە بۆ ئەم پیاوە گەورەیە کە چۆن لەبەردەستی بازرانیی نەمر بووە خزمەتکاری خەڵك و لەپێناوی ئازادیی کورد و کوردستاندا چۆن خەباتی کردووەو لەقوربانیدان بێ منەت بووە، بێ منەتیی بەو مانایەی ئەو بۆ ئەوە قوربانی نەداوە تا ئێستا ئێمە بێین پاداشتی بدەینەوە، یان سوپاسی بکەین، ئەو خۆی کردبووە بەردەباز بۆئەوەی هاووڵاتیانی کوردستان لەبڕیاری سەپاوی داگیرکارانەوە کە پێیان دەوتین ملکەچیی ئەرکی سەرشانتانە، بپەڕنەوە بۆئەوەی بەسەربەرزی بڵێن ئەمە (داواکاریمانە)، ئەم وەرچەرخانەی کە ئیدریس بارزانی ڕۆڵی کاریگەر و گرنگی تێدا گێڕاوە، گۆڕینی (بەڵێ)ی گەلێکی زۆرلێکراوە، بە (نەخێر) بۆ زۆرداری و چەوسانەوەی گەلێکی ئازادیخواز.

تێگەیشتن و ڕامان و قووڵبوونەوە لەفیکری ئیدریس بارزانی خوێندنەوەیەکی تازەیە بۆ ڕێبازی بارزانی و پێویستە ئەم تێگەیشتنە خەسڵەت و ڕەفتارمان نەك هەر لەناو کۆمەڵگە، بەڵکو لەناو خێزانەکانیشماندا بگۆڕێت و ڕێز لەبەرامبەر بگرین، کەواتە کاتێك یادی ئیدریس بارزانی دەکەینەوە، یادی ئەوە ناکەینەوە ئەو چی پێگوتین، بەڵکو یادی ئەوە دەکەینەوە گەل چی بەو گوتووە، چۆن ئەوەی گەل پێی گوتووە بۆتە بەرنامەی ئەو لەکاتی جێبەجێکردندا، (لەبەر ئەوەی ئیدریس سەربازێکی جێبەجێکار بووە) ئێستا وەك گوتەو ڕەفتارو فیکری ئەو دەیخوێنینەوە، ئەوەی بەرەو لایەنێکی دیکەی ژیانی ئیدریس بارزانی-مان دەبات، ئەوەیە کاتێك لاپەڕەکانی مێژووی ئەم پیاوە گەورەیە هەڵدەدەینەوە، هەست ناکەین مێژوو، یان ڕابردوو دەخوێنینەوە، بەڵکو هەست دەکەین لەئێستادایین و هەنگاو بۆ ئایندە هەڵدەگرین، نهێنیی ئەم تێکەڵبوونەوەی ڕابردوو و ئێستا لەناو گیانی ئیدریس بارزانی-دا، بۆ



ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئیدریس فێری کردووین گوێمان لێبگرێت چیمان دەوێت، نەك گوێی لێبگرین ئەرکی سەرشانمان بۆ دیاری بکات، بۆیە کاتێك دەگەڕێینەوە بۆ جیهانی ئیدریس بارزانی لەناخەوە دەنگێك دەبیستین پێمان دەڵێت (چیتان دەوێ و چی بکەین باشە؟) ئەو لە ئاراستەکردنی ئەم پرسیارەدا دەزانێت ئەو پرسیارە ئاراستەی نەوەیەك لە زەمەنێکی دیکەدا دەکات، ئەو چاوەڕێی وەڵامی ئێستایە، بۆیە ئێمەش کاتێك لەوپەڕی ڕامان و بیرکردنەوەدا دێینە گۆ و بەدەنگی بەرز داواکارییەکانمان دەڵێین، ڕادەچەڵەکێین، ئەم ڕاچڵەکاندنە داوای ئیدریسێکی دیکە دەکات، گوێمان لێبگرێت و فەرمانەکانمان جێبەجێ بکات، چاوەڕێ دەکەین ئیدریس بەپێوە ڕاوەستابێت و پێمان بڵێت ئەمر دەکەن، بەسەرچاو، ئەم ڕۆحەی ئیدریس کە لەناخی هەریەك لەوانەی بەدیداری ئیدریس شادنەبووبن، لەناخماندا ئیدریس دەبێتە ئەو مرۆڤە باڵایەی کە هەر یەکەمان بەجۆرێك وێنای دەکەین و بەرەفتارەکانی دەیناسینەوە، کە دەچینە بەردەم سندوقی دەنگدان تەنیا ئەو وێنایە دەبینین کە ڕەفتاری ئێستای بەرپرسان کەم تا زۆر، هاوتای وێنای ئیدریسی ناخمان دەبن، بۆیە لەو کاتە دەنگ بەئیدریس دەدەین و دەنگ بەوانە دەدەین کە لەئیدریس دەچن.

ئەم دێڕانە پێدا هەڵدان نییە بۆ مرۆڤێك کە ناوی ئیدریس بارزانییە، لەبەر ئەوەی ئیدریس خۆی فێری کردووین، مرۆڤی باڵا پێویستی بە ستایش و سوپاس نییە، بەڵکو ئەگەر ئاستی بیستنی گوێیەکانمان لەو ئاستە بێت ئەو دەنگە ببیستێت و لێی تێبگات، ئەمە هەوڵێکە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە سوود لە لۆژیك و شێوازی خەبات و قوربانیدانی ئەم مرۆڤە باڵایە وەربگرینەوە، ئەمەش واتە دووبارە بەدەنگ هێنانەوەی پەیڤەکانی ئیدریس بازرانی کە بۆ ئێستا لەهەموو کاتێك زیاتر پێویستمانە.

ئەم قۆناخەی ئێستامان پێویستی بەبڕیاری بوێرانە بەئاستی ئیرادەی ئیدریس هەیە، دەبێت بزانین قوربانیدان بۆ یەکڕیزی و کۆکردنەوەی تواناکان و جۆشدانیان بۆ ئێستا لۆژیکی بەئاستی لۆژیکی ئیدریس دەوێت، دەبێت بزانین بوون بەخزمەتکاری میللەت و گوێگرتنمان لەداواکانی خەڵك و هەوڵدان بۆ داهێنان لەچۆنیەتی جێبەجێکردنی داواکانی خەڵك، ئەوە بەئاستی ئیدریس سادەیی و کەسێتی جیاوازی دەوێت، لێرەوە ئەگەر لەگەڵ زەردەشت لەخۆمان بپرسین چ لەو کارە مەزنترە بتوانین دەستبەرداری غروور و فیزی خۆمان بین، بۆ ڕۆحی شادی ئیدریس هەموو ئەم هەنگاوە هەڵگرین.




### کۆڕبەندی داڤۆش و
### ئەو تەحەددییانەی رووبەڕووی جیهان دەبنەوە

# کوردستان وەک هێزێکی کاریگەر لەشەڕی دژی داعشدا



**ئەو کاتانەی بارزانی لەگەڵ هەموو دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا و جیهاندا باس لە قۆناخی دوای داعش و پێداویستیی رێگرتن لە سەرهەڵدانەوەی داعش دەکات، لەهەمانکاتدا لایەنێکی دیکەی خەمی بارزانی بۆ ئایندەی کوردستان ئەوەیە قەیرانی ئابووری کوردستان چارەسەربکات و سەرنجی کۆمپانیاو وەبەرهێنەرانی جیهان رابکێشێت بۆ ئەوەی بێنە کوردستان و ئابووری کوردستان بووژێتەوە**

پێشان کە لەناوەندە نێودەوڵەتییەکان باسی کوردستان دەکرا، لەچوارچێوەی بەرژەوەندیی نێوان دەوڵەتەکاندا، کوردستان وەك سەرچاوەیەك بۆ ناسەقامگیری لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەقەڵەم دەدرا، بەڵام ئەزموونی حوکمڕانیی ٢٥ ساڵی رابردووی هەرێمی کوردستان ئەو واقیعەی پێچەوانە کردەوەو ئێستا کوردستان نەك هەروەك کێشە سەیرناکرێت، بەڵکو وەك بەشێك لەچارەسەر و رووبەڕووبوونەوەی ئەو تەحەددییانە سەیردەکرێت کە رووبەڕووی هەموو جیهان دەبێتەوە.

لەم روانگەیەوە گرنگە لە بایەخی گرێدانی کۆڕبەندی ئابووری داڤۆس تێبگەین و بپرسین: ئایا ئامانج لە گرێدانی ئەم کۆڕبەندە لەسەر ئاستی جیهان چییە؟ ئایا بایەخی بەشداربوونی سەرکردە سیاسییەکانی جیهان لەم کۆڕبەندە ئابوورییەدا چییە؟

دیارە کۆڕبەندی ئابووری داڤۆس، ساڵانە بۆ قسەکردن لەسەر ئەو هەڕەشەو مەترسییانەی کە رووبەڕووی جیهانی ئازادو دیموکراتی دەبێتەوە، دەستەبژێری ئابووریناس و زانایانی بواری تەکنەلۆژی و رۆژنامەنووس و سەرکردە سیاسییەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی بیروبۆچوونە جیاوازەکان نەخشەڕێگەیەك بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشە و تەحەددییەکان دروست بکات.

بایەخدانی کۆڕبەندی ئابووری بە پلەی یەکەم، لەو روانگەیەوە سەرچاوە دەگرێت، هەر کاتێك ئابووری ئاراستەی سیاسەت دیاری بکات، ئەوا سەقامگیری لەنێوان دەوڵەت و نەتەوەکان دروست دەبێت، وەك ئەو سەقامگیرییەی کە ئێستا لەنێوان دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپا دروستبووە، کە بەردی بناخەی یەکێتی ئەورووپا لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئابووری ئاراستەی سیاسەتی نێوان دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپای دیاری کردووە. بەپێچەوانەشەوە ئەگەر سیاسەت ئاراستەی پێوەندییە ئابوورییەکان دیاری بکات، ئەوا ئەو ژینگە سیاسییە ئاڵۆزەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست دەبێت کە نەك هەر هیچ هاوکارییەکی ئابووری لەنێوان دەوڵەتەکان بوونی نییە، بەڵکو ئێستا هەموو جیهان سەرقاڵی ئەوەیە بە رێگەی جڵەوگیری ئابووری بۆ سیاسەت، ئەو هاوکارییە ئابوورییە لەنێوان دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست بکەن، بۆ ئەوەی سەقامگیری بگەڕێتەوە بۆ ئەو ناوچەیەو کۆتایی بە ئاژاوەو پاشاگەردانی بهێنرێت.

**ئەجێندای سەرۆک بارزانی لەمیانەی بەشداریکردنی لەو کۆڕو کۆڕبەندە نێودەوڵەتییانە و هەروەها لەمیانەی ئەو سەردانە فەرمییانەی بۆ وڵاتانی جیهان ئەنجامیان دەدات، بە پلەی یەکەم پاراستنی دەوڵەتی کوردستانە، نەک تەنیا راگەیاندنی دەوڵەتەکە**

لەم بازنەیەداو لە تێڕوانینی دەوڵەتانی دیموکراتی بۆ ئایندەی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان، دیموکراتییەت وەك سیستمی لیبراڵ دیموکراتی، خۆی وەك سیستمێکی دوولایەنەی سیاسی و ئابووری نمایش دەکات، هەر بۆیە ئەگەر دیموکراتی لەسەر ئاستی سیاسی بریتی بێت لە هەڵبژاردنی ئازادو ئازادی رادەربڕین و فرەیی سیاسی، ئەوا لەسەر ئاستی ئابووری بریتی دەبێت لە ئابووری بازاڕ لەسەر بنەمای ململانێی بازاڕ و ململانێ و هاوکاری نێودەوڵەتی، بۆیە ئەگەر ئامانجی دەوڵەتانی دیموکراتی پاراستنی دیموکراتی بێت لە رووە سیاسییەکەیەوە، ئەوا ئەم رووە سیاسییەی ناپارێزرێت، ئەگەر ژێرخانی ئابووری بازاڕەکەی پتەو نەبێت، یان داهاتی تاکەکەس لە ئاستێکی گونجاو نەبێت و چینی ناوەند وەك کۆڵەگەی سیستمی دیموکراتی نەبێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ سەروەریی یاسا و سەقامگیری کۆمەڵایەتی.

بەڵام پرسی گرنگ لێرەدا ئەوەیە: کاتێك هەڕەشە و تەحەددا لەسەر ئەم ئامانجە دروست دەبێت، ئایا چۆن پێکەوە رووبەڕووی ئەم هەڕەشەو تەحەددییانە دەبنەوە؟ یاخود ئایا ئەو هەڕەشە و تەحەددییانەی رووبەڕووی جیهانی ئازادو دیموکراتی دەبنەوە، دەبنە تەحەددی و هەڕەشەی هاوبەش بۆ هەموو دەوڵەتانی دیموکراتی و ئازاد؟ وەڵامی ئەم پرسیارە تا ئاستێکی زۆر رێژەییە، لەبەر ئەوەی بەشێك لەو کێشەو هەڕەشە و تەحەدیيانەی رووبەڕووی سیستمی دەوڵەت دەبنەوە، خۆیان دەرهاویشتەی ئابووریی بەهێزو پێشکەوتنە زانستییەکان و شۆڕشی تەکنەلۆژیان، بەشێکی دیکەشیان وەك پرسی توندڕەویی و تیرۆر دەبنە هەڕەشەی هاوبەش بۆ جیهانی ئازادو دیموکراتی، بەڵام بەشێکیشی پێوەندی بە جیهانی دیموکراتی و ئازادەوە هەیە کە وەك پێویست مامەڵەی لەگەڵ ئەو پرسانە نەکردووە، پێش ئەوەی ببنە هەڕەشە و تەحەددا لەسەر کۆی جیهان و مرۆڤایەتی.

لەم چوارچێوەیەدا داڤوس ساڵانە لەسەر ئاستی فراوانی هەموو کێشەو هەڕەشەکان، کۆڕبەندی خۆی بۆ هەڵسەنگاندن و دروستکردنی نەخشەی ڕێگە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان گرێدەدات، بەڵام هاوشانی داڤوسیش کۆڕو کۆبوونەوەی ساڵانە سەبارەت بە پرسی ئاسایشیش گرێدەرێت، هەروەك چۆن لەمانگی شوباتی داهاتوو کۆبوونەوەی ساڵانە میونشن بۆ ئاسایشی جیهانی گرێدەدرێت، بەڵام تایبەتمەندی داڤۆس لەگەڵ کۆڕو کۆبوونەوەکانی دیکە ئەوەیە، داڤۆس دەیەوێت ئابووری جڵەوگیری سیاسیەت بکات و بەرژەوەندی هاوبەش دەرگای دیالۆگ بۆ کێشە سیاسییەکان بکاتەوە، ئەم ژینگەیەش کە ژینگەیەکی کراوە بۆ یەکترببینینی سەرکردە سیاسییەکان دروست دەکات، هەنگاوی باش بۆ کردنەوەی قەیران و کێشە سیاسییەکان دروست دەکات.

لەم چوارچێوەیەدا بەشداریی کوردستان بەنوێنەرایەتی سەرۆك بارزانی لەکۆڕبەندی داڤۆس، جیا لەوەی پیشاندەری ئەوەیە کوردستان بەشێکە لەچارەسەری کێشەیەکی جیهانی کە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعشە، لەهەمانکاتدا کوردستان وەك کیانێکی دیموکراتی پێویستی بەوەیە کە ئابووری ئاراستەی سیاسەتەکەی دیاری بکات و بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی جیهان و یەکێتی ئەورووپا یەك بگرێتەوە، بۆیە لەم راستەوە بەشداریی کوردستان لە داڤۆس، هەم بۆ پێگەی کوردستان گرنگە لەشەڕی دژی تیرۆریستان، هەمیش بۆ پەرەپێدان و ڕێکخستنەوەی ژێرخانی ئابووریش گرنگە کە ئابووری فاکتەری گرنگە بۆ دروستکردنی بەرژەوەندیی هاوبەش لەگەڵ تەواوی دەوڵەتانی جیهاندا.

**● گرنگیی داڤۆس بۆ کوردستان و پێگەی کوردستان لەشەڕی دژی داعشدا**

هەموو ئەو هەڕەشە و تەحەددییانەی ڕووبەڕووی جیهان دەبێتەوە، ئەوجا سەرچاوەکەی شۆڕشی تەکنەلۆژیا بێت، یان فیکری توندڕەویی، سەرەنجام تیرۆریستان و داعش هەموو تەحەددی و هەڕەشەکان لەیەك بازنەدا پێکەوە کۆدەکاتەوە کە ئەویش بەرەی شەڕی دژی داعش و هەوڵەکانە بۆ ریشەکێشکردنی فیکری توندڕۆیی.

ئەوەی لەم هاوکێشە تازە نێودەوڵەتییەدا بۆ پێگەی کوردستان لەناو هاوکێشەی سیاسیی تازەی جیهاندا گرنگە، ئەوەیە کوردستان لە بەرەی پێشەوەی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعشەو لەو شەڕەشدا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، لەمەش گرنگتر خاوەنی هێزی پێشمەرگەیە کە لەیەك کاتدا توانای ئەوەی هەیە لەبەرەکانی شەڕدا تیرۆریستانی داعش تێکبشکێنێت و لەهەمانکاتدا ژینگەیەکی ئەوتۆی سیاسی دروست بکات کە نەبێتە سەرچاوەی گەشەکردنی فیکری توندڕۆیی و یەکتری رەتکردنەوە.

لەسەر ئەم دوو ئاستە، هیچ دەوڵەتێك لەم جیهانەدا نییە بەدەست یەکێك لەم دوو کێشەیەوە نەناڵێنێت، هەر بۆ نموونە ئوستراليا کە لەوپەڕی ڕۆژهەڵاتی جیهانە لەگەڵ باشووری ئەفریقیا کە لەو پەڕی باشووری زەوییە و لەگەڵ دەوڵەتانی ئەسکەندەناڤی کە لەوپەڕی باکووری زەوین، لەگەڵ هەرسێ ئەمریکای باکوور و ناوەڕاست و باشوور، هیچ لایەکیان لەمەترسیی تیرۆر و تیرۆریستان دوور نین، بەڵام هیچ لایەکیشیان نەیانتوانیوە لەسەر ئاستی ناوخۆ سنوورێك بۆ تیرۆریستان دابنێن، یان ژینگەیەکی ئەوتۆ فەراهەم بکەن کە فیکری توندڕۆیی تێیدا گەشە نەکات.

ئەوجا ئەگەر لەسەر ئەم ئاراستەیە سەیری ڕۆڵ و پێگەی بارزانی وەك سەرۆکی کوردستان لە کۆڕبەندی ئابووری داڤوس بکەین، ئەوا دەبینین، جیا لەوەی سەرۆکی کوردستان لەیەکێك لە پەنێڵەکان و سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی سووریا و عێراق بەشداری کرد، بەڵام لەمیانەی دیدارەکانی لە پەراوێزی کۆڕبەندی داڤۆسدا هەر لە جێگری سەرۆکی ئەمریکاوە تا دەگاتە سەرۆکی ئازەربایجان و وەزیرانی دەرەوە و بەرگری چەندین دەوڵەتی یەکێتی ئەورووپا، دیدار و کۆبوونەوەی تایبەتی هەبوون، لەهەموو ئەو دیدار و کۆبوونەوانەشدا پرسی سەرەکی قارەمانیەتیی پێشمەرگەو پێگەی کوردستان بووە لەشەڕی دژی داعشدا. ئەمە بێجگە لەوەی دەیان دیپلۆمات و ڕۆژنامەنووس لەگەڵ بەڕێزیان کۆبوونەوە بۆ ئەوەی لە روانگەی

**کوردستان جیا لەوەی لەشەڕی دژی تیرۆردا پێگەیەکی تایبەتی هەیەو هەوڵە گەورەکانی بارزانی بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی پێشمەرگەو پاراستنی کوردستانە، بەڵام لەهەمانکاتدا کوردستان لەسەر ئاستەکانی دیکەی سیاسەتی تازەی جیهانی بایەخی هەیە**

**فلادیمیر پۆتینی سەرۆکی روسیا گوتوویەتی: کۆنتراکتی رووسیا لەگەڵ ئیکسۆن مۆبیل و بریتش پتریلۆم، زۆر لە هاوپەیمانی لەگەڵ ناتۆ و یەکێتی ئەوروپا بۆ رووسیا گرنگترە**

**پەرەپێدانی کەرتی نەوت لەکوردستان بووە هۆکاری ئەوەی ئیکسۆن مۆبیل سیاسەتی (یەک عێراقی) ئەمریکا لەبەر چاو نەگرێت و ئەو سیاسەتە بخاتە ژێر پرسیارەوە، ئێستاش سەرۆکی ئیکسۆن مۆبیل وەزیری دەرەوەی ئەمریکایە، واتە سەرۆکی دیپلۆماتییەتی ئەمریکایە لەجیهاندا**



بۆچوونی سەرۆکی کوردستانەوە سەیری شەڕی دژی داعش و چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان بکەن.

بەشداریی سەرۆك بارزانی لەو کۆڕ و کۆڕبەندە نێودەوڵەتییانەدا بۆ بارودۆخی ئێستای کوردستان، بایەخ و گرنگی لە ڕادەبەدەری هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر لەمیانەی ئەو سەردانە فەرمییانەی سەرۆکی کوردستان بۆ وڵاتانی جیهان ئەنجامیان دەدات، بەرنامەی سەردانەکە دیاریکراو بێت، ئەوا لەمیانەی ئەو کۆڕو کۆڕبەندە نێودەوڵەتییانە بەرنامەکە کراوەیەو دەکرێت باسی زۆر شت بکرێت کە مەرج نییە بەو ڕاشکاوییە لە سەردانە فەرمییەکاندا باسی بکرێت، وەك نموونەیەکی زیندوو لەسەر بایەخی ئەم کۆڕو کۆڕبەندە نێودەوڵەتییانە، کاتێك لەساڵی ٢٠١٦ سەرۆکی کوردستان بەشداری کۆنفرانسی میونشنی کرد بۆ ئاشتیی جیهانی، لەگەڵ ئەوەی بڕیار بوو سەرۆك بارزانی بەشداری پەنیلێك بکات لەسەر بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام دیدارو کۆبوونەوەکانی لەگەڵ سەرکردەکانی جیهان و دیپلۆماتکاران هێندە چڕوپڕ بوون و هێندە بەبایەخ بوون بۆ ئایندەی کوردستان، سەرۆك داوای لە ڕێکخەرانی کۆنفرانسەکە کردبوو لەبەشداریکردنی لەو پەنێڵە بیبەخشن کە ناتوانێت ئامادەبێت، بەڵام دوای ماوەیەك نووسەری ئەم دێڕانە لەگەڵ سیاسەتمەدارێکی کوردو لەمیانەی دیمانەیەکدا دووبارە ئەم پرسەی نوێکردەوە، ئەو سیاسەتمەدارەی کورد لەسەر بنەمای زانیاری ورد پێی گوتین: سەرۆك بارزانی لە کۆنفرانسی میونشن سەرقاڵی پەیداکردنی پشتگیری و هاوکاری بووە بۆ پێشمەرگە و ئێستا ئاکامەکەی هەوڵەکانی ئەو لە کۆنفرانسی میونشن دەبینین کە پێنتاگۆن یاداشتی لێکتێگەیشن لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگەی کوردستان ئیمزا دەکات.

کەواتە ڕاستە کۆڕبەندی ئابووری داڤۆس، یان کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی جیهان، لە ڕووکاری دەرەوە گرێدانی کۆمەڵێك پەنێڵە بۆ قسەکردن لەسەر ئەو هەڕەشە و تەحەددیایانەی ڕووبەڕووی هەموو جیهان دەبێتەوە، بەڵام ئەوەشمان لەبیر نەچێت ئەو کۆڕبەند و کۆنفرانسە نێودەوڵەتییانە، باخچەیەکی پشتەوەشی هەیە کە زەمینەیەکی لەبار بۆ سیاسەتمەداران و سەرۆکی دەوڵەتان دروست دەکات، هەتا بەشێوەی ناڕاستەوخۆ دیداری گرنگ و گەورە ئەنجام بدەن و نەخشەی ڕێگە بۆ پێوەندیی داهاتوو دیاری بکەن.

■

**بەشداریی کوردستان بەنوێنەرایەتی سەرۆک بارزانی لەکۆڕبەندی داڤۆس، جیا لەوەی پیشاندەری ئەوەیە کوردستان بەشێکە لەچارەسەری کێشەیەکی جیهانی کە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعشە، لەهەمانکاتدا کوردستان وەک کیانێکی دیموکراتی پێویستی بەوەیە کە ئابووری ئاراستەی سیاسەتەکەی دیاری بکات و بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی جیهان و یەکێتی ئەوروپا یەک بگرێتەوە**



**● گرنگیی دیدارەکانی بارزانی لەپەراوێزی کۆڕبەندی داڤۆسدا**

کوردستان هەتا ئەگەر ببێتە دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی و ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانیش، چەند پێویستی بە سەردان و پێوەندیی فەرمی لەگەڵ دەوڵەتان و نەتەوەکانی جیهان هەیە، هێندەش پێویستی بە پێوەندی و لێکتێگەیشتن لە میانەی کۆڕو کۆڕبەندە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ سەرکردەکانی جیهان و کۆمپانیاکان و دۆزینەوەی بەرژەوەندی هاوبەش لەگەڵ تەواوی دەوڵەتانی جیهان هەیە.

لەجیهانی ئەمڕۆدا کە کۆمپانیا گەورەکان و کۆمپانیا فرەڕەگەز و ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان تا رادەیەکی زۆر ئاراستەی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی جیهانی دەکەن، گرنگە کیانێکی وەك هەرێمی کوردستان بتوانێت خۆی لەناو کاریگەری هاوکێشە تازەکانی جیهاندا بدۆزێتەوە و لەگەڵ ئەم بارودۆخە تازەیەی سیاسەتی جیهانی کارلێك بکات و بوونی خۆی بسەلمێنێت. بێگومان شتێکی شاراوە نالێین، ئەگەر ئاماژە بەوە بکەین، زۆر دەوڵەت هەیە چەندین ساڵە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانە، بەڵام بە ئاستی ئەم چەند ساڵەی دوایی هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە لەناو ئەم ستەیجە تازەی سیاسەتی جیهانیدا پێگەیەك بۆ خۆی دیاری بکات.

بۆیە لە جیهانێکدا کە هەنگاو بەرەو گۆلۆبالیزەیشن و دیجیتالیزەیشنی شۆڕشی تەکنەلۆژیا هەڵدەگرێت، دەبێت لەوە ئاشنا بین زۆر جاران بازنەی دروستکردنی بڕیار، یان دۆزینەوەی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان، دەکەوێتە دەرەوەی کۆبوونەوە فەرمییە نێودەوڵەتییەکان و زیاتر لەو کۆڕو کۆڕبەندە نێودەوڵەتییانە خۆی بەرجەستە دەکاتەوە کە هەموو کارەکتەرە تازەکانی ناو هاوکێشەی سیاسەتی جیهانی لە شوێنێکدا پێکەوە کۆدەکاتەوە.

بۆیە کاتێك کیانێکی سیاسی وەك هەرێمی کوردستان لەمیانەی ئەم کۆڕو کۆڕبەندە نێودەوڵەتییانە دەتوانێت لێکتێگەیشتن، یان بەرژەوەندیی هاوبەش لەگەڵ کۆمپانیایەکی وەك ئیسکۆن موبیل، یان برتیش پتریلیوم دروست بکات و سەفقەی گەورەیان لەگەڵدا ئیمزا بکات، ئەمە مانای ئەوەیە پێگەی کوردستان لە پێگەیەکی لۆکاڵییەوە دەگۆڕێت بۆ پێگەیەکی نێودەوڵەتی، راستە دروستکردنی ئەم بەرژەوەندی و لێکتێگەیشتنە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەشی ئابووری دروست دەبن، بەڵام ڕەهەندەکانی ئەم لێکتێگەیشتنە سنوورە سیاسی

**هەر کاتێک ئابووری ئاراستەی سیاسەت دیاری بکات، ئەوا سەقامگیری لەنێوان دەوڵەت و نەتەوەکان دروست دەبێت، وەک ئەو سەقامگیرییەی کە ئێستا لەنێوان دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا دروستبووە، کە بەردی بناخەی یەکێتی ئەوروپا لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئابووری ئاراستەی سیاسەتی نێوان دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپای دیاری کردووە**



و فەرمییە نێودەوڵەتییەکان دەبەزێنێت، هەر وەك چۆن گرێدانی کۆنتراکتی نێوان کوردستان و ئیکسۆن مۆبیل بۆ پەرەپێدانی کەرتی نەوت لە کوردستان بووە هۆکاری ئەوەی ئیسکۆن مۆبیل سیاسەتی (یەك عێراقی) ئەمریکا لەبەر چاو نەگرێت و ئەو سیاسەتە بخاتە ژێر پرسیارەوە، ئێستاش سەرۆکی ئیکسۆن مۆبیل وەزیری دەرەوەی ئەمریکایە، واتە سەرۆکی دیپلۆماتییەتی ئەمریکایە لەجیهاندا، ئەمە ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەیە کە زۆر زەحمەت بوو لەمیانەی کۆبوونەوە فەرمییە نێودەوڵەتیەکاندا بێتەدی.

بۆ ئێمە وەك کیانێك کە هێشتا دەوڵەتی سەربەخۆ نین، لەوانەیە بە ئاستی خۆی لە بایەخی ئەم کۆڕو کۆڕبەندە نێودەوڵەتییانە تێنگەین، لەوانەیە لەم راستەوە ناهەقمان نەبێت، چونکە لە بواری دەوڵەتداری و سیاسەتی تازەی جیهانی ئەزموونێکی ئەوتۆمان نییە، بەڵام ئاماژەکردنمان بە رووسیا وەك یەکێك لە پێنج دەوڵەتە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایش و یەکێك لە هەشت دەوڵەتە پیشەسازییە گەورەکەی جیهان، ئەو راستییەمان بۆ روون دەکاتەوە کە گرێدانی کۆنتراکت لەگەڵ کۆمپانیایەکی گەورەی وەك ئیکسۆن مۆبیل و بریتیش پتریلیۆم مانای چییە. سەبارەت بەم لایەنە جینیفەر هایەرس توێژەری باڵا لە ئامۆژگای ئەنجومەنی پێوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا، لە وتارێکدا کە بەناوی (ئەجیندای ریکس تیلێرسۆن) وەك وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بڵاوی کردۆتەوە، تیایدا ئاماژەی بەوە کردووە کە فلادیمیر پۆتینی سەرۆکی روسیا گوتوویەتی: کۆنتراکتی رووسیا لەگەڵ ئیکسۆن مۆبیل و بریتش پتریلیۆم، زۆر لە هاوپەیمانی لەگەڵ ناتۆ و یەکێتی ئەورووپا بۆ رووسیا گرنگترە. کەواتە ئەگەر ئەم پرسە کە هاوشێوەی هەمان پرسی کوردستانە بۆ رووسیایەك هێندە گرنگ بێت کە لەسەر ئاستی جیهان ململانێ لەگەڵ ئەمریکا دەکات و جیهانی لە تاکجەمسەرییەوە گۆڕیوە بۆ فرەجەمسەری، پرسیار ئەوەیە ئایا دەبێت بۆ هەرێمی کورستان چەند گرنگ بێت کە هێشتا بەفەرمی دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە؟

کەواتە ئەمە مانای ئەوەیە کوردستان جیا لەوەی لەشەڕی دژی تیرۆردا پێگەیەکی تایبەتی هەیەو هەوڵە گەورەکانی بارزانی بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی پێشمەرگەو پاراستنی کوردستانە، بەڵام لەهەمانکاتدا کوردستان لەسەر ئاستەکانی دیکەی سیاسەتی تازەی جیهانی بایەخی هەیە.

بۆ ئێستا کە خەمی سەرەکیی سەرۆك بارزانی بونیادنانی دەوڵەتی کوردستانەو وەك خۆیشی

**ئەو کۆڕبەند و کۆنفرانسە نێودەوڵەتییانە، باخچەیەکی پشتەوەشی هەیە کە زەمینەیەکی لەبار بۆ سیاسەتمەداران و سەرۆکی دەوڵەتان دروست دەکات، هەتا بەشێوەی ناڕاستەوخۆ دیداری گرنگ و گەورە ئەنجام بدەن و نەخشەی رێگە بۆ پێوەندی داهاتوو دیاری بکەن**



لەمیانەی دیدارێکی رۆژنامەییدا ئاماژەی پێکرد: «ئێمە لە مەسەلەی شەراکەت لەگەڵ عێراق شکستمان هێناوە دەبێت بیر لەوە بکەینەوە لە ئایندەدا کوردستان و عێراق دوو هاوسێی باش بن پێکەوە.» ئەوا ئەمە مانای ئەوەیە کە لەبیرکردنەوەی سەرۆك مسعود بارزانی-دا، پرسی سەربەخۆیی ئەوەڵ و دوایین بژارەی ئێستایە و بێجگە لە سەربەخۆیی بژارەی دیکە نییە، ئەمەشی راشکاوانە لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی عێراق باس کردووە، بۆیە لەم حاڵەتەدا کە سەرۆك بارزانی گەیشتبێتە ئەو قەناعەتەی بێجگە لە سەربەخۆیی بژارەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نییە، ئەوا گومانی تێدا نییە ئەجێندای سەرۆك بارزانی لەمیانەی بەشداریکردنی لەو کۆڕو کۆربەندە نێودەوڵەتییانە، هەروەها لەمیانەی ئەو سەردانە فەرمییانەی بۆ وڵاتانی جیهان ئەنجامیان دەدات، بەپلەی یەکەم پاراستنی دەوڵەتی کوردستانە، نەك تەنیا راگەیاندنی دەوڵەتەکە، ئەمەش لەمیانەی خوێندنەوە بۆ لۆژیکی بارزانی دەردەکەوێت کە راشکاوانە بەهەموو جیهانی راگەیاندووە کە بێجگە لە سەربەخۆیی بژارەی دیکە لەبەردەمدا نییەو دەبێت ئەو بڕیارە بدرێت.

لێرەوە ئەگەر هەموو هەوڵی سەرۆك بارزانی بۆ پاراستنی کوردستان بێت، پرسیار ئەوەیە ئایا لە جیهانی ئەمڕۆدا دەوڵەت چۆن دەپارێزرێت؟ بێگومان وەڵامی سادە بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە دەوڵەت پێش هەموو شتێك پێویستی بە سوپایەکی بەهێزە کە بتوانێت لەبەردەم هەرەشە، یان لەبەردەم دەستدرێژی دەرەکی خۆی رابگرێت، بۆ ئەمە سەرۆك بارزانی درێغی نەکردووە و چەندی لەتوانایدا بووبێت لەدەرگای هەموو دەوڵەتانی جیهانی داوە، بەڵام پرسیاری گرنگتر لێرەدا ئەوەیە ئایا دەوڵەت تەنیا بەسوپایەکی بەهێز دەپارێزرێت، یان بارودۆخەکە گۆڕاوە و پێویستی بە دروستکردنی میکانیزم و شێوازی دیکەی دۆزینەوەی بەرژەوەندیی هاوبەش هەیە لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروبەر و جیهانیش؟ کاتێك بەدوای ئەم پرسیارە لەمیانەی دیدار و کۆبوونەوەکانی بارزانی دەگەڕێین، بەئاشکرا هەست دەکەین، ئەو کاتانەی بارزانی لەگەڵ هەموو دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپا و جیهاندا باس لە قۆناخی دوای داعش و پێداویستیی رێگرتن لە سەرهەڵدانەوەی داعش دەکات، لەهەمانکاتدا لایەنێکی دیکەی خەمی بارزانی بۆ ئایندەی کوردستان ئەوەیە قەیرانی ئابووری کوردستان چارەسەربکات و سەرنجی کۆمپانیاو وەبەرهێنەرانی جیهان رابکێشێت بۆ ئەوەی بێنە کوردستان و ئابووری کوردستان ببووژێتەوە.

**پێشان کە لەناوەندە نێودەوڵەتییەکان باسی کوردستان دەکرا، لەچوارچێوەی بەرژەوەندیی نێوان دەوڵەتەکاندا، کوردستان وەک سەرچاوەیەک بۆ ناسەقامگیری لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەقەڵەم دەدرا، بەڵام ئەزموونی حوکمڕانیی ٢٥ ساڵی رابردووی هەرێمی کوردستان ئەو واقیعەی پێچەوانە کردەوەو ئێستا کوردستان نەک هەروەک کێشە سەیرناکرێت، بەڵکو وەک بەشێک لەچارەسەر و رووبەڕووبوونەوەی ئەو تەحەددییانە سەیردەکرێت کە رووبەڕووی هەموو جیهان دەبێتەوە**




شێخ جەعفەر شێخ مستەفا

فەرماندەی یەکەی (٧٠)ی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان:

# کاتی ئەوە هاتووە یەکێتی و پارتی هاوپەیمانێتییەکی نوێ پێکبهێنن و بە دیدو نەفەسێکی نوێ کار بکەن

## ئۆپەراسیۆنی موسڵ سەلماندی کورد کێشەی لەگەڵ سوپای عێراقدا نییە، بەڵکو کێشەی لەگەڵ ناوەندی بڕیار و سەرکردە سیاسییەکانی عێراقدا هەیە

ئاشکرایە سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە لە دژی داعش بوونەهۆی ئەوەی بە چاوی رێز و پێزانینەوە لەسەر ئاستی جیهانی لێی بڕوانرێت، لەسەر ئاستی ناوخۆییش ئومێد دەکرێت ئەو سەرکەوتنانە هەل ومەرجێکیان ڕەخساندبێت بۆ ئەوەی دۆخە سیاسییە دژوارەکە پەرەسەندنی ئەرێنی بەخۆیەوە ببینێت، لە ئێستاشدا کە پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ بەڕێوەدەچێت، پێشمەرگە هەر لە سەرەتاوە ڕۆڵی کاریگەرو گەورەی هەبووە لەو پرۆسەیەداو هاوکاری و هەماهەنگیی سوپای عێراقی کردووە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر کارابوونی ئۆپەراسیۆنەکە. ئەمانەو چەند پرسێکی گرنگی دیکە بوونەتە تەوەری دیمانەیەکی گوڵان لەگەڵ شێخ جەعفەر شێخ مستەفا فەرماندەی یەکەی (٧٠)ی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانیان دایەوە.



**هەر کاتێک ئەم دوو حزبە (پارتی و یەکێتی) پێکەوە کاریان کردبێت، ئەوا هەم توانیومانە دوژمن تێکبشکێنین و هەم توانیومانە هەرێمەکەشمان ئاوەدان بکەینەوە، هەر کاتێکیش لێکدوورکەوتبینەوە، ئەوا میللەتەکەمان دووچاری نەهامەتی و شکست و ئێش و ئازارێکی زۆر بووەتەوە**

*** دوای ئەوەی هێزی پێشمەرگە بە هاوپەیمانی لەگەڵ سوپای عێراق و ئەمریکا لە پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ بەشداری کرد، ئەوەی بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بەرنامەکەدا دانرابوو، زۆر بە سەرکەوتوویی و لەکاتی خۆی جێبەجێ کراو ناوچە کوردستانییەکانتان ئازاد کردەوە، وەك فەرماندەیەکی مەیدانی کە بەشدار بوون لە پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ، ئەو سەرکەوتنەی هێزی پێشمەرگە لەم ئۆپەراسیۆنەدا بەدەستی هێنان، لای ئێوە چۆن دەخوێندرێتەوە؟**

- لە راستیدا هەر کاتێك کە هێزەکانی هاوپەیمانان و هێزە عێراقییەکانیش باسیان لە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنەوەی موسڵ کردبێت، ئەو راستییەیان دووپات کردۆتەوە کە بە بێ بەشداریکردنی پێشمەرگە مەحاڵە ئەم ئۆپەراسیۆنە ئەنجام بدرێت و سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. تەنانەت پێش دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی موسڵیش، بەشی زۆری کۆبوونەوەکان لە هەولێر لەلایەن جەنابی مسعود بارزانی فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەڕێوەچووە بە بەشداریی هێزی هاوپەیمانان و هێزە عێراقییەکان. کە سەرجەم وردەکاری ئۆپەراسیۆنەکەش ڕێککەوتنی لەسەرکرا. لە چوارچێوەی ڕێککەوتنەکەشدا پێشمەرگە ئەرکی ئەوەی پێ سپێردراو کە لە هێڵی یەکەمی بەرگری داعش لە خازر و باشیك و شوێنەکانی دیکە پێشڕەوی بکات، دواتر بوار بدرێت، بۆ ئەوەی هێزەکانی عێراق لە ناو هێزی پێشمەرگەو لە خاکی کوردستانەوە پێشڕەوی بکەن بەرەو ئازادکردنەوەی موسڵ و ئەرکی ئازادکردنەوە و چوونە نێو ئەو شارە ببووە بەرپرسیارێتی هێزە ئەمنییەکانی عێراق. هەر لە رۆژی یەکەمیشدا، پێشمەرگە توانی ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات. کە ئێمە دەزانین هەمیشە هێڵی یەکەمی بەرگری، تۆکمەترین و مەحکەمترین سەنگەرە و بە تێکشکاندنیشی، هێڵی دووەم و سێیەمی بەرگری ئەو گرنگییەی نامێنێت، چونکە ئەوە ئاماژەیەکە بۆ شکستی دوژمن و رووخانی ورەی دوژمن. لە راستیدا لە ئۆپەراسیۆنی موسڵ و ئۆپەراسیۆنەکانی دیکەشدا پێشمەرگە بە هاوکاری هێزەکانی هاوپەیمانان بەدەیان هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە خاکی رزگارکردووە، تەنانەت هەندێکیان بەبێ هاوکاری هێزەکانی هاوپەیمانانیش، وەك لە جەلەولا و سەعدییە و قەرەتەپەو خورماتوو بینیمان. کەواتە پێشمەرگە بۆتە هێزێکی نموونەیی و لە هەموو جیهاندا باس لە پاڵەوانێتی و قارەمانێتی ئەم هێزە دەکرێت، هەر شاندێکیش بێتە کوردستان، لە هەر پلەو پایەکدا بێت، سەرەتا دێت و سەرەخۆشی لە کەسوکاری شەهیدەکان دەکات و سوپاس و ستایشی پێشمەرگە دەکات، دواتر کۆبوونەوە ئەنجام دەدات و لەبارەی پرس و بابەتەکانەوە گفتوگۆ دەکات.

*** لەیەکەم رۆژی دەستپێکردنی پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ، مسعود بارزانی وەك فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی کوردستان سەردانی ئێوەی لە خازر کرد، ئەوەی جێگەی سەرنج بوو، لە کۆنگرە رۆژنامەییەکەدا فەرماندە سەربازییەکانی سوپای عێراقیش لەگەڵ ئێوە بوون، ئایا وەك فەرماندەیەکی سەربازی چۆن سەیری هاوپەیمانی نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق دەکەیت؟ ئایا دەتوانین بڵێین ئەمە وەك هاوپەیمانی سەربازی نێوان دوو وڵاتی دراوسێیە لە شەڕێکی هاوبەشدا؟**

- لە راستیدا ئەوە یەکەمجارە کە پێشمەرگە بە هاوبەشی لەگەڵ سوپای عێراقدا ئۆپەراسیۆنێك ئەنجام بدەن، کە بووە مایەی سەرسوڕمانی هەموو لایەك کە بەو شێوەیە توانرا هاوکاری و هەماهەنگی بکرێت و لە ئەنجامدا سەرکەوتنیشی لێکەوتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە ئەمە ئاماژەیە بەوەی کە ئێمە وەك کورد و وەك پێشمەرگە هیچ کاتێك کێشەمان نەبووە لەگەڵ سوپای عێراقیدا — کە ئامرازی جێبەجێکردنە-، بەڵکو کێشەی ئێمە لەگەڵ ناوەندی بڕیارو سەرکردە سیاسییەکانی ئەم وڵاتە بووە، ئەوەشمان بە کردەوە سەلماندووە، چونکە ئێمە توانیمان پێکەوەو لە یەك سەنگەردا شەڕی داعش بکەین و هەنگاو هەڵبگرین بەرەو ئازادکردنی موسڵ. با ئێمە ئەوەشمان لە یاد بێت، کە تا ئێستا کوردستان بەشێکە لە عێراق و پێشمەرگە بەشێکە لە مەنزوومەی بەرگری عێراقی- لە هێزە چەکدارەکانی عێراق-، لەبەر ئەوە وەك دوو

دەوڵەت مامەڵە نەكراوە، بەڵكو وەك هەرێمێك مامەڵە كراوە، دواتر ئەمە هەڕەشەیەكی هاوبەش بووە كە رووی لە كوردستان و عێراق كردووە، بەڵام بە بێ هاوكاری و هەماهەنگی لەگەڵ پێشمەرگە پێشڕەویكردن بەرەو موسڵ كارێكی قورس و دژوار دەبوو. چونكە ئێمە لە هەندێ شوێن ٦ بۆ ١٠ كیلۆمەتر لە شارەوانی موسڵەوە دوور بووین، لە كاتێكدا سوپای عێراق لە ناوچەكانی دیكەوە بە ١٠٠ كیلۆمەتر دوور بوون. كە ئەم هاوكاری و هەمانگییەش هۆكارێك بووە بۆ رەواندنەوەی ئەو بێمتمانەییەی لە نێوان پێشمەرگەو سوپای عێراقیدا لەئارادا بوو. هەروەها ئەو راستییەشی سەلماند كە ئۆباڵی ئەنجامنەدانی ئۆپەراسیۆنی موسڵ لە ئەستۆی پێشمەرگەدا نییە، چونكە پێشتر وا باس دەكرا كە پێشمەرگە رێگری لەم كارە دەكات. ئەوە بوو ئێمە پێمان راگەیاندن كە بوارتان بۆ دەكرێتەوە بۆ ئەنجامدانی ئەم ئۆپەراسیۆنە، بەڵام بە مەرجێك هاتنتان مەرامی سیاسی لە پشتەوە نەبێت و بە ئامانجی ئەوە نەیەن كە هێزەكانتان لێرە جێگیر بكەن بۆ ئەوەی لە ئایندەدا ببنە هەڕەشە بۆ سەر كوردستان. ئەوە بوو ئێمە رێگەماندا بێن و تەنانەت ژووری عەمەلیاتی هاوبەشمان دروستكردو پێشمەرگە رێگەی بۆ كردنەوە بۆ ئەوە بەرەو موسڵ جووڵە بكەن، كە پێموایە ئەگەر لە شەرگاتەوە دەستیان پێبكردایە بە شەش مانگیش نەدەگەیشتە سنووری شارەوانیی موسڵ.

*** بە رزگاركردنەوەی باشیك دەتوانین بڵێین بەشی هەرە زۆری ناوچە كوردستانییەكان كەوتەوە ژێر دەستی هێزی پێشمەرگەی كوردستان، هەروەها بە رزگاركردنی باشیك بەرنامەی پێشمەرگە بۆ شەڕی سەربازی داعش كۆتایی هات، هەر لەم بۆنەیەشدا سەرۆكی هەرێمی كوردستان پەیامێكی راگەیاند، ئەم پەیامە وەك پەیامی راگەیاندنی سەركەوتنی سەربازی كوردستان بوو بەسەر داعشدا، ئایا لای تۆش وەك فەرماندەیەكی سەربازی كاتێك باشیك ئازادكرا، مانای ئەوەیە پێشمەرگە كوردستانی لەداعش پاك كردەوە؟**

- باشیك، هەڵكەوتەیەكی گرنگی هەبوو، لەوێدا هێزێكی گەورەو بەرگرییەكی گەورەی داعشی تێدا جێگیر كرابوو كە هێزی پێشمەرگە توانیی ئازادی بكات. بەڵام ئەگەر ئێمە باسی سنووری كوردستان بكەین، ئەوا هێشتا خاكی زۆر ماوە بەدەست بهێنرێنەوە بۆ ئەوەی بڵێین ئێمە تەواوی كوردستان لە ژێر دەستی خۆماندایە، بەڵام ئێمە دەزانین كە ئەم ناوچانە بۆ ماوەیەكی زۆر بەر شاڵاوی تەعریبكردن كەوتوون. بۆ نموونە، كاتێك ئێمە باسی ئەوە دەكەین كە چیای حەمرین سنووری كوردستانە، ئەوا ئەگەر لەم ناوچەیەوە بەرەو هەرێمی كوردستان بێیت، ئەوا لە هەندێ شوێن بە قووڵایی ٣٠ بۆ ٥٠ كیلۆمەتر تەعریب كراوەو كوردی تێیدا راگوێزراوە. لە ئێستادا ئێمە ئەو ناوچانەمان ئازاد كردۆتەوە كە كوردی تێدا نیشتەجێ بوون، بەڵام ئەگەر باسی خاكی كوردستان بكەین، ئەوا هێشتا سنوورێكی زۆر ماوە كە ئازادیان بكەین. لە راستیدا یەكلاكردنەوەی چارەنووسی ئەو ناوچانەش لە چوارچێوەی ریفراندۆمێكدا دەبێت، كە دەبێت خەڵكی ئەو ناوچانە خۆیان بریار بدەن ئایا دەیانەوێت بگەڕێنەوە سەر هەرێمی كوردستان یان وەك بەشێك لە عێراق بمێننەوە

*** ئەوەی جێگەی خۆشحاڵی بوو هەر لەدەستپێكی ساڵی تازەوە، سەرۆكی گەورەترین دەوڵەتی جیهان كە فەرەنسایە سەردانی كوردستانی كردو دوای ئەویش سەرۆك وەزیرانی توركیا هات، وەك لە رێوڕەسمی پێشوازییەكەشدا بینیمان ئێوە وەك فەرماندە سەربازییەكان لە پێشوازییەكەی ئامادەبوون، پاشانیش هەر بە یاوەری ئێوە سەردانی سەنگەرەكانی پێشمەرگەی كرد، ئایا سەردانی ئەم سەرۆك و سەرۆك وەزیران و ئەو شاندە باڵایانە بۆ كوردستان و بەسەركردنەوەی پێشمەرگە چ خوێندنەوەیەك بۆ ئایندەی كوردستان دروست دەكات؟**

- ئاشكرایە فەرەنسا یەكێكە لە پێنج ئەندامە هەمیشەییەكەی ئەنجومەنی ئاسایش و مافی ڤیتۆی هەیە. ئەوەش جاری دووەمە كە سەرۆكی ئەو وڵاتە سەردانی كوردستان دەكات، جاری یەكەم هەڕەشەی داعش چەند كیلۆمەترێك لە هەولێرەوە دوور بوو، بەڵام ئەو هات و لە هەولێر دابەزی. جاری دووەم لە ساڵی ٢٠١٧دا سەردانی كوردستانی كردەوە، كە

**ئەوە یەكەمجارە كە پێشمەرگە بە هاوبەشی لەگەڵ سوپای عێراقدا ئۆپەراسیۆنێک ئەنجام بدەن، كە بووە مایەی سەرسوڕمانی هەموو لایەک كە بەو شێوەیە توانرا هاوكاری و هەماهەنگی بكرێت و لە ئەنجامدا سەركەوتنیشی لێكەوتەوە**



ئەمجارەیان هێزی پێشمەرگە لە هەڵمەتێکی گەورەدا بوو بۆ رزگارکردنی موسڵ و بەڕێزیان سەردانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەی کرد. ئەمە ئاماژەیە بەوەی کورد خاوەن کەسایەتی خۆیەتی و نیشانەی پشتیوانییە بۆ میللەتی ئێمە کە بۆتە هێزێك کە لەبری هەموو جیهان شەڕ دەکات و بەرەنگاری دڕندەترین هێزی تیرۆریستی بۆتەوە کە بریتییە لە داعش. لەبەر ئەوەیە کە سەرۆکی فەرەنسا و سەرجەم سەرۆك و کەسایەتییەکانی دیکەش دووپاتیان کردۆتەوە کە بەردەوام دەبن لە پشتیوانیکردنی کورد، تەنانەت لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی داعشیش. ئەوە بوو بەڵێنی ئەوەیدا کە لە دوای داعشیش پشتیوانییەکانی ئەوان بەردەوام بێت بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی هێزی پێشمەرگەو ئەنجامدانی مەشق و راهێنان بە پێشمەرگە.

*** هاوکات لەگەڵ سەرکەوتنە گەورەکانی پێشمەرگە، هەر لەسەرەتای ئەمساڵەوە جۆرێك لە رێککەوتنی تازە لەناو پارتی و یەکێتی دروست بۆتەوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە بە راستی ئەمڕۆی کوردستان پێویستی بە پارتی و یەکێتی هەیە، ئایا تا چەند گرنگە لەم قۆناخەدا پارتی و یەکێتی وەك هێزی پێشمەرگە لەسەر ئاستی سیاسیش پێکەوە ئەم قۆناخە هەستیارە بەڕێوەبەرن؟**

- لە راستیدا ئەگەر ئێمە لە قوربانیدان و فیداکاری و شەهید و بریندارەکانی ئەم دوو حزبە بڕوانین کە هێزی سەرەکیش بوون و لە شاخ شەڕیان کردووە، ئەوا ئاشکرایە کە ئەو دەستکەوتانەی لە ئێستادا لە کوردستاندا بەدەستهاتوون بەرهەمی خەباتی ئەو دوو حزبەن، هەرچەندە ئێمە ناڵێین حزبی دیکە بوونی نەبووە. بەگشتی هەر کاتێك ئەم دوو حزبە (پارتی و یەکێتی) پێکەوە کاریان کردبێت، ئەوا هەم توانیومانە دوژمن تێکبشکێنین و هەم توانیومانە هەرێمەکەشمان ئاوەدان بکەینەوە، هەر کاتێکیش لێکدوورکەوتبینەوە، ئەوا میللەتەکەمان دووچاری نەهامەتی و شکست و ئێش و ئازارێکی زۆر بووەتەوە. بۆ نموونە، لە سایەی رێککەوتنی ستراتیژیدا کە پێکەوە حکومەتمان پێکهێناو پێکەوە کارمان کرد، دەبینی چەند خزمەتی ئەم هەرێمەمان کردو ئەم هەرێمە چەند پێشکەوت. من ئەم قسەیە وەك موزایەدە ناکەم، بەڵام دەبێت پارتی و یەکێتی هاوپەیمان بن لە حکومڕانێتیدا، چونکە ئەوە دوورکەوتنەوەی یەکێتی و

**پێشمەرگە بۆتە هێزێکی نموونەیی و لە هەموو جیهاندا باس لە پاڵەوانێتی و قارەمانێتیی ئەم هێزە دەکرێت، هەر شاندێکیش بێتە کوردستان، لە هەر پلەو پایەکدا بێت، سەرەتا دێت و سەرخۆشی لە کەسوکاری شەهیدەکان دەکات و سوپاس و ستایشی پێشمەرگە دەکات، دواتر کۆبوونەوە ئەنجام دەدات و لەبارەی پرس و بابەتەکانەوە گفتوگۆ دەکات**

پارتییە لە یەك كە دەبێتەهۆی لەدەستچوونی دەستكەوتەكان و كاولبوونی هەرێمەكەمان، پێكەوەكاركردنیشیان دەبێتەهۆی ئاوەدانكردنەوەی وڵات و تێپەڕاندنی قەیرانەكان و دوورخستنەوەی شەڕ لە میللەتەكەمان و هەنگاوهەڵگرتن بەرەو سەربەخۆیی. هیچ حزبێكی دیكەش ناتوانێت ئەم ڕۆڵەی هەبێت، ڕەنگە بتوانێت كۆسپ و تەگەرە دروست بكات، بەڵام ناتوانێت بارودۆخی كوردستان تێكبدات، ئەگەر ئەم دوو حزبە پێكەوە كاربكەن. كەواتە پێویستە لە ئێستادا یەكێتی و پارتی هاوپەیمانێتیەكی نوێ پێكبهێنن و ببنە شەریكی راستەقینە لەم وڵاتەدا. چونكە ئەگەر یەكێتی لەگەڵ هەموو حزبەكانی دیكەدا ڕێككەوتن بكات هیچ كاریگەرییەكی نییە، هەمان شت بۆ پارتیش راستە. كەواتە دەبێت پارتی و یەكێتی پێكەوە ڕێككەوتن بكەن و دواتر داوا لە حزبەكانی دیكە بكەن بەشداری لە حكومڕانێتیدا بكەن لە كوردستاندا. لەبەر ئەوە كاتی ئەوە هاتووە كە ئەم دوو حزبە ڕێككەوتن بكەن و دڵی خەڵكی خۆش بكەن و گۆڕانكاری بكەن، بەتایبەتی لە دوای دەستپێشخەرییەكەی جەنابی كاك مسعود كە لەلایەن هەموو حزبەكانەوە پێشوازی و پشتیوانی لێكراوە، كە تا ئێستا پارتی سەردانی هەموو حزبەكانی كردووەو دوو جار لەگەڵ یەكێتیدا دانیشتن كراوە. بەڵام هەروەك وتم دەبێت پێشتر یەكێتی و پارتی پێكەوە ڕێككەوتن بكەن لەسەر هەموو ئاستەكان و لەسەر سەرجەم مەسەلە ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەكان و ئینجا پێكەوە بچنە لای حزبەكانی دیكە، كە هیواداریین حزبەكانی دیكەش كە ڕۆڵ و جەماوەر و بەرپرسیارێتیان هەیە، بەشداری بكەن بۆ ئەوە بتوانین دەستكەوتەكانمان بپارێزین و ئەو هەڕەشەیە لەسەر میللەتەمان بڕەوێنینەوە و هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی بنێین.

*** ئایا هیچ بەرەوپێشچوونێك لەم ڕووەوە بەدی هاتووە؟**

- لە راستیدا لە كۆبونەوەكانی نێوانیان هەردوولا پێداگیرییان كردووە كە دەبێت ڕێككەوتنێك بكرێت بۆ تێپەڕاندنی كێشەكانی ئەم هەرێمە. هەروەها من پێم خۆشە ئەوە بڵێم كە پێویستە لە نێوان یەكێتی و پارتی ژمارەی كورسی نەكرێتە مەسەلە، چونكە ئەگەر یەكێتی سەرجەم كورسییەكان بەدەست بێنێت و پارتیش هیچ كورسییەك نەباتەوە، ئەوا پارتی وەك هێزێكی خاوەن سەنگ لە گۆڕەپانەكەدا دەمێنێتەوە و دەبێت شەریكی راستەقینە بێت، پێچەوانەكەشی هەر راستە. بەڵكو دەبێت كار لەسەر ئەوە بكرێت كە ئەم دوو حزبە حوكمڕانی بكەن و خەڵك لەو دۆخە رزگار بكەن. بۆیە لە كۆبوونەوەكانیش باس لەوە كراوە كە نابێت ژمارەی كورسی ببێتە بەربەست لەبەردەم ڕێككەوتن و پێكهێنانی هاوپەیمانێتی و كاركردن بە دیدو بە نەفەسێكی نوێ.

*** دوا پرسیارمان سەبارەت بەدواكەوتنی ئۆپەراسیۆنی رزگاركردنی حەویجەیە لە پارێزگای كەركوك، ئایا دواكەوتنی ئەم ئۆپەراسیۆنە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ئەوەی پێوەندی بە ئۆپەراسیۆنی رزگاركردنی حەویجەوە هەبێت، ئەوا ئێمە هەرگیز بەرهەڵستی ئەنجامدانی ئەم ئۆپەراسیۆنەمان نەكردووە، بگرە جەنابی كاك مسعود بارزانی كە فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی كوردستانەو بە بێ فەرمانی بەرێزیان هیچ ئۆپەراسیۆنێك ئەنجام نادرێت، رەزامەندی دەربڕیوەو ئێمە لە چەندین كۆبوونەوەمان لەگەڵ فەرماندەكانی سوپای عێراق و سەركردەكانی حەشدی شەعبی پێمان راگەیاندوون كە ئێمە هەموو كاتێك ئامادەین كە بە هەماهەنگی و بە ڕێككەوتن ئۆپەراسیۆنی رزگاركردنی حەویجە ئەنجام بدرێت، بەڵام ئەوەی جێی داخە نە لە سەردەمی مالیكی و نە لە ئێستادا كە حەیدەر عەببادی فەرماندەی گشتی هێزە چەكدارەكانی عێراقە رەزامەندی نەدراوە بۆ ئەوەی ئەم كارە بە هاوكاری و هەماهەنگی لەگەڵ ئێمەدا جێبەجێ بكرێت. تەنانەت ئێمە لە چەند میحوەرێكیشەوە رێگەمان پێداون ئەم كارە بكەن، وەك میحوەری ٣ لە داقوق و میحوەری ٤ و لە میحوەری ٥ كە تایبەتمەندیی خۆی هەیە پێمان راگەیاندوون كە با لە بری پۆلیسی ئیتحیادی و حەشدی شەعبی، سوپا بە هاوكاری هێزی پێشمەرگە پێشڕەوی بكات لەم قۆڵەوە، بەڵام بەداخەوە ئەوان فەرمانیان نەداوە بۆ ئەوەی پێشڕەوی بكەن و بەرەو حەویجە جووڵە بكەن.

**تا چیای حەمرین سنووری كوردستانەو ئەگەر لەم ناوچەیەوە بەرەو هەرێمی كوردستان بێیت، لە هەندێ شوێن بە قووڵایی٣٠ بۆ ٥٠ كیلۆمەتر تەعریب كراوەو كوردی تێیدا راگوێزراوە**

**ئەگەر باسی خاكی كوردستان بكەین، ئەوا هێشتا سنوورێكی زۆر ماوە كە ئازادیان بكەین، یەكلاكردنەوەی چارەنووسی ئەو ناوچانەش لە چوارچێوەی ریفراندۆمێكدا دەبێت، كە دەبێت خەڵكی ئەو ناوچانە خۆیان بڕیار بدەن ئایا دەیانەوێت بگەڕێنەوە سەر هەرێمی كوردستان یان وەك بەشێك لە عێراق بمێننەوە**

# بارزانی لە گەشتەکانیدا شکۆی دەوڵەتی کوردستان نیشانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەدات

## بارزانی لە پڕۆتۆکۆلی فەرمیی کۆربەندی داڤۆس وەکو سەرۆکی وڵاتێکی پێشکەوتوو پێشوازی لێکرا



ڕێباز عوسمان – سلێمانی

لە سەرەتای شۆڕشی کوردەوە بە سەرکردایەتی بارزانیی نەمر هەوڵ و تێکۆشان و خەباتیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان بووەو بۆ بنیادنانی دەوڵەتی کوردی ئەم خەبات و تێکۆشانە بەردەوام بووە، تەنانەت هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی دیکەی گەلی کورد هەر لەپێناوی ئازادی و سەربەخۆیی و سەرفرازی گەلی کوردستان بووە، تا ئەم ساتەی ئێستاش کە سەردەمی شۆڕشی نوێیە بە سەرکردایەتی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە بە سیاسەتی ژیرانەو دیپلۆماسیەتی نێودەوڵەتی نزیکبوونەوەمان لە سەربەخۆیی لەبرینی ڕێگایەکی دوورو درێژەوە گەیشتووینەتە بەردەرگای سەربەخۆیی و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی.

ئەوەی ئەمڕۆ کوردستان پێی گەیشتووە، بەرهەمی خەبات و خوێنی پێشمەرگە و ڕۆڵەکانی گەل و خەبات و سیاسەت و دیپلۆماسیی جەنابی سەرۆك بارزانی بووە، بۆیە دەبینین ئەم هەموو وڵاتە کونسوڵگەریی خۆیان لەکوردستان و لەهەولێری پایتەخت کردووەتەوەو چاویان لەسەر پێشکەوتنەکانی ڕۆژانەی کوردستانە کە سەرەڕای سەختیی دۆخەکەو پیلانی دوژمنانی کوردو کوردستان، هەر لەگەمارۆی ئابووری و برینی بودجەی خەڵکی کوردستان تا تێکدانی نێوماڵی کوردو دژایەتیکردنی مافی چارەی خۆنووسین، بەڵام بارزانی کۆڵی نەداوە لەکارکردن بۆ بەدیهێنانی خەونە مەزنەکەی گەلی کورد، لەلایەکی دیکەوە هێزو توانا و دڵسۆزیی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم وایکردووە ئەم هەموو کەسایەتییە بیانییە لە کوردستاندا دەژین و کاردەکەن و ئەو هەموو نوێنەری وڵاتە زلهێزانە وەزیرەکانیان بە وەزیری دەرەوە و وەزیری بەرگری تا دەگاتە سەرۆکی وڵاتان سەردانی کوردستان دەکەن. سەرۆکی فەرەنسا یەکێکە لەو سەرۆك وڵاتانەی کە سەردانی کوردستانی کرد و یەکێك لە هەرە وتە پڕ بایەخەکانی کە لەسەر هەرێمی کوردستان باسی کرد لەپاش پاڵپشتی زۆر بۆ سەربەخۆیی کوردستان و پشتگیری پێشمەرگەی سەربڵند، ئەوە بوو کە بە زمانی خۆی ڕایگەیاند: ئەوەندەی لە کوردستان هەستم بە دڵنیایی کرد، لە فەرەنسا نەمکردووە.

ئەم پێگەیەی ئەمڕۆی کوردستان دەتوانم بڵێم پێگەیەکی زۆر گەورەو پڕبایەخەو هیچی کەمتر نییە لە پێگەی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان، چونکە کوردستان چەند ساڵێکە وەك وڵاتێکی پێشکەوتوو لەلایەن وڵاتە زلهێزەکانەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و باس دەکرێت ئەمڕۆی کوردستان بە سیاسەتی دروست و پێوەندی ڕاستەقینە لەگەڵ جیهاندا گەیشتۆتە بەردەم دەرگای سەربەخۆیی کوردستان،

ڕاستە خاوەنی نەوت و گازی سرووشتییە، بەڵام ئەمانە ئامرازی سەرەکی نەبوون بۆ گەیشتن بە ئەمڕۆ، ئەگەر سیاسەتی دروست و چالاکی بارزانی نەبووایە.

بێگومان سەرۆك بارزانی توانی کوردستان بە جیهان بناسێنێ و بیسەلمێنێ کە سەربەخۆیی مافی ئەم گەل و خاکەیەو کوردستان هیچی کەمتر نییە لە وڵاتانی دیکە، زۆر وڵاتیش هەن کە دەمێکە وڵاتن و سەربەخۆن و زۆر لە خاکی کوردستان لەڕووی یەدەگی نەوتەوە دەوڵەمەندترن، کەچی ئێستا کاول کراون و یەك وڵاتی گەورەی جیهان ئاوڕیان لێناداتەوە، بۆ نموونە لیبیا ئێستا بە چ بارودۆخێکدا تێدەپەڕێ؟ چونکە خاوەنی سیاسەتی دروست نییە ڕۆژ بە ڕۆژ بارودۆخی بەرەو خراپتر دەچێت و کەس ناوی ناهێنێ، بۆیە نەوت ئامرازی سەرەکی نەبووە بۆ پێگەی ئەمڕۆی کوردستان بەبێ سیاسەتی دروست و ژیرانەی بازانی و فیداکارییەکانی پێشمەرگە ئەو پێگە جیهانییەمان دەست نەدەکەوت.

بانگێشتکردنی بارزانی لەلایەن وڵاتانی جیهانەوە بۆ بەشداریکردن لە کۆڕبەندە جیهانییەکان و ڕێزگرتن و مامەڵەکردن و پێشوازێ لێکردنی وەك سەرۆکی دەوڵەتی کوردستان بووە، نەك وەك سەرۆکی هەرێم، یان سەرۆکی پارتی، بۆیە ئاڵای کوردستان دانراوە لە پاڵ ئاڵای ئەو وڵاتەی کە سەردانی کردووە.

وەك پڕۆتۆکۆڵی فەرمی شان بە شانی هەموو وڵاتانی جیهان و نزیکترین کۆڕبەند کە بارزانی بەشداری تیایدا کردبوو، کۆڕبەندی ئابووری جیهانی بوو کە لە داڤۆس لە وڵاتی سویسرا بەڕێوەچوو، لەوێش هەر ئەو پێشوازییە لە سەرۆك بارزانی کرا لەلایەن ئەو وڵاتەوە کە پێشوازی لە سەرۆکی وڵاتە گەورە و پێشکەوتووەکان کرا، ئەمانە هەمووی پێوەرن بۆ گەورەیی پێگەی بارزانی و کوردستان و هێمای ئاشکران بۆ پشتگیری تەواوی کوردستان بۆ سەربەخۆیی .

ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە، ئەوەیە کە هەندێك قەڵەمبەدەست پێنووسەکانیان بۆ دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان دەخەنەکارو لاپەڕە سپی و پاکەکان بە کینەو خیانەتی ناودڵی ڕەشیان پیس دەکەن و پڕی دەکەن لە تەشهیرکردن و ناپاکی بەرامبەر بە چارەنووسی نەتەوەیی. لەڕاستیدا خیانەتی ئەو نووسینانە هیچی کەمتر نییە لە خیانەتکردن لە خاك و نیشتمان بە جەنگ و چەك، چونکە پێنووسە خاك و نیشتمان جوان دەکات، هەر ئەویشە لەناوی دەبات و دەیگەیەنێتە لێواری مەرگ و مەترسی، بۆیە دەبێت هەموو پێنووس بەدەستان و ڕووناکبیران هاوکارو دڵسۆزو پێشمەرگەی لاپەڕە سپییەکانی مێژوو بن بۆ خزمەتکردنی سەربەخۆیی کوردستان، بێگومان ڕۆژێکیش دێت نادڵسۆز و خۆفرشان لە کوردستانی سەربەخۆ و دەوڵەتی کوردستاندا جێگایان نابێتەوە، چونکە هیچ شتێك ئازاریان نەدات، ویژدانی نەتەوەیی ئازاریان دەدات و خوێنی شەهیدان و منداڵی شەهیدەکان دەبنە تەوقی ئاگر و ناخیان دەسووتێنێ.

ئەم فرسەت و هەلەی کە ئەمڕۆ هاتۆتە بەردەم گەلی کورد بۆ سەربەخۆیی دەبێت وەك ڕۆح و جەستەی خۆمان بیپارێزن و نەهێڵین لە دەستمان دەربچێت، چونکە دەبێت ئەوە بزانین زۆر لەو وڵاتانەی کە ساڵانێك دژی کورد بوون و زۆربەی زۆریان نەیاندەزانی گەلی کورد کێیە، ئێستا خۆشبەختانە پارێزەی مافی گەلی کوردن و هەوڵی سەندنەوەی مافی کوردو بەخاوەن دەوڵەت بوونی دەدەن، چونکە ئێستا ئاشکرایە لای یەك بە یەکیان کە گەلی کورد تەنیا داکۆکیکاری مافی ڕەوای خۆیەتی و چاوی لە خاکی هیچ وڵاتێکی دی نییە، ئەوەشیان بۆ دەرکەوتووە کە گەلی کورد بە پێشمەرگە سەر بڵندەکانیەوە پارێزگاری لە خاکی کوردستان کردووەو شەڕی هەموو جیهانی کردو مەترسیی تیرۆری لە جیهان بەدوور خستەوە. بۆیە دەزانن سەربەخۆیی بۆ کوردستان ئاوەدانییە بۆ جیهان، نەك مەترسی وەك بیرکردنەوەی جارانیان، هەروەکو چۆن لەپێشوازی و پەنێڵەکانی داڤۆس کە بارزانی بەشداری کرد، بە ڕوونی جیهان پێشوازی تەنیا لەسەرۆکی هەرێمی کوردستان نەکرد، بەڵکو پێشوازی لەسەرۆکێکی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد، سەرۆکێك فەرماندەو سەرۆکی هێزێکی گەورەی وەکو پێشمەرگە کە داستانی داعشی تێکشکاندو پارێزەری هەموو ئایین و ئایینزاو نەتەوەکانی ناوچەکەیە، هەر بۆیە تاکە زامنی کورد بۆ بەدیهاتنی سەربەخۆیی و دەربازبوون لەم هەموو قەیرانە، بارزانی-یە، هەروەکو چۆن پێشمەرگەو فەرماندە سەربازییەکان بەجیاوازی حزب و ناوچەو بیروباوەڕەکان درکیان بەو راستییە کردووە کە ئەو سەرفرازی و سەرکەوتن و شکۆیەی کورد لەدنیای پێشکەوتوودا بەدەستهاتووە، لە ڕێگەی بارزانی و خوێنی شەهیدانەوە بووە، هەرواش دڵسۆزانی گەلەکەمان باش دەزانن بارزانی لەگەشتەکانیدا شکۆی دەوڵەتی کوردستان نیشانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەدات.

**ئەوەی ئەمڕۆ کوردستان پێی گەیشتووە، بەرهەمی خەبات و خوێنی پێشمەرگە و ڕۆڵەکانی گەل و خەبات و سیاسەت و دیپلۆماسیی جەنابی سەرۆک بارزانی بووە**

**هێزو توانا و دڵسۆزیی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم وایکردووە ئەم هەموو کەسایەتییە بیانییە لە کوردستاندا دەژین و کاردەکەن و ئەو هەموو نوێنەری وڵاتە زلهێزانە وەزیرەکانیان بە وەزیری دەرەوە و وەزیری بەرگری تا دەگاتە سەرۆکی وڵاتان سەردانی کوردستان دەکەن**

**زۆر وڵات هەن کە دەمێکە وڵاتن و سەربەخۆن و زۆر لە خاکی کوردستان لەڕووی یەدەگی نەوتەوە دەوڵەمەندترن، کەچی ئێستا کاول کراون و یەک وڵاتی گەورەی جیهان ئاوڕیان لێناداتەوە**



**تێد کارپێنتەر**
پسپۆڕی سیاسەتی بەرگری و دەرەکی بۆ گوڵان:

# کردنەوەی کونسوڵخانەی ژاپۆن و وڵاتانی دیکە لە هەولێر، پرۆڤەی دانپێدانانە بەسەربەخۆیی کوردستاندا

## ئەگەر بەغدا ئاقڵانە بیربکاتەوە سەربەخۆیی کوردستان لە بەرژەوەندیی عێراقە

تێدی گەلێن کارپێنتەر توێژەری دیراساتی بەرگری و سیاسەتی دەرەکییە لەئامۆژگای کەیتۆ و لەماوەی نێوان ١٩٨٦-١٩٩٥ بەڕێوەبەری دیراساتی سیاسەتی دەرەکی بووەو لە نێوان ساڵانی ١٩٩٥-٢٠١١ جێگری سەرۆکی پرۆگرامی دیراساتی بەرگری و سیاسەتی دەرەکی بووە لەم ئامۆژگایە، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری مێژووی دیپلۆماسییەتی ئەمەریکا کە لە زانکۆی تێکساس بەدەستی هێناوە. بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی هەل و مەرجی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردنی ئیدارەی نوێی ئەمەریکا لەگەڵ ئێران و تەحەددییەکانی ئەم ناوچەیە و پەرەسەندنەکانی شەڕی داعش و ئەگەری سەربەخۆیی کوردستان، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامداو ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

*** با سەرەتا لە پرسیارێکی گشتییەوە دەست پێبکەین، ئایا چۆن وەسفی بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەیت؟**

- بارودۆخەکە پشێوی باڵی بەسەردا کێشاوەو مایەی نیگەرانییە، ناسەقامگیرییەکی توند لە چەند وڵاتێکدا لەئارادایە، ئاشکرایە یەکێك لەو وڵاتانەش سووریایە، عێراقیش تا ڕاددەیەك، هەروەها شەڕێکی ناوخۆیی و خوێناوی لە یەمەنیشدا لەئارادایە، هەموو ئەمانە مایەی نیگەرانییەکی زۆرن. ئیسرائیلیش لە سایەی دەسەڵاتی نەتنیاهۆدا، هەڵوێستێکی سەرسەختانەی گرتۆتەبەر، نەك تەنیا لە ئاست فەلەستینییەکاندا، بەڵکو لە ئاست حزبوڵلاو لوبنانیشدا، ئەمەش بۆی هەیە ببێتە مایەی تەقینەوەی توندوتیژی لەئایندەدا. لەلایەکی دیکەشەوە تورکیا لەکێشەدایە، بەتایبەتی لە سەر ئاستی ناوخۆیی، کە ئەردۆغان پتر بەرەو خۆسەپێنی هەنگاوهەڵدەگرێت و دەستی داوەتە سەرکوتکاریی بەرهەڵستکارە سیاسییەکانی، هاوکات لەگەڵ چڕکردنەوەی شەڕ لە دژی دانیشتووانە کوردەکەی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیادا.

*** کەواتە ئەوەی لە ئێستادا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگوزەرێت، زۆر مایەی ئومێد نییە؟**

- بەڵێ، بە دڵنیاییەوە، پانتاییە گەشەکان زۆر کەمن، چەند پەرەسەندنێکی کەم هەن کە دەتوانین بڵێین دەرئەنجامی ئیجابییان لێدەکەوێتەوە، ڕەنگە لاوازکردنی داعش تاکە پەرەسەندنێکی گرنگ بێت کە بتوانین وەك پێشهاتێکی ئیجابی لێکی بدەینەوە. هەروەها سەقامگیریی کوردستانیش ئاماژەیەکی ئیجابییە، بەڵام سێبەری پەرەسەندنە سلبییەکانی بەسەرەوەیە.

*** لەگەڵ هاتنی ترەمپ بۆ کۆشکی سپی، هەموو چاوەڕێی ئەوەن کە تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش بریتی بێت لە ئەولەوییەتی سیاسەتی ئیدارەی داهاتووی ترەمپ، لە ئێستا شەڕی موسڵ بەردەوامەو پێدەچێت لە عێراقدا پێش سووریا داعش لە ڕووی سەربازییەوە کۆتایی پێبێت، ئەگەر ئەولەوییەتی ترەمپ تێکشکاندنی داعش بێت، ئایا پێگەی کوردستان لە سیاسەتی ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکا چۆن دەبێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە کوردستان ڕۆڵێکی کارای لە تێکشکاندنی داعشدا بینیوە؟**

- لە ڕاستیدا ڕەنگە ئەمە قورسترین پرسێك بێت لە پێوەندی بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکاوە لەدژی داعش، لەبەر ئەوەی ئیدارەی ئۆباما ڕووبەڕووی فشارێکی زۆری تورکیا بۆوە بۆ ئەوەی هەوڵەکانی کوردی سووریا بۆ شەڕکردن لە دژی داعش لەبەرچاو نەگرێت، هەروەها ئەوەی کوردی عێراق ئەنجامیانداوە لە دژی داعش، ئەمە سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە ڕەنگە کورد تاکە هێزێکی کارای ناوچەکە بووبێتن لەدژی داعش. من پێموایە پێویستە ئێمە پشتیوانی هێنانەئارای سیستمێکی بە نامەرکەزی بکەین لە سووریادا، ڕەنگە ئەمەش ئاستێکی باڵای خۆبەڕێوەبەری بۆ کوردی ئەو وڵاتە لەخۆ بگرێت، هاوچەشنی ئەوەی کوردی عێراق لێی بەهرەمەندن، بەڵام هەر هەنگاوێك بەم ئاڕاستەیەدا دەبێتەهۆی زیاتر وروژاندنی دژایەتی تورکیا، کە حاڵی حازر پێوەندی تورکیا و ئەمەریکاش لەسەر بنەمایەکی دۆستانە نییە. من باوەڕم وایە سەرۆك ترەمپ هەوڵی باشترکردنی پێوەندییەکان دەدات لەگەڵ تورکیادا، بەڵام ئایا تا چەند سەرکەوتوو دەبێت، ئەوا ئەمە وەك پرسیارێکی کراوە دەمێنێتەوە، ئەویش بەهۆی ئەو پەرەسەندنانەی کە پێشتر ئاماژەم پێکردن. چونکە تورکیا چەندین کێشەی ناوخۆیی هەیە و چەندین پرسیار هەن لەبارەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیاوە، هەروەها ئەمە بەندە بەوەی ئایا تاچەند ئەو پەرەسەندنانە لەگەڵ خواستی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا یەك دەگرنەوە.

*** کەواتە ئێوە پێتانوایە ناکرێت دەستبەرداری کورد بکرێت لە شەڕی دژ بە داعشدا و ئایا وەك پێویست ئەم ڕۆڵە لەبەرچاوگیراوە؟**

- ئەمە یەکێکە لەو ڕاستییانەی کە جێی داخە، چونکە هەمیشە هەوڵدراوە لایەنە کوردییەکان لەبەشداریکردن لەو گفتوگۆیانە دووربخرێنەوە کە ناوبەناو لەبارەی شەڕی ناوخۆیی سووریاوە ئەنجام دەدرێن، ئەمەش کارێکی ناعەقڵانییە، چونکە ئەوان بەشێکی گرنگن لەوەی لە سووریادا دەگوزەرێت، بۆیە ناکرێت پەراوێز بخرێن، یاخود فەرامۆش بکرێن، ئەگەرنا ڕێککەوتنێکی مانادار لەسەر دۆخی سووریا دروست نابێت.

*** هێزی پێشمەرگە کوردستان توانیویەتی پێش هەر شوێنێکی دیکە، تیرۆریستانی داعش لە کوردستان تێکبشکێنن، ئەوەی ماوە شەڕی ناو**

**خراپترین سیناریۆ ئەوەیە کە ئەو ناسەقامگیری و توندوتیژییەی لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا ڕوویانداوە، زیاتر هەڵکشێن و پێموایە مەترسییەکی گەورەش لەم ڕووەوە هەیە**

**ئەگەر دەوڵەتە دراوسێکان عاقڵانە ڕەفتار بکەن ئەوا بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لەلایەن کوردەوە دەبێتە پەرەسەندنێکی سوودبەخش**

**موسڵە، ئایا تا چەند سەرکەوتنی پێشمەرگە بەسەر تیرۆریستانی داعشدا، دەبێتە هۆکاری ئەوەی هەموو جیهان بە چاوی رێزەوە سەیری کوردستان بکەن؟**

- بەدڵنیاییەوە رێزێکی گەورە لەکورد دەگیرێت لەبەرامبەر ئەوەی ئەنجامیانداوە هەم لەعێراق و هەم لە سووریا لەدژی داعش، هەروەك ئاماژەم پێکرد، ئەوان تاکە هێزی مەحەلی و کاران لەدژی داعش، بەڵام بێگومان لایەنێك هەیە کە بە چاوی رێز و تەقدیرەوە لەوە ناڕوانێت کە کورد ئەنجامی داوە، کە ئەویش حکومەتی تورکیایە، کە نیگەرانە و بەرهەڵستکارە و پێیوایە ئەمە هەوڵێکی دیکەیە بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی کە هەرێمی کوردستانی عێراق و ناوچەی کوردی سووریاش لەخۆ دەگرێت، لە تێڕوانینی ئەنقەرەوە ئەمە هەڕەشەیەکی مەترسیدارە لە یەکێتی وڵاتی تورکیا. لەبەر ئەوە من وێنای ئەوە ناکەم کە ئەوان دۆستانە هەڵسوکەوت بکەن لەبەرامبەر ئەوەی کوردی سووریا، یان کوردی عێراق لە دژی داعش ئەنجامیان داوە. ئەمە سەرەڕای ئەوە کە هەوڵی کورد لەم رووەوە چەند کاریگەر بووە و سەرەڕای ئەوەی کە ئەمە لە مەودای دووردا خزمەت بە بەرژەوەندیی و ئاسایشی تورکیاش دەکات.

*** ئایا پێتوایە ئەمە هۆکاری دەستتێوەردانی تورکیایە لە دۆخی سووریا؟**

- رەنگە گرنگترین هۆکاری ئەو دەستتێوەردانە بێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، مەسەلەی بەرفراوانتریش هەن، لەبەر ئەوەی هەمیشە تورکیا نیگەرانە لە رژێمی ئەسەدو پێوەندییەکانی ئەسەد بە ئێرانەوە. ئەمەش بە مانای بوونی دەوڵەتێکی نادۆست لەسەر سنووری تورکیا. هەر لەم بوارەشدا بوو کە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و تورکیا یەکیان گرتەوە لە قۆناغی سەرەتادا، لەبەر ئەوەی ئەمەریکا هەوڵی لاوازکردنی ئێرانی دا بەوەی بێبەشی بکات لە هاوپەیمانە سەرەکییەکەی لە ناوچەکەدا کە رژێمی ئەسەدە لە سووریادا، کە تورکیاش خواستی ئەوەی هەبوو سیاسەتێکی هاوشێوە بگیرێتەبەر.

*** بەڵام ئایا لەم ساتەوەختەدا ئەمەریکا و تورکیا بەرژەوەندی جیاواز یاخود ئەولەوییەتی جیاوازیان هەیە لە پێوەندی بە چۆنیەتی چارەسەرکردنی دۆخی سووریاوە؟**

- ئەوە راستە، تەرکیزی زیاتری ئەمەریکا لەسەر تێکشکاندنی داعش بووە، هەروەها ئەمەریکا ویستی هاوشان بەم هەڵمەتە کار لەسەر لابردنی ئەسەد لە پۆستەکەیدا بکات، بەڵام ئەم ئامانجەی دواییان وردە وردە سەنگ و قورسایی لەدەستدا، چونکە پێشتر ئەمەریکا پێداگیری دەکرد لەسەر ئەوەی دەبێت ئەسەد لە دەسەڵات دووربخرێتەوە، پێش ئەوەی باسی هەر ئەگەرێك بکرێت لەبارەی چارەسەرکردنەوە، بەڵام بەرپرسانی ئەمەریکا ئەو هەڵوێستەیان خاوکردەوەو رایانگەیاند لەکۆتاییدا دەبێت ئەسەد لە پۆستەکەیدا نەمێنێت، بەڵام دەتوانین هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێین بەرەو چارەسەر لە کاتێکدا کە ئەسەدیش لە دەسەڵاتدایە. کەواتە ئەولەوییەتی سەرەکیی ئەمەریکا تێکشکاندنی داعشە، بەڵام گۆڕینی ئەسەد بە حکومەتێکی دیکە بۆتە ئامانجێکی لاوەکی.

*** دوای ئازادکردنی موسڵ لە دەستی داعش دەبێت پرۆسەیەکی سیاسی دەست پێبکات بۆ دووبارە رێکخستنەوەی عێراق بۆ ئەوەی شەڕێکی دیکەی ناوخۆیی لە نێوان شیعە و سوننەدا دروست نەبێت، سەبارەت بە عێراقی ئایندە زۆر لە چاودێران پێیانوایە ئەگەر کوردستان لە عێراقدا جیا ببێتەوەو ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، ئەوا کێشەی شیعەو سوننە لە عێراقدا ئاسانتر چارەسەر دەبێت، ئایا دەکرێت بڵێین سەربەخۆیی کوردستان بۆ سەقامگیری ناوچەکە هۆکارێکی گرنگ دەبێت؟**

- لە راستیدا قورسە بتوانین ئەمە یەکلابکەینەوە. بەڵام ئەگەر دەوڵەتە دراوسێکان عاقڵانە رەفتار بکەن ئەوا بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لەلایەن کوردەوە دەبێتە پەرەسەندنێکی سوودبەخش، بەڵام کێشەکە ئەوەیە متمانە بەوە ناکرێت کە حکومەتی بەغدا و ئەنقەرە عەقڵانیانە هەڵسوکەوت بکەن. هەروەها من زۆر گەشبین نییم بە مانەوەی عێراق بە یەکپارچەیی لە مەودای دووردا، چونکە تەنانەت ئەگەر کوردستانیش سەربەخۆ بێت، ئەوا دابەشبوونێکی دیکە عێراق دەگرێتەوە لە نێوان ئەو ناوچەیەی شیعە تێیدا زۆرینەیە لەگەڵ ئەو ناوچەیەی سوننە تێیدا زۆرینەیە، لەبەر ئەوە من زۆر گەشبین نیم بەوەی عێراق لە مەودای مامناوەندو دووردا وەك وڵاتێکی یەکگرتوو بمێنێتەوە، ئەمەش وامان لێدەکات لەوە تێبگەین کە بۆچی کورد دەیەوێت نەبێتە بەشێك لەو دۆخە پڕ لە پشێوی و زۆر مەترسیدارە.

**باشترین سیناریۆ کە بێتەئاراوە ئەوەیە بە شێوەیەکی ئاشتییانە نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگۆڕدرێت، زۆرێک لەو سنوورانە لەلایەن هاوپەیمانە سەرکەوتووەکانەوە و لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە دارێژران، کە زۆرێک لەو سنوورانەش لە روانگەی ئێتنی یان ئابوورییەوە هیچ مانایەکیان نییە**

*** کەواتە ئێوە پێشبینی ئەوە دەکەن کە عێراق بە تەواوەتی لەبەریەك هەڵوەشێت، ئەو کاتەش کوردستان جگە لە بژارەی سەربەخۆیی ڕێگاچارەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نەمێنێتەوە؟**

- لە ڕاستیدا من ئومێدی ئەوە دەکەم عێراق لە پرۆسەیەکی ئارامدا بۆ سێ دەوڵەت دابەش بێت، بەڵام دەرفەتەکانی ڕوودانی ئەم ئەگەرە بە شێوەیەکی ئاشتییانە دەرفەتگەلێکی بەهێز نین، واتە ئەو سیناریۆیەی کە ئێوە ئاماژەی پێدەکەن —کە بریتیە لە دابەشبوونێکی پڕ لەتوندوتیژی- زیاتر ئەگەری ڕوودانی لێدەکرێت. ئەمەش ئەمەریکا دەخاتە دۆخێکی سەیرەوە، چونکە ئەمەریکا حکومەتی بەغدا بە حکومەتی شەرعیی هەموو عێراق لێکدەداتەوە و بە شێوەیەکی ڕەسمی پابەندە بە یەکێتی عێراقەوە، ئەمەش هاتنەئارای گۆڕانکارییەکی گەورە لە سیاسەتی ئەمەریکا دەخوازێت کە لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستاندا بێت. لە ڕاستیدا وتارێکی زۆر گرنگ هەیە کە لە "National Interest"دا بڵاوکراوەتەوە و لەلایەن یەکێك لە بیریارانی سیاسەتی دەرەوە نووسراوە —ئەمیتای ئیتزیۆنی- و لەگەڵ ئەوەدایە ئەمەریکا پشتیوانی کوردستانی سەربەخۆ بکات، کەواتە لە ناوەندەکانی ئەمەریکادا ئەو هەستە کەڵکە دەبێت بۆ گرتنەبەری ئەو سیاسەتە، بەڵام ئەوە تێڕوانینی ڕەسمی ئەمەریکایە کە نەگۆڕاوە. من نازانم سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ چی دەبێت لەم ڕووەوە، بەڵام ئەگەرێکی باش هەیە کە گۆڕانکاری ڕووبدات لە پێوەندی بەم پرسەوە.

*** ئەی پێتوانییە کە ئەگەری ئەوە لەئارادا بێت کە کوردستان بتوانێت لە ڕێگەی گفتوگۆوە لەگەڵ عێراقدا پرسی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی یەکلابکاتەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە من ئومێد دەکەم بەو شێوەیە ڕووبدات، لەبەر ئەوە بەدیلەکە مایەی کێشەیەکی زۆر دەبێت بۆ هەردوولا.

*** ئێستا کوردستان تەنیا شوێنێکە لەم ناوچەیەدا کە ژینگەیەکی لێبووردەیی و پێکەوەژیانی بۆ ئایین و پێکهاتە جیاوازەکان لە نێوان کریستیان و موسڵمان و ئێزیدی و نەتەوەکانی دیکە دروست کردووە، ئایا تا چەند گرنگە ژینگەی لێبووردەیی و پێکەوەژیانی کوردستان پارێزگاری لێ بکرێت بۆ ئەوەی ببێتە نموونەیەکی بەرچاو لە ناوچەکەدا؟**

- ئەمە ئەرکێکی گەورەیە کە تا ئێستا هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کاریان لەسەر کردووە، بەڵام ئەرکە قورسەکە ئەوەیە بەردەوامی پێبدرێت و درێژەی پێبدرێت. چونکە ئێمە بارودۆخی دیکەمان لە وڵاتانی دیکەدا بینی کە لە سەرەتادا و بۆ چەند ساڵێك پەرەسەندنی ئیجابی ڕوویدا، بەڵام دواتر بارودۆخی نەخوازراو ڕوویاندا، واتە ئەوەی چاوەڕوان دەکرا ببێتە مۆدێلێك بە دۆخێکی زۆر سلبی کۆتایی هات. من لەبیرمە ١٥ ساڵ پێش ئێستا گەشبینییەکی زۆر هەبوو بەوەی ڕووسیا ببێتە وڵاتێکی دیموکراسی هاوشێوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا، بەڵام لەم ساتەوەختەدا ئەو ئومێدە زۆر دوورە لەوەی بێتەدی.

*** ئایا بە تێڕوانینی ئێوە دژوارترین تەحەددی و بەربەستی بەردەم کورد چییە بۆ ئەوەی بتوانێت خەونی نەتەوەیی خۆی بەدەست بێنێت کە ئەویش بریتییە لە سەربەخۆیی و بەدەستهێنانی دەوڵەت؟**

- ئەمە تەحەددییەکی گەورەیە، یەکەم شت کە من خوازیاری ئەوەم ببینم بریتییە لە دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی کە باکووری سووریا و باکووری عێراق لەخۆ بگرێت، ئەمە سەرەتایەکی باش دەبێت. بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئایا پێوەندی ئەم دەوڵەتە بە کوردی تورکیاوە چی دەبێت، چونکە تورکیا تا کۆتایی شەڕ دەکات لەپێناو ئەوەی خاکی وڵاتەکەی لە دەست نەدات و لەبەرامبەر ئەوەی سنووری هەرێمە کوردییەکە بۆ نێو وڵاتەکەی درێژ نەبێتەوە، من نازانم چۆن دەتوانن زاڵبن بەسەر ئەمەدا. لەبەر ئەوەی حکومەتی تورکیا و خەڵکی تورکیا ئەمە بە هەڕەشەیەکی وجوودی دادەنێن لەسەر بوونی دەوڵەتی تورکیا، کەواتە ئەگەر ئەمە حاڵەتەکە بێت، ئەوا هێشتا دابەشبوونێك لە ئارادا دەبێت لە نێوان دەوڵەتە کوردییە تازە دامەزراوەکەو دانیشتووانی کوردی نێو سنووری تورکیا، کە وەك کەمینە لەو وڵاتەدا دەمێننەوە، ئەمە کێشەیەکی زۆر دژوارە کە دەبێت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و منیش وەڵامی باشم نییە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کێشەیەدا.

*** لە ئێستادا پێشمەرگە سەلماندی ئەو هێزە کاریگەرەیە کە دەتوانێت تیرۆریستانی داعش تێکبشکێنێت، بۆیە لەسەر هەموو ئاستێك ئەم هێزە پێویستی بە پشتگیری زیاترو چەکی زیاتر هەیە، ئایا تا چەند گرنگە پێشمەرگە مەشق و ڕاهێنانی**

**گەشبین نیم بەوەی عێراق لە مەودای مامناوەندو دووردا وەک وڵاتێکی یەکگرتوو بمێنێتەوە، ئەمەش وامان لێدەکات لەوە تێبگەین کە بۆچی کورد دەیەوێت نەبێتە بەشێک لەو دۆخە پڕ لە پشێوی و زۆر مەترسیدارە**

**هەمیشە هەوڵدراوە لایەنە کوردییەکان لەبەشداریکردن لەو گفتوگۆیانە دووربخرێنەوە کە ناوبەناو لەبارەی شەڕی ناوخۆیی سووریاوە ئەنجام دەدرێن، ئەمەش کارێکی ناعەقڵانییە، چونکە ئەوان بەشێکی گرنگن لەوەی لە سووریادا دەگوزەرێت**

**زیاتری پێبکرێت و چەکی قورسی زیاتری بۆ دابین بکرێت؟**

- بە دڵنیاییەوە چەند ساڵێکە پەنتاگۆن لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم کارە بکرێت، ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی بکەوێتە جیاوازییەوە لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کە ئەوساو ئێستاشی لەگەڵدا بێت پابەندە بە عێراقێکی یەکگرتووەوە. ئێستاش کە ئیدارەی ترەمپ دەستبەکاربووە دەبێت ببینین ئایا ئەو سیاسەتە گۆڕانکاری بەسەردا دێت و ئایا سیاسەتەکانی پتر دۆستانە دەبن لە ئاست کوردستانداو ئایا دەیەوێت چەك بە پێشمەرگە بدات؟ بەڵام ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی دژایەتی حکومەتی بەغداو حکومەتی ئەنقەرەی لێبکەوێتەوە. کەواتە ئەمە مەسەلەیەکی زۆر هەستیارە بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا، ئەگەرچی ئەگەر لە روانگەیەکی ستراتیژییەوە لە مەسەلەکە بڕوانین ئەوا ئەگەر بێتو چەك و راهێنانی زیاتر بە پێشمەرگە بکرێت، ئەوا پێشمەرگە بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هێزێکی کارایە، دەتوانێت رۆڵێکی بەهێزتر ببینێت لە شەڕی دژ بە توندڕەوەکان لە ناوچەکەدا بەگشتی.

*** ئایا پێشبینی دەکەن چەك و هاوکاری سەربازی بە شێوەیەکی راستەوخۆ بۆ هێزی پێشمەرگە دەستەبەر بکرێت؟**

- من لەمە دڵنیانیم، لە سایەی ئیدارەی ئۆبامادا ئەوە راگەیەندرا کە هەر هاوکارییەك کە دەستەبەر دەکرێت، هاوکارییەکی سنووردار دەبێت. هەروەها زۆر زەحمەتە بزانین ئیدارەی ترەمپ چ هەڵوێستێکی دەبێت لەم رووەوە و لە راستیدا زۆر زەحمەتە پێشبینی هیچ سیاسەت و هەڵوێستێکی بکرێت، کە بە دڵنیاییەوە لە پێوەندی بەم پرسەشەوە ئەوا نزیکە بڵێم مەحاڵە بتوانین ئەم پێشبینییە بکەین.

*** بەم دواییە ژاپۆن کۆنسوڵگەری خۆی لە هەولێر کردەوە، بە هەمان شێوە باس لەوە دەکرێت کە ئەمەریکا گەورەترین کۆنسوڵگەری خۆی لە هەولێر دەکاتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا گرنگی ئەم هەنگاوانە چین؟**

- پێموایە ئەوانە هەنگاوی سەرەتایین لەلایەن ژاپۆن و ئەوانی دیکەوەو لە چوارچێوەی خۆئامادەکردنایە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پەرەسەندنەکاندا ئەگەر هاتوو بە ئاراستەی سەربەخۆیی کوردستاندا بوون، واتە بۆ ئەوەی لە رووی دیپلۆماسی و ئابوورییەوە لە پێگەیەکی باشدا بن کە مامەڵە لەگەڵ ئەو ئەگەرەدا بکەن ئەگەر هاتوو هاتەئاراوە، بەڵام مەرج نییە ئەمانە ئاماژەبن بۆ بوونی پابەندبوونێکی بەهێز، بەڵام ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە ئەوان متمانەیان بەوە نەماوە عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، هەروەها دەرفەتگەلێکی ئابووری زۆر لە کوردستانی عێراقدا بەدی دەکەن و کار بۆ ئەوە دەکەن کە لە پێگەیەکی باشدابن بۆ ئەوەی سوود لەو دەرفەتانە وەربگرن.

*** پێشبینیەکانتان بۆ داهاتووی ناوچەکە چییە و پێتوایە باشترین سیناریۆ کە رووبدات چییە؟**

- لە راستیدا باشترین سیناریۆ کە بێتەئاراوە ئەوەیە بە شێوەیەکی ئاشتییانە نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگۆڕدرێت، زۆرێك لەو سنوورانە لەلایەن هاوپەیمانە سەرکەوتووەکانەوە و لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە داڕێژران، کە زۆرێك لەو سنوورانەش لە روانگەی ئیتنی یان ئابوورییەوە هیچ مانایەکیان نییە. بۆ نموونە، وەك ئەوەی لە حاڵەتی عێراقدا بەدی دەکەین، کە سێ پێکهاتەی ئیتنی و ئاینیی جیاوازن هەن کە خاوەنی ئەجێندای خۆیانن و دەبێت دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەبێت، کەچی لە دژی ئیرادەی خۆیان خزێنراونەتە چوارچێوەی یەك دەوڵەتەوە. هەروەها قەوارەی دیکەش هەن کە ئەم بارە ناسروشتییەیان تێدایە یاخود قەوارەگەلێکی دەستکردن. هەر ئەمەش وامان لێدەکات تێبگەین بۆچی ئەو هەموو بزووتنەوەیە هەبوون کە هەوڵی دووبارە داڕشتنەوەی سنوورەکانیان داوە. کە بەداخەوە ئەو هەوڵانەش توندوتیژی لەخۆ گرتووە، کە ئومێدی ئەوە دەکرێت دۆخێك بێتە پێشەوە کە بژارەی ئەوە هەبێت لە رێگەی گفتوگۆی ئاشتییانەوە ئەو کارە ئەنجام بدرێت. من گەشبین نیم لەم رووەوە، بەڵام ئەوە کارێکی لۆجیکی و سوودبەخشە بۆ هەموو لایەنە پێوەندیدارەکان، چونکە درێژەکێشانی ئەم توندوتیژییانە لە بەرژەوەندی کەس نییە.

*** ئەی خراپترین سیناریۆ چییە کە ئەگەری ئەوە هەیە رووبدات؟**

- خراپترین سیناریۆ ئەوەیە کە ئەو ناسەقامگیری و توندوتیژییەی لە ماوەی چەند دەیەی رابردوودا روویانداوە، زیاتر هەڵکشێن و پێموایە مەترسییەکی گەورەش لەم رووەوە هەیە.

**پێویستە ئێمە پشتیوانی هێنانەئارای سیستمێکی بە نامەرکەزی بکەین لە سووریادا، رەنگە ئەمەش ئاستێکی باڵای خۆبەڕێوەبەری بۆ کوردی ئەو وڵاتە لەخۆ بگرێت**

**رەنگە لاوازکردنی داعش تاکە پەرەسەندنێکی گرنگ بێت کە بتوانین وەک پێشهاتێکی ئیجابی لێکی بدەینەوە. هەروەها سەقامگیری کوردستانیش ئاماژەیەکی ئیجابییە، بەڵام سێبەری پەرەسەندنە سلبییەکانی بەسەرەوەیە**



### لە گوتاری دەستبەکاربوونیدا
### وەک ٤٥ـەمین سەرۆکی ئەمریکا

# ترەمپ شکۆی ئەمەریکای
# لە دەوڵەتی بەهێزدا پێناسە کردەوە





« – ئەمڕۆ ئێمە تەنیا پرۆسەی گواستنەوەی دەسەڵات لەنێوان حزبێک بۆ حزبێکی دیکە، یان لەنێوان ئیدارەیەک بۆ ئیدارەیەکی دیکە ئەنجام نادەین. بەڵکو ئێمە دەسەڵات لە واشنتۆنی پایتەختەوە دەگوازینەوەو دەیگێڕینەوە بۆ گەلی ئەمریکا.

– لە ئەمڕۆ بەدواوە دیدێکی تازە بڕیار لە وڵاتەکەماندا دەدات، لە ئێستا بەدواوە دەبێت ئەمریکا یەکەم بێت، هەر بڕیارێک سەبارەت بە بازرگانی و باج و کۆچبەری و کاروباری دەرەوە بدرێت، دەبێت بۆ بەرژەوەندی کرێکار و خێزانە ئەمریکییەکان بێت.

– ئێمە شێوازی ژیانی خۆمان بەسەر هیچ کەسێکدا ناسەپێنین، بەڵام هەوڵدەدەین شێوازی ژیانی خۆمان بە ئاستێک درەوشاوە بکەین کە هەموو لایەک ئومێدی بۆ بخوازن.

– لە ئێستا بەدواوە قبووڵی ناکەین سیاسەتمەدران قسەبکەن و کرداریان نەبێت، بەردەوام گلەیی بکەن و هیچ کارێک نەکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، سەردەمی گوتەی بێ مانا کۆتایی هات و زەنگی کاتژمێری کارکردن لێدرا، ڕێگەنادەین بە هیچ کەسێک کە پێتان بڵێت ئەمە ناکرێت.

– سەرلەنوێ هەستکردنەوە بە شانازیی نیشتمانی دەبێتە بزوێنەری گیانمان و چارەسەری دابەشبوون و لێکترازانەکانمان.»

● دۆناڵد ترەمپ . ٤٥ەمین سەرۆکی ئەمریکا ــ ٢٠١٧/١/٢٠

## ● گوتاری دەستبەکاربوونی ترەمپ و خستنەڕووی سیماکانی دەوڵەتی هاوچەرخی بەهێز

دۆناڵد ترەمپ لە گوتاری دەستبەکاربوونی وەك سەرۆکی ٤٥ەمینی ئەمریکا، تەنیا سوپاسی سەرۆك ئۆبامای کرد کە لەماوەی نێوان ٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦ تا ٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧ زۆر بە ڕێکوپێکی هاوکار بووە بۆ گواستنەوەی ئاشتییانەی دەسەڵات، بێجگە لەمە بە هیچ جۆرێك ئاماژەی بە ڕۆڵی هیچ سەرۆکێکی دیکەی ئەمریکا نەکرد بەو سەرۆکانەشی کە بە هاوشێوەی جۆرج واشنتۆن و تۆماس جیفرسۆن نازناوی باوکانی دامەزرێنەری کۆماری ئەمریکایان پێبەخشراوە. ئەم پشتگوێخستنەش کارێکی هەروا لەخۆڕا، یان مەزاجی شەخسیی دۆناڵد ترەمپ نەبوو، بەڵکو جەختکردنەوە بوو لەسەر ئەوەی کە ئەمریکا هەموو سیفەتەکانی دەوڵەتی هاوچەرخی بەهێزی لەدەست داوەو بۆتە دەوڵەتی دەستەبژێری سیاسی (neo patrimonial state) کە هیچ پێناسەیەکی (ماکس ڤێبەر)ی بۆ دەوڵەتی هاوچەرخ بەسەردا جێبەجێ نابێت و سیستمی سیاسیی ئەمریکا تووشی حاڵەتێکی لەبەریەك هەڵوەشانی سیاسی (Political Decay) بۆتەوەو دەبێت لەمڕۆوە قۆناخێکی تازە دەستپێبکات کە ئەویش قۆناخی ڕاگواستە لە دەوڵەتی دەستەبژێری سیاسییەوە بۆ دەوڵەتی هاوچەرخ (modern state).

لەم ڕوانگەیەوە دیدوتێڕوانینی ترەمپ و کرۆکی تێڕوانینی پارتی کۆماری بۆ ئایندەی ئەمریکا، لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت، کە چیدیکە ناکرێت دۆناڵد ترەمپ خۆی بە درێژەپێدەری شێوازی سەرۆکایەتیی سەرۆکەکانی پێش خۆی سەرقاڵ بکات، بەڵکو دەبێت بە گەڕانەوەی بۆ بەیانی سەربەخۆیی و دەستووری ئەمریکا، جارێکی دیکە قۆناخێکی دیکەی ڕاگواستن بۆ دووبارە دروستکردنەوەی ئەمریکا وەك ئەمریکایەکی مەزن دەستپێبکاتەوە.

خاڵی هەرە گرنگ لە گوتاری دەستبەکاربوونی ترەمپ ئەو خاڵەیە کە لەدەستپێکدا ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: (ئەمڕۆ ئێمە تەنیا پرۆسەی گواستنەوەی دەسەڵات لە حزبێکەوە بۆ حزبێکی دیکە، یان لە ئیدارەیەکەوە بۆ ئیدارەیەکی دیکە ئەنجام نادەین، بەڵکو پرۆسەی گواستنەوەی

دەسەڵات لە واشنتۆنەوە بۆ گەلی ئەمریکا ئەنجام دەدەین).

ئەگەر هەڵوەستەیەکی راشکاوانە لەسەر ئەم گوتانەی ترەمپ بکەین، تێدەگەین کە ئەو سیستەمە سیاسییەی لە نەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە لە واشنتۆن حوکمڕانی دەکات، دووچاری سێ پەتای گەورە بۆوە کە بریتین لە:

١. جەمسەرگیریی حزبایەتی لەنێوان دیموکراتی و کۆمارییەکان، ئەم نەخۆشییە کە نەتوانراوە لەماوەی حەوت ئیدارەی یەك بەدوای (بوشی باوك، کلینتۆن، بوشی کوڕ، ئۆباما) چارەسەر بکرێت، بۆتە هۆکاری ئەوەی هەردوو حزب هێندەی خەریکی ئەجینداى حزبی خۆیان بن، هێندە خەریکی وەڵامدانەوەی خواست و دواکاری و خەمەکانی خەڵکی نەبوون، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی بۆشاییەك لەنێوان خەڵك و هەردوو حزبەکە دروست بێت و، حوکمڕانیی سیستمی سیاسیی ئەمریکای گۆڕیوە بۆ حوکمڕانیی دەستە بژێری سیاسی، نەك خەڵك.

٢. دروستبوونی هاوپەیمانییەکی بەهێز لە نێوان کۆنگرێسمان و سیناتۆرەکان لەگەڵ گروپەکانی بەرژەوەندی، کۆمپانیاکان، بانکەکان، ئەمەش بەو مانایەی کونگرێسمان و سیناتۆرەکان هێندەی نوێنەرایەتی کەمینەی خاوەن بەرژەوەندی و دەوڵەمەندەکانیان کردووە، هێندە نوێنەرایەتی خەڵکیان نەکردووە، بۆیە کاتێك کۆنگرێسمان، یان ئەندام پەرلەمان شکست دەهێنێت لە نوێنەرایەتیکردنی خەڵك، ئەوا سیستمی سیاسی رووبەڕووی لەبەریەك هەڵوەشانی سیاسی دەکاتەوە و دیموکراتی دەخاتە گومان و پرسیارەوە.

٣. لە سیستمی سیاسیی ئەمریکادا، سیستمی (چێك و باڵانس) هەیە، ئەم سیستمە بۆ چاودێری دەسەڵات و راگرتنی هاوسەنگییە لە نێوان حکومەت و کۆنگرێس و دەسەڵاتی دادوەری، هەروەها لەم سیستمەدا گروپێکی بچکۆلە، یان لە هەندێك حاڵەتدا تەنیا سیناتۆرێك دەتوانێت ڤیتۆی بڕیارەکانی حکومەت، یان پرۆژە یاسایەك لەناو کۆنگرێسدا بکات، ئەمەش لە پێناوی ئەوە دامەزراوە کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن (حکومەت) لە ئەمریکا بەرەو سەنتراڵیزم یان دیکتاتۆریەت هەنگاو هەڵنەگرێت، بەڵام لە وەرچەرخانی سیستمی سیاسیی ئەمریکا بۆ سیستمی حوکمڕانیی دەستەبژێری حزبە سیاسییەکان، سیستمی چێك و باڵانس بەکارهێنراوە بۆ رێگرتن لەو یاسا و بڕیارانەی کە دژی بەرژەوەندیی گروپەکانی خاوەن بەرژەوەندی و دەوڵەمەند و کۆمپانیا و بانکەکانە، ئەمەش وایکردووە سیستمە سیاسییەکە دژی بەرژەوەندی خەڵکی ئەمریکا بێت.

ئەم سێ خاڵە کە هەرسێکیان ئێستا سێ دیاردەی بەرچاو و بەربڵاون لە سیستمی سیاسیی ئەمریکادا، بۆتە هۆکاری ئەوەی سیستمە سیاسیەکە کارنەکات و نەتوانێت وەڵامی خواست و داواکاری خەڵکی ئەمریکا بداتەوە، لەم حاڵەتەدا کاتێك ترەمپ لە دەستپێکدا دەڵێت، دەبێت پرۆسەی گواستنەوەی دەسەڵات لە واشنتۆنەوە بۆ خەڵك بێت، نەك تەنیا لەنێوان دوو حزب، یان دوو ئیدارە، ئەمە مانای ئەوەیە هەنگاوی یەکەمی ترەمپ ئەوەیە کە وەرچەرخانێك دروست بکات لە دەوڵەتی دەستەبژێری سیاسییەوە بۆ دەوڵەتی هاوچەرخی بەهێز.

## ● وەرچەرخان لەدەوڵەتی دەستەبژێری سیاسییەوە بۆ دەوڵەتی هاوچەرخی بەهێز

چەمکی دەوڵەتی دەستەبژێری سیاسی (neo patrimonial state) لە چەمکی من وەك شەخس خاوەنی دەوڵەتم (Patrimonial state) کە ماکس ڤێبەر ئاماژەی پێکردووە، ئەمەش بەو مانایەی پێشتر لەسەردەمی پادشا و ئەمیرەکانی ئەوروپادا ئەو دیاردەیە هەبووە کە پادشا، یان ئەمیر خۆی بەخاوەنی دەوڵەتەکە بزانێت و ئەو مافەی هەبووە لە ئاهەنگی بوکێنی کچەکەیدا شارێکی بەخەڵات پێبەخشێت، بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە زانایانی زانستی سیاسەت چەمکی دەوڵەتی (دەستەبژێری سیاسی)یان دارشتووە، ئەمەش بەو مانایەی لەبری پادشا و ئەمیر، دەستەبژێری حزبە سیاسییەکان بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ دەوڵەت دەکەن وەك ئەوەی دەوڵەت تەنیا موڵکی ئەو دەستەبژێرە سیاسییە بێت و ئەو دەستەبژێرەش تەنیا وەڵامی خواست و دوای ئەو خەڵکانە دەدەنەوە کە بەرژەوەندی خۆدەوڵەمەندکردنیان لەگەڵیاندا هەیە، بەمەش کایەی سیستمی سیاسی لەکایەی پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندیی گشتی دەگۆڕێت بۆ کایەی خۆدەوڵەمەندکردنی ئەو دەستەبژێرە سیاسییە.

سەبارەت بەم دیاردەیە بەشی زۆری بیرمەندان

**وەرچەرخانی سیاسیی قووڵ نایەتەئاراوە، ئەگەر پێشتگیرییەکی گەورەی سەرۆکێکی بەهێزی لەپشتەوە نەبێت، هەر بۆیە دوای سەرۆکە بەهێزەکانی هاوشێوەی رۆزفەلت و وۆردرۆ ویلسن هاتنە دەسەڵات، بایەخی گەورەیان بەم ریفۆرمە سیاسییە داو توانییان دیموکراتییەتی ئەمریکا راست بکەنەوە**

**دیموکراتی ئەمریکا لەبری ئەوەی وەڵامدەرەوەی خواستی خەڵک بێت، بۆتە وەڵامدەرەوە بۆ خواستی گروپەکانی بەرژەوەندی و خاوەن پارە، لەم چوارچێوەیەشدا سیستمە سیاسییەکە نوێنەرایەتی هەموو خەڵک ناکات، هەر بۆیە بەشی زۆری خەڵکی ئەمریکا گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە سیستمی سیاسیی ئەمریکا دژی بەرژەوەندی گشتیی خەڵک کاردەکات**

«لەساڵی ١٩٢٨ ئەندریۆ جاکسۆن بە دروستکردنی سیاسەتی مەحسوبییەت و گۆڕینەوەی دەنگ بەرامبەر پلەو پۆست، لەچوارچێوەی سیستمی مەحسوبییەت (clientelism) پۆپۆلیزمی کردە دیاردە لە سیستمی ئەمریکادا، ئەم دیاردەیە هەتا ساڵی ١٨٨٠ بەردەوام بوو، بەڵام دوای ئەم دیاردەیەو دوای ئەوەی هێڵی شەمەندەفەر دروستکراوە کە بۆ ئەو سەردەمە وەک ئەنتەرنێتی ئێستا وابوو، توانی جارێکی دیکە سەرتاسەری وڵات پێکەوە گرێبداتەوەو ئەو جووتیارانەی لەسەرانسەری وڵات ئامانجیان ئەوە بوو شمەکەکانیان رەوانەی ئەوروپا بکەن، بە رێگەی هێڵی شەمەندەفەر بەرژەوەندی هاوبەشیان بۆ دروستبوو، بەمەش وەرچەرخانێکی گەورەی کۆمەڵایەتی دروست بوو کە زەمینەی بۆ ریفۆرمی سیاسی رەخساند و سەرکەوتوو بوو، لە ساڵی ١٨٨٢جامیس گرافیلد وەک سەرۆکی بیستەمی ئەمریکا هەڵبژێردرا، بەڵام تەنیا دوای ٣–٤ مانگ سەرۆک گرافیلد تیرۆر کرا، لەسەر ئەمە کۆنگرێس دانی بەوەدا نا کە تیرۆرکردنی سەرۆک جامیس گرافیلد قوربانی لە گۆڕنانی سیستمی مەحسوبییەت، ئەم رووداوە پێمان دەڵێت: وەرچەخانی سیاسیی قووڵ نایەتەئاراوە، ئەگەر پێشتگیرییەکی گەورەی سەرۆکێکی بەهێزی لەپشتەوە نەبێت، هەر بۆیە دوای سەرۆکە بەهێزەکانی هاوشێوەی رۆزفەلت و وۆردرۆ ویلسن هاتنە دەسەڵات، بایەخی گەورەیان بەم ریفۆرمە سیاسییە داو توانییان دیموکراتییەتی ئەمریکا راست بکەنەوە.

لێرەوە کە باسی ئێستای سیستمی سیاسیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکەین، ناگەڕێینەوە بۆ سیستمی مەحسوبییەتی (clientelism) سەدەی نوزدەهەم، بەڵکو دەگەڕێینەوە بۆ شێوەیەکی لەبەریەک هەڵوەشانی سیاسی (Political Decay) کە لەواقیعدا وایکردووە دیموکراتی لەئەداکردنی ئەرکەکانی شکست بهێنێت. بە بۆچوونی ئێمە ئەم دیاردەی لەبەریەک هەڵوەشانی سیاسییە چەند هۆکارێک لەخۆی دەگرێت، لەوانە:

١. جەمسەرگیری لەنێوان پارتی کۆماری دیموکراتی

بە درێژایی بەشی هەرە زۆری ساڵانی سەدەی بیستەم جۆرێک لە پرانسیپ هەردوو پارتەکەی پێکەوە کۆدەکردەوە، بەڵام لەدوای رووخانی دیواری بەرلین و لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە هەردوو پارتەکە زیاتر لێک دوورکەوتوونەتەوە و دەکرێت بڵێین لە ئێستادا هیچ پرانسیپێکی هاوبەش لە نێوان هەردوو پارتی کۆماری و دیموکراتی بوونی نییەو بوونە هاوشێوەی حزبە ئایدیۆلۆژییەکانی پەرلەمانەکانی ئەوروپا.

٢. بوونی هاوپەیمانییەکی بەهێز لەنێوان گروپەکانی بەرژەوەندی و خاوەن پارە و تایبەتمەند و رۆژنامەنووسانی جیهانی دەڵێن، ژینگەی کارکردنی ناو کۆنگرێس لە ئەمریکا لەدەیەی رابردوو گەیشتبووە ئەو ئاستەی کە کۆنگرێسمان و سیناتۆرەکان هێندەی بە رێگەی ئایپادو کۆمپیوتەرەکانیان سەرقاڵی گۆڕانکارییەکانی بۆرسە و سلیکۆن ڤالی بوون، هێندە سەرقاڵی کاری رۆژانەی خۆیان نەبوون، راشکاوانەتر ئەو خەڵکانە دەڵێن کاتێك دەچیتە ناو کاپیتۆڵ هیڵ هەستت دەکرد کۆنگرێسمان و سیناتۆرەکان هێندەی بە ئامانجی خۆدەوڵەمەندکردن هاتوونەتە ناو پرۆسەی سیاسی، هێندە بۆ وەڵامدانەوەی خواستی خەڵك خۆیان تێکەڵی پرۆسەی سیاسی نەکردووە، سەبارەت بەم لایەنە بیرمەندانی سیاسی پێیانوایە، ئەم دیاردەیە بۆتە هۆکاری ئەوەی هەر کەسێك لەئەمریکا بیەوێت خۆی دەوڵەمەند بکات، باشترین رێگە ئەوەیە بێتە ناو پرۆسە سیاسییەکەوە.


سەبارەت بەدروستبوونی دەوڵەتی دەستەبژێری سیاسی و مەترسییەکانی، فرانیسس فۆکۆیاما لە میانەی زیاتر لە ٢٠٠٠ لاپەڕەی هەردوو کتێبی (بنەچەی سیستمی سیاسی و لەبەریەك هەڵوەشانی سیاسی) ئەوەمان پێدەڵێت کە وەرچەرخان لە دیکتاتۆریەتەوە بۆ دیموکراتی زۆر ئاسانترە لە وەرچەرخان لە دەستەبژێری سیاسییەوە

لەگەڵ ئەندامانی کۆنگرێس، ئەمەش وایکردووە کە دیموکراتی ئەمریکا لەبری ئەوەی وەڵامدەرەوەی خواستی خەڵک بێت، بۆتە وەڵامدەرەوە بۆ خواستی گروپەکانی بەرژەوەندی و خاوەن پارە، لەم چوارچێوەیەشدا سیستمە سیاسییەکە نوێنەرایەتی هەموو خەڵک ناکات، هەر بۆیە بەشی زۆری خەڵکی ئەمریکا گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە سیستمی سیاسیی ئەمریکا دژی بەرژەوەندی گشتیی خەڵک کاردەکات.

٣. لەسەر ئاستی دامەزراوەکان، دیارە باوکانی دامەزرێنەری کۆماری ئەمریکا، زۆر بەدگومان بوون لە سەنترالیزەکردنی دەسەڵات، بۆیە سیستمی (چێک و باڵانس) یان دامەزراندن بۆ ئەوەی دەسەڵاتی حکومەت بەرەو سەنترالیزەکردن نەچێت، ئەم سیستمە کە لە هەردوو باڵەکەی کۆنگرێس و دەسەڵاتی دادوەری پێکدێت، ئەو دەسەڵاتەیان پێدراوە کە ڤیتۆی بڕیارەکانی حکومەت بکەن، ئەگەر زانرا لەبەرژەوەندی گشتی نییە، ئەم ڤیتۆکردنەش لەلایەن گروپێکی بچووکەوە دەکرێت ئەنجام بدرێت.

بۆیە من ئەمەم ناولێناوە (ڤیتۆکراتی)، واتە حوکمڕانی بە ڕێگەی ڤیتۆکردن، یان ڕەتکردنەوەی بڕیارەکان، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا کاتێک هەر سێ خاڵەکە (جەمسەرگیری + هەڵسووڕانی دامەزراوەکان بە ڤیتۆکراتی + هاوپەیمانی نێوان سیاسەتمەدار و گروپەکانی بەرژەوەندی) پێکەوە ئەو حاڵەتەی لەبەریەک هەڵوەشانی سیستمی سیاسی (Political Decay) دروستکردووە کە بۆتە هەڕەشە لەسەر دیموکراتییەتی ئێستای ئەمریکا.

لێرەوە ئەگەر ئەو پرسیارە بکەین، ئایا دۆناڵد ترەمپ مەبەستی چییە کاتێک دەڵێت: سەرلەنوێ ئەمریکا مەزن دروست دەکەینەوە؟ بێگومان ترەمپ مەبەستی ئەوەیە کاتێک ئەمریکا بەهێز بووە کە کرێکاری سپی پێست خاوەنی کاری باش و مووچەیەکی شایستە بووە، پشتگیر بۆ سیستمە سیاسییەکە زیاتر بووە، کۆمەڵگە زیاتر یەکگرتووە بووە، بەڵام لەماوەی دوو دەیەی ڕابردوو نە کۆمارییەکان و نەدیموکراتەکان بۆ ئەم کارە هاوکار نەبوون، بۆیە ئێستا ترەمپ بە ئاراستەیەکی جیاواز هەنگاو هەڵدەگرێت.»



- فرانسیس فۆکۆیاما
- موحازەرەی: شکستی ئەدای دیموکراتی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی
- ئەکادیمیای بەرلین بۆ دیموکراتی – نیسانی ٢٠١٦

بۆ دەوڵەتی هاوچەرخی بەهێز، هۆکاری سەرەکیش بۆ ئەم مەترسییە ئەوەیە، وەرچەرخان لە سیستمی دیکاتۆرییەوە بۆ سیستمی دیموکراتی ئاشکرایە و دەکرێت بەبەرچاوڕوونی هەنگاوی بۆ هەڵبگیردرێت، بەڵام لە وەرچەرخان لەدەوڵەتی دەستەبژێری سیاسییەوە بۆ دەوڵەتی هاوچەرخی بەهێز، ئەو بەرچاوڕوونییە بوونی نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە دەوڵەتی دەستەبژێری سیاسیدا، هەموو بنەما سیاسییەکانی دیموکراتی و هەموو بنەماکانی ئابووریی بازاڕ بوونی هەیە، بەڵام ئەم پرانسیپ و بنەمایانەی کە سیستمی لیبراڵ دیموکراتی لەسەر بونیادنراوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی هاوچەرخدا، کاتێك لەلایەن دەستەبژێری سیاسییەوە بەکار دەهێندرێت بۆ پاراستنی کەمینەیەکی خاوەن بەرژەوەندی، یان کۆمپانیاکان، یان بانکەکان، ئەوا نەك هەر سیستمە دیموکراتییەکە ڕووبەڕووی مەترسییەکی گەورە دەکاتەوە، بەڵکو کۆڵەگەکانی دەوڵەتی هاوچەرخ تێکدەشکێنێت و دەوڵەت ناتوانێت پارێزەری بەرژەوەندیی هاووڵاتیان بێت، یان وەڵامدانەوەی پێویستی بۆ هەڕەشە دەرەکی و ناوخۆییەکان هەبێت.

کەواتە کاتێك باس لە مەترسییەکانی دەوڵەتی دەستەبژێری سیاسی دەکەین و وەك دەوڵەتێکی لاواز لە قەڵەم دەدرێت، ئەمەشیان جۆرێکی دیکەی

**جەمسەرگیریی حزبایەتی لەنێوان دیموکراتی و کۆمارییەکان، ئەم نەخۆشییە کە نەتوانراوە لەماوەی حەوت ئیدارەی یەک بەدوای (بوشی باوک، کلینتۆن، بۆشی کوڕ، ئۆباما) چارەسەر بکرێت، بۆتە هۆکاری ئەوەی هەردوو حزب هێندەی خەریکی ئەجینداى حزبی خۆیان بن، هێندە خەریکی وەڵامدانەوەی خواست و دواکاری و خەمەکانی خەڵکی نەبوون، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی بۆشاییەک لەنێوان خەڵک و هەردوو حزبەکە دروست بێت**

**لە سیستمی سیاسیی ئەمریکادا، سیستمی (چێک و باڵانس) هەیە، ئەم سیستمە بۆ چاودێری دەسەڵات و راگرتنی هاوسەنگییە لە نێوان حکومەت و کۆنگرێس و دەسەڵاتی دادوەری، هەروەها لەم سیستەمەدا گروپێکی بچکۆلە، یان لە هەندێک حاڵەتەدا تەنیا سیناتۆرێک دەتوانێت ڤیتۆی بڕیارەکانی حکومەت، یان پرۆژە یاسایەک لەناو کۆنگرێسدا بکات**

**وەرچەرخان لە سیستمی دیکتاتۆرییەوە بۆ سیستمی دیموکراتی ئاشکرایە و دەکرێت بەبەرچاوڕوونی هەنگاوی بۆ هەڵبگیردرێت، بەڵام لە وەرچەرخان لەدەوڵەتی دەستەبژێری سیاسییەوە بۆ دەوڵەتی هاوچەرخی بەهێز، ئەو بەرچاوڕوونییە بوونی نییە**

سەرلێتێکچوونی سیاسی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، جەدەلێکی بێزەنتی بێتامی ئەوتۆ دروست دەکات کە سەرەنجام بە کۆمەڵێك قسەی ئەوتۆ کۆتایی بێت کە کێشەکە هەر بە چارەسەرنەکراوی دەمێنێتەوە و خاڵە بەهێزەکانیش لەسەر کاغەز نمایشی خۆیان دەکەن.

سەبارەت بەم حاڵەتەدا زۆر لە بیرمەندان بۆ نموونە وەك جۆزیف نای کە هەموو ژیانی خۆی بۆ لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لەسەر هێز و شکۆی ئەمریکا تەرخان کردووە، کاتێك لە کتێبی (ئایا سەدەی ئەمریکا کۆتایی هاتووە؟) موناقەشەی ئەو بیرمەندانە دەکات کە پێیانوایە (سەدەی ئەمریکا کۆتایی هات)، پەنا بۆ هەندێك داتا دەبات کە بە راستی نیشانەی هێزی راستەقینەن لەسەر هەرسێ ئاستی (هێزی سەربازی، هێزی ئابووری، هێزی نەرم)، بەڵام ئەم سێ هێزە گەورەیە پێکەوە نەیانتوانیوە شکۆی ئەمریکا رابگرن، بەڵکو بەرەو داکشانی بردووە، نهێنیی ئەم داکشانە بە ئاستێکە کە جۆزیف نای وەڵامی پێویستی ناداتەوە، هەر بۆ نموونە کاتێك جۆزیف نای باس لە هێزی ئەمریکا دەکات لەسەر هەرسێ ئاست بەمجۆرە پیشانی جیهانی دەدات:

١. لەسەر ئاستی ئابووری هەتا ئێستاش ئەمریکا خاوەنی ٢٠٪ی هەموو ئابووریی جیهانە، ئەمەش بەو مانایە هێشتا زووە دەوڵەتێکی دیکە دروست بێت کە بتوانێت لە رووی ئابوورییەوە شان لە شانی ئەمریکا بدات.

٢. لە رووی هێزی سەربازییەوە هیچ هێزێك نییە هاوتای هێزی سەربازی ئەمریکا بێت، ئەمریکا نەك هەر توانای ئەوەی هەیە خۆی بپارێزێت، بەڵکو توانای ئەوەی هەیە لە رووی سەربازییەوە سەرکردایەتی جیهان بکات.

٣. لەسەر ئاستی هێزی نەرم، ئەمریکا پلەی یەکەمە لەسەر ئاستی هەموو جیهان، ئەمە لە کاتێکدا چین کە خۆی بە مونافیسی ئەمریکا دەزانێت، پلەی ٢٨ی هەیە، لەسەر ئاستی ٢٠ باشترین زانکۆ لە جیهاندا، ١٦ زانکۆیان ئەمریکین و.. هتد.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم داتایانەی بیرمەندێکی وەك جۆزیف نای سەبارەت بە هێزی ئەمریکا لەسەر هەرسێ ئاستی (سەربازی و ئابووری و نەرم) خستوویەتەڕوو، جێگەی گومانن؟ بێگومان نەخێر، بەڵام ئایا ئەم سێ هێزە پێکەوە توانیویانە شکۆی ئەمریکا بپارێزێت و داهاتی ساڵانەی تاکەکەس بەردەوام لە هەڵکشان بێت و خەڵك خاوەنی کاری شایستە بێت و رێگری لە فیکری توندڕەوی و کوشتن بکات؟

سەبارەت بەم لایەنە داتاکان شتێکی دیکە پیشان دەدەن کە پێچەوانەی ژیان و گوزەرانە لە دەوڵەتێکی هاوچەرخی بەهێزدا، هەر ئەمەش وایکردووە کاتێك دۆناڵد ترەمپ دەڵێت: «سەرلەنوێ ئەمریکایەکی بەهێز بونیاد دەنێینەوە.» بەشی هەرە زۆری دیپلۆمات و توێژەرەکانی ئەمریکا ئەو پرسیارە دەکەن: ئایا ئەمریکا لەچ سەردەمێکدا لاواز بووە هەتا ترەمپ دووبارە ئەمریکای مەزن بونیاد بنێتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە پەیوەستە بەو نەخۆشییەی فۆکۆیاما دەستنیشانی کردووەو ناوی لێناوە (لەبەریەك هەڵوەشانی سیاسی)، ئەمەش بەو مانایەی کاتێك جەمسەرەکانی هێز ناتوانن پێکەوە کارلێك بکەن و هێزێکی راستەقینەی گەورە دروست بکەن، ئەوا چەند ئەو دەوڵەتە بەهێز بێت، بەرەو لەبەریەك هەڵوەشانی سیاسی هەنگاو هەڵدەگرێت.

کەواتە ئامانجی ترەمپ لە دووبارە بونیادنانەوەی ئەمریکای مەزن، بریتییە لە وەرچەرخان لەم دەوڵەتەی ئێستای ئەمریکا کە بۆتە دەوڵەتی دەستەبژێری سیاسی بۆ دەوڵەتی هاوچەرخی بەهێز، مەبەستیش لە دەوڵەتی هاوچەرخی بەهێز بریتیە لە:

- لە دەوڵەتی هاوچەرخی بەهێزدا، دەوڵەت شەرعییەتی دروستکردنی هێز و بەکارهێنانی هێزی هەیە بۆ پاراستنی خاکەکەی لە هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان و پرۆسەی سیاسی لەخوار شەرعییەتدان بەم مافەی دەوڵەت دەست پێدەکات.
- لەدەوڵەتی هاوچەرخی بەهێزدا، سەروەریی یاسا بەمانای (rule of low) بوونی هەیە و سنووری بەکارهێنانی ئەو هێزە لەلایەن دەوڵەتەوە دیاری دەکات، بەڵام لە دەوڵەتی دیکتاتۆری یان ئەسۆریتاریانیزم بۆ نموونە وەك چین حوکمڕانی بە یاسا بەمانای (rule by low) بوونی هەیە، لەم حاڵەتەدا یاسا ئامێرێك دەبێت بەدەست حکومەتەوەو خەڵك دەبێت جێبەجێی بکات، بەڵام هیچ یاسایەك بوونی نابێت لێپرسینەوە لەگەڵ حکومەت بکات.
- هێڵێك بەرژەوەندیی گشتی لە بەرژەوەندیی

تاکەکەس یان دەستەبژێرێکی سیاسی، یان خاوەن بەرژەوەندی تایبەت جیادەکاتەوە، راشکاوانەتر هەتا ئەم هێڵە لەنێوان بەرژەوەندی گشتیی خەڵك و بەرژەوەندی دەستەبژێری سیاسی دروست نەکرێت، ناتوانرێت پێناسەی گەندەڵیی سیاسی بکرێت و ناتوانرێت هەنگاو بۆ ریفۆرمی سیاسی هەڵبگیرێت، ناتوانرێت بیر لە چارەسەرکردن، یان رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی لە هیچ وڵاتێکدا گەندەڵی نابێتە پەتایەکی ترسناکی کۆمەڵایەتی، ئەگەر لەناو ژینگەی گەندەڵیی سیاسیدا گەشە نەکات، هەر وڵاتێکیش بیەوێت بەگژ گەندەڵیدا بچێتەوە دەبێت لە بنبڕکردنی گەندەڵیی سیاسییەوە دەست پێبکات، بۆ ئەمەش ئەمریکا باشترین نموونەیە، لەگەڵ ئەوەی لەهەموو بوارەکانی سەرچاوەی هێز رکابەری نییە، بەڵام سیستمە سیاسییەکەی توانای وەڵامدانەوەی خواستی خەڵکی نییە.

● لەدەوڵەتی هاوچەرخدا دامەزراوەکان توانای هەڵسووڕاندنیان بۆ بەرژەوەندی خەڵك چالاکە، دیاردەی رۆتین و بیرۆکراسی کەمە، بەڵام لەدەوڵەتی دەستەبژێری سیاسیدا، دامەزراوەکان لاواز دەبن و رۆتین و بیرۆکراتی زیاد دەکات.

ئەم پرۆسەیە کە دەوڵەتی هاوچەخ وەك دەوڵەتێکی بەهێز و چالاك هەڵدەسووڕێنێت، ئەگەر هەر یەکێك لەو کۆڵەگانە دووچاری شکست، یان لاوازی بێت، پێناسەی دەوڵەتی هاوچەرخ دەخاتە مەترسییەوە، هەر بۆ نموونە ئەگەر دەوڵەت توانای دروستکردنی هێز و بەکارهێنانی هێزی نەبێت بۆ پاراستنی خاکەکەی لە هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، ئەوا ئەگەر هەموو کۆڵەگەکانی دیکەی دەوڵەتی هاوچەرخ لەو دەوڵەتەدا بوونی هەبێت، دەوڵەتێکی وەك ئەفغانستان و عێراق و سوریا و نەیجیریا بەرهەم دێت کە نەك هەر هەڕەشەیە بۆ سەر هاووڵاتیانی، بەڵکو دەبێتە هەڕەشە بۆسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهانیش، بەڵام ئەگەر دەوڵەت بەهێز بێت، بەڵام سەروەریی یاسا بوونی نەبێت، یان بگۆڕێت بۆ حوکمڕانی بەیاسا، ئەوا لەم حاڵەتەدا دەوڵەتی هاوشێوەی چین و رووسیا و ئێران و فەنزویلا بەرهەم دێت، ئەمەش بەو مانایەی راستە دەوڵەتەکە بەهێزە، بەڵام رێزگرتن لە دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤ بوونی نییە. بەڵام ئەگەر دەوڵەت بەهێز بێت و سەروەریی یاساش بوونی هەبێت، بەڵام دامەزراوەکان بۆ بەرژوەندی خەڵکی هەڵنەسووڕان، ئەوا سسیتمی ئێستای سیاسیی ئەمریکا دروست دەبێت کە سیستمێکی لاوازەو دۆناڵد ترەمپ هەوڵدەدات سەرلەنوێ ئەمریکایەکی بەهێز دروست بکاتەوە.

**● کوردستان لەنێو ئەم ئاراستە تازەیەی سیاسەت و ستراتیژیەتی ئیدارەی ئەمریکادا**

دۆناڵد ترەمپ لە گوتاری دەستبەکاربوونی وەك سەرۆکی ئەمریکا، راستییەکی پیشانی جیهاندا، ئەو راستییەش ئەوەیە کە (ترەمپ وەك کاندید، ترەمپ وەك سەرۆکی هەڵبژێراو، ترەمپ وەك سەرۆك) هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە، ئەوەی لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بانگەشەی بۆ کرد لە سەرۆکایەتی جێبەجێی دەکات، هەروەك چۆن یەکەمین کاری دوای سوێندخواردنی وەك سەرۆك و خوێندنەوەی گوتاری دەست بەکاربوونی، رەتکردنەوەی یاسای چاودێری تەندروستی بوو کە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ناوی لێنابوو چاودێری ئۆباما، یان (0bama care)، بەم هەنگاوەشی ئەو ناسنامەی لە خۆی داماڵی کە پێاندەگوت (سەرۆکێکی پۆپۆلیستە)، ئەمەش لەبەر ئەوەیە سەرکردە پۆپۆلیستەکان لە هەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ کۆکردنەوەی دەنگ کۆمەڵێك دروشم بەرزدەکەنەوە، بەڵام کە گەیشتنە دەسەڵات توانای جێبەجێکردنیان نییە، بەڵام کاتێك ترەمپ تەنیا چەند خولەکێك لە بوونی بە سەرۆکی ئەمریکا، یەکێك لە بەڵێنەکانی خۆی جێبەجێ بکات، ئەمە مانای ئەوەیە ئەوەی لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بانگەشەی بۆ کردووە، هەوڵدەدات جێبەجێیان بکات.

کەواتە گرنگە لە تێڕوانینی ترەمپەوە مانای (بەهیزیی ئەمریکا) بخوێنینەوە، ئەمەش بەو مانایەی ئایا کاتێك ترەمپ دەڵێت: دەبێت ئەمریکا بە بەهێزی دروست بکەینەوە. ئایا مەبەستی ئەوەیە بگەڕێتەوە بۆ گۆشەگیریی سەردەمی مونرۆ، یان دەیەوێت وەك وۆرد ویلسن لە جەنگی یەکەمی جیهان و تیۆدۆر رۆزفەلەت لە جەنگی دووەمی جیهان بێتەوە ناو کێشە جیهانییەکان و ئەمیش وەك ولسن و رۆزفەڵەت، شەڕی جیهانی دژی تیرۆر بباتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە یەکێك لە دروشمەکانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی ترەمپ دەیداتەوە، کاتێ گوتی: (کشانەوەی هێزەکانی

**دەستەبژێریی حزبە سیاسییەکان بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ دەوڵەت دەکەن وەک ئەوەی دەوڵەت تەنیا موڵکی ئەو دەستەبژێرە سیاسییە بێت و ئەو دەستەبژێرەش تەنیا وەڵامی خواست و دوای ئەو خەڵکانە دەدەنەوە کە بەرژەوەندی خۆدەوڵەمەندکردنیان لەگەڵیاندا هەیە، بەمەش کایەی سیستمی سیاسی لەکایەی پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندیی گشتی دەگۆڕێت بۆ کایەی خۆدەوڵەمەندکردنی ئەو دەستەبژێرە سیاسییە**

**ئەم پرانسیپ و بنەمایانەی کە سیستمی لیبراڵ دیموکراتی لەسەر بونیادنراوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی هاوچەرخدا، کاتێک لەلایەن دەستەبژێری سیاسییەوە بەکار دەهێندرێت بۆ پاراستنی کەمینەیەکی خاوەن بەرژەوەندی، یان کۆمپانیاکان، یان بانکەکان، ئەوا نەک هەر سیستمە دیموکراتییەکە رووبەڕووی مەترسییەکی گەورە دەکاتەوە، بەڵکو کۆڵەگەکانی دەوڵەتی هاوچەرخ تێکدەشکێنێت و دەوڵەت ناتوانێت پارێزەری بەرژەوەندیی هاووڵاتیان بێت**

**لە دەوڵەتی هاوچەرخی بەهێزدا، دەوڵەت شەرعییەتی دروستکردنی هێز و بەکارهێنانی هێزی هەیە بۆ پاراستنی خاکەکەی لە هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان و پرۆسەی سیاسی لەخوار شەرعییەتدان بەم مافەی دەوڵەت دەست پێدەکات**

**ئەگەر دەوڵەت بەهێز بێت، بەڵام سەروەریی یاسا بوونی نەبێت، یان بگۆڕێت بۆ حوکمڕانی بەیاسا، ئەوا لەم حاڵەتەدا دەوڵەتی هاوشێوەی چین و رووسیا و ئێران و فەنزویلا بەرهەم دێت، ئەمەش بەو مانایەی راستە دەوڵەتەکە بەهێزە، بەڵام رێزگرتن لە دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤ بوونی نییە**

**سەرکردە پۆپۆلیستەکان لە هەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ کۆکردنەوەی دەنگ کۆمەڵێک دروشم بەرزدەکەنەوە، بەڵام کە گەیشتنە دەسەڵات توانای جێبەجێکردنیان نییە، بەڵام کاتێک ترەمپ تەنیا چەند خولەکێک لە بوونی بە سەرۆکی ئەمریکا، یەکێک لە بەڵێنەکانی خۆی جێبەجێ بکات، ئەمە مانای ئەوەیە ئەوەی لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بانگەشەی بۆ کردووە، هەوڵدەدات جێبەجێیان بکات**

ئەمریکا لە عێراق بووە هۆکاری دروستبوونی داعش)، بەدیوێکی دیکەدا، ئەگەر سەیری ئەم گوتەی ترەمپ بکەین، پێمان دەڵێت: ئەگەر ئەمریکا لە کۆتایی ٢٠١١ پەلەی نەکردایەو هێزەکانی نەکشانایەتەوە و عێراقی بۆ ئەقڵییەتی سیاسیی کەسێکی وەك نوری مالیکی بەجێ نەهێشتایە، ئەوا زەمینەی دروستبوونی داعش دروست نەدەبوو.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا ئیدارەی ئۆباما دانی بەم راستییەدا نەناوە کە (ئەقڵییەتی حوکمڕانیی نوری مالیکی هۆکاری دروستبوونی داعشە؟ ) بێگومان بەڵێ، دانی بەو راستییەدا ناوەو هەتا نوری مالیکیش لە پۆستی سەرۆك وەزیران عێراق دوور نەخرایەوە، سەرۆك ئۆباما نە بڕیاری داوە بەشداری شەڕی دژی داعش لە عێراقدا بکات و نە ستراتیژیەتی دژی داعش بە تێکشاندن و لە ریشە هەڵکێشانی فیکری داعش راگەیاندووە.

پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەمریکا لەسەردەمی ئۆباما بەهێز نەبوو؟ بێگومان بەهێز بوو، بەڵام لە شێوازی بەکارهێنانی ئەو هێزە سەرکەوتوو نەبوو، هەر بۆ نموونە کاتێك ئیدارەی ئۆباما بڕیاری دا بەپێی رێککەوتنی سۆفا هێزەکانی لە عێراق بکشێنێتەوە، زۆر لایەن بە گشتی و بەتایبەتی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان داوایان کرد، کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەم کاتەدا کارەسات بۆ عێراق دروست دەکات، خۆ ئەگەر ئیدارەی ئۆباما ئەمەی لەبەرچاو بگرتایەو هێزەکانی لە عێراق بوونایە، ئەوا چۆن لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٦-٢٠٠٨ بە بوونی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق، توانرا رێکخراوی ئەلقاعیدە تێکبشکێندرێت، ئەوا ئەگەر دوای ٢٠١١ش هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بوونیان هەبووایە، مالیکی بەرەو دیکتاتۆریەت و مەزهەبگەرایی باڵادەستی شیعە ملی نەدەناو ئەو کارەساتە روویندەدا. لەم روانگەیەوە ترەمپ دەڵێت: یەك هەڵەی بچکۆلە لە شێوازی بەکارهێنانی هێزی ئەمریکا، ئەوا ئەمریکا وەك دەوڵەتێکی لاواز و بێهێز بەرجەستە دەکات، ئەم حاڵەتەش لەدوای راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی داعش، ئیدارەی ئۆباما نەیشاردۆتەوە.

ئەگەر پرسیار بەو ئاراستەیە بکەین، ئایا ئیدارەی ترەمپ دەیەوێت چۆن هێزەکانی ئەمریکا (سەربازی و ئابووری و نەرم) پێکەوە بەکار بهێنێت بۆ ئەو ئامانجەی کە لە گوتاری دەستبەکاربوونی ئاماژەی پێکردو گوتی: (جیهانی هاوچەرخ دژی تیرۆری ئیسلامیی توندڕۆ یەکدەخەین و لەسەر گۆی زەوی ریشەکێشی دەکەین)؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا ترەمپ ئاماژەی بەوە کرد (پشتگیری هاوپەیمانییە کۆنەکانمان دەکەین و هاوپەیمانی تازە گرێدەدەین؟ بەڵام پرسیاری دیکە ئەوەیە ئایا گرێدانی هاوپەیمانی بە میتۆدی ئیدارەی ترەمپ بەهەمان شێوەی ئیدارەی ئۆباما، یان ئیدارەکانی پێشتر دەبن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە پێوەندییە تەلەفۆنییەکەی مایك پیتس بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان و وەڵامدانەوەی ترەمپ بۆ پێوەندییە تەلەفۆنییەکەی سەرۆکی تایوان خۆی بەرجەستە دەکات، ئەمەش بەو مانایەی مەرج نییە هاوپەیمانی نێوان چین و ئەمریکا ببێتە رێگر لەبەردەم گرێدانی هاوپەیمانییەکی تازە لە نێوان تایوان و ئەمریکا، یان هاوپەیمانی نێوان عێراق و ئەمریکا نابێت ببێتە رێگر لەبەردەم گرێدانی هاوپەیمانییەکی تازە لە نێوان کوردستان و ئەمریکادا. لە دوو حاڵەتەدا ئەگەر بۆ پێوەندی نێوان ئەمریکا و تایوان پێوەندی بە بازرگانی هەبێت و بۆ پێوەندی نێوان ئەمریکا و کوردستان پێوەندی بە شەڕی دژی تیرۆریستانەوە هەبێت، ئەوا لە ئیدارەی ترەمپدا هیچ هێز و سنوورێك نابنە بەربەست لەبەردەم شکۆی ئەمریکا بۆ باڵادەستیی بازرگانی ئەمریکا و بۆ سەرکردایەتی ئەمریکا لە شەڕی دژی تیرۆردا، بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا هەڵوەستەی لەسەر بکەین ئەوەیە کە چەمکی هێز لە ئیدارەی ترەمپدا واتە پێکەوە گرێدانەوەی (هێزی سەربازی + هێزی ئابووری + هێزی نەرم)، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەم سێ هێزە پێکەوە شکۆ و باڵادەستیی ئەمریکا بەرجەستە دەکەن.

کەواتە ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا کەیسی تایوان وەربگرین، بەوەی ئەمریکا چۆن بە پێکەوە گرێدانی ئەم سێ هێزە پێکەوە، هاوپەیمانیی تازە لەگەڵ تایوان گرێدەدات؟ بێگومان تایوان لەبەرامبەر چین پێویستی بە هەر سێ هێزەکەی ئەمریکا هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ پارێزگاری لەخۆی بکات، بەڵام ئایا ئەمریکا ئەمە بۆ تایوان دەکات؟ وەڵامی

ئەم پرسیارە پلانی مارشاڵ دەیداتەوە و ئەگەر ئەمریکا لە میانەی گرێدانی هاوپەیمانی تازەی لەگەڵ تایوان لەسەر ئاستی هەرسێ هێزەکە هاوکاری تایوان نەکات، ئەوا خزمەتێکی بەلاش پێشکەشی چین دەکات، ئەمە لەکاتێکدا خەریکە مۆدێلی دەوڵەتی ئەسۆریتاریانیزمی چین لە ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین وەك نموونەی دەوڵەتێکی سەرکەوتوو خۆی بەرجەستە دەکات، بۆیە ئەگەر ئەمریکا لەسەر ئاستی هەر سێ هێزەکەی هاوکاری تایوان بکات و تایوان ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، ئەوا مۆدێلی دەوڵەتی تایوان لە رۆژهەڵاتی ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتینی لەسەر هەر سێ ئاستی (سیاسی، ئابووری، نەرم) مودێلی ئەسۆریتاریانیزمی دەوڵەتی چینی رەتدەکاتەوە، ئەمەش دەبێتە هێزێکی پشتگیری گەورە بۆ ئەو شێوازەی کە ترەمپ دەیەوێت ئەمریکا ئەو دەوڵەتە پرشنگدارە بێت کە سەرنجی هەموو جیهان رابکێشێت.

ئەوجا ئەگەر لەسەر ئاستی رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و توندڕۆیی ئیسلامی سیاسی کەیسی کوردستان وەربگرین، کە لەشەڕی دژی داعشدا سەرکەوتنی سەربازی بەسەر داعشدا راگەیاندووە، لە دروستکردنی ژینگەی سیاسیشدا رەگ و ریشەی توندڕۆیی هەڵکەندووە، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر ئەمریکا هاوپەیمانی تازە لەگەڵ کوردستان گرێبدات، ئایا پێویستە لەچ ئاستێکدا هاوکاری کوردستان بکات؟ ئاشکرایە هاوپەیمانیی ئەمریکا لەگەڵ کوردستان جیاواز لەگەڵ هەموو هاوپەیمانییەکانی دیکەی ئەمریکا لەجیهانی عەرەبی و ئیسلامی، مانایەکی تایبەتی بۆ شکۆی ئەمریکاو سەرکەوتنی شەڕی دژی داعش لەسەر هەردوو ئاستی سیاسی و لە ریشەهەڵکێشانی فیکری تیرۆرو توندڕۆیی ئیسلامی دروست دەکات، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی کە کوردستان تەنیا دەوڵەتە کە زۆربەی دانیشتووانەکەی موسڵمانی سوننە مەزهەبن، بەڵام یەکەمین دەوڵەتە لە تێکشاندنی سەربازی تیرۆریستانی داعش و یەکەم دەوڵەتیشە کە زۆربەی دانیشتووانەکەی موسڵمانی سوننە مەزهەبەو ژینگەی سیاسیی ناوخۆی ئەم وڵاتە رێگە بە دلاوستبوونی توندڕۆیی ئیسلامی و مەزهەبگەرایی نادات.

کەواتە ئەوەی ئیدارەی ترەمپ ئومێدی بۆ دەخوازێت کە داعش بە شێوەیەکی سەربازی تێکبشکێنرێت و فیکری توندڕۆیی ئیسلامی لە ریشە هەڵبکێشرێت، ئەوا کوردستان لەسەر هەردوو ئاستەکە مودێلی ئەو دەوڵەتەی پێشکەش کردووە کە دەتوانێت تیرۆریستان تێکبشکێنێت و فیکری توندڕەویی ئیسلامیش ریشەکێش بکات، کەواتە لەم حاڵەتەدا دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان وەك دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی، دەبێتە بەردی بناخەی ئەو ستراتیژەی ئیدارەی ترەمپ دژی فیکری تیرۆریی توندڕۆیی ئیسلامی دەیگرێتە بەر، ئەوجا بۆ ئەوەی ئەم دەوڵەتە پارێزراو بێت و هەمانە هەڵەی ئیدارەی ئۆباما دووبارە نەکرێتەوە کە بە کشانەوەی هێزەکانی لە عێراق روویاندا، ئەوا دەبێت پشتیوانی گەورەی هێزی سەربازی کوردستان بکات بۆ ئەوەی لە هەڕەشەکانی دەوروبەر بپارێزرێت، لە هەمانکاتدا دەبێت لە رووی هاوکاری ئابووری و بازرگانیشەوە کوردستان وەك شەریکی خۆی سەیربکات، بۆ ئەوەی بە هاوشێوەی ١٦ دەوڵەتەکەی ئەورووپا لەدوای شەڕی دووەمی جیهانی نفوزێکی جیۆپۆلیتکی لەناوچەکە بۆ ئەمریکا دروست بێتەوە.

بەم ئاراستەیە کاتێك دەڵێن،ئیدارەی ترەمپ دەگەرێتەوە بۆ گۆشەگیری نیوەگۆی رۆژئاوای زەوی، ئەمە بەو مانایە نییە ئیدارەی ترەمپ دەستبەرداری بەشێکی جیهان بەگشتی، یان رۆژهەڵاتی ناوەراست دەبێت، بەڵکو ئەمە بەمانای ئەمریکای سەردەمی ویلسنە کە کاتێك هاتە ناو شەڕی یەکەمی جیهانییەوە، ئەمریکا خاوەنی ٢٥٪ی ئابووری جیهان بوو، کاتێك رۆزفەلەت هاتە ناو شەڕی دووەمی جیهانی و شەڕەکەی بردەوە، ئەمریکا خاوەنی ٥٠٪ی ئابووری جیهان بوو، لە ئێستاشدا کاتێك ترەمپ دەیەوێت سەرکردایەتی شەڕی جیهانی دژی فیکری تیرۆر و توندڕۆیی ئیسلامی بکات، راستە ئەمریکا خاوەنی ١٩-٢٠٪ی ئابووری جیهانە، بەڵام ئەگەر وەك ولسن و رۆزفەلەت، هێزەکانی (سەربازی و ئابووری و نەرم) پێکەوە گرێبداتەوە و پێکەوە بەکاریان بهێنێت، ئەوا بردنەوەی شەڕی جیهانی دژی تیرۆرو فیکری توندڕەویی ئیسلامی کارێکی قورس نابێت، کوردستانیش لەم هاوپەیمانیییەدا ئەو دەوڵەتە هاوچەرخە بەهێزەی رۆژهەڵاتی ناوەراست دەبێت، کە ترەمپ هەوڵدەدات ئەمریکا ببێتە ئەو دەوڵەتەو سەرنجی هەموو جیهان رابکێشێت.

**هاوپەیمانیی ئەمریکا لەگەڵ کوردستان جیاواز لەگەڵ هەموو هاوپەیمانییەکانی دیکەی ئەمریکا لەجیهانی عەرەبی و ئیسلامی، مانایەکی تایبەتی بۆ شکۆی ئەمریکاو سەرکەوتنی شەڕی دژی داعش لەسەر هەردوو ئاستی سیاسی و لە ریشەهەڵکێشانی فیکری تیرۆرو توندڕۆیی ئیسلامی دروست دەکات**

**کوردستان تەنیا دەوڵەتە کە زۆربەی دانیشتووانەکەی موسڵمانی سوننە مەزهەبن، بەڵام یەکەمین دەوڵەتە لە تێکشاندنی سەربازی تیرۆریستانی داعش و یەکەم دەوڵەتیشە کە زۆربەی دانیشتووانەکەی موسڵمانی سوننە مەزهەبەو ژینگەی سیاسی ناوخۆی ئەم وڵاتە رێگە بە دلاوستبوونی توندڕۆیی ئیسلامی و مەزهەبگەرایی نادات**

**ئەوەی ئیدارەی ترەمپ ئومێدی بۆ دەخوازێت کە داعش بە شێوەیەکی سەربازی تێکبشکێنرێت و فیکری توندڕۆیی ئیسلامی لە ریشە هەڵبکێشرێت، ئەوا کوردستان لەسەر هەردوو ئاستەکە مۆدێلی ئەو دەوڵەتەی پێشکەش کردووە کە دەتوانێت تیرۆریستان تێکبشکێنێت و فیکری توندڕەویی ئیسلامیش ریشەکێش بکات، کەواتە لەم حاڵەتەدا دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان وەک دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی، دەبێتە بەردی بناخەی ئەو ستراتیژەی ئیدارەی ترەمپ دژی فیکری تیرۆریی توندڕۆیی ئیسلامی دەیگرێتە بەر**



ماکس ئەبراهامز، مامۆستای زانستی سیاسیە لە زانکۆی «Northeastern»، توێژەر و وانەبێژی تیوری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە، کە بایەخ بە پرسەکانی پەیوەست بە شەڕی ناوخۆیی، یاخیبوون و نارەزایەتی ناتوندوتیژ و تیرۆریزم دەدات. بۆ قسەکردن لە بارەی پێشبینییەکانی پەیوەست بە چۆنیەتی مامەڵەکردنی ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکا لەگەڵ کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەگەری دروست بوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی و چەند پرسێکی دیکە،گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا سازکرد و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

ماكس ئەبراهامز
پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان بۆ گوڵان:

# دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی كوردستان لە بەرژەوەندیی ئەمەریكا و ئیسرائیلدایە

*** ئایا دەكرێت چاوەڕێی چ گۆڕانكارییەك بكەین لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی داهاتووی ئەمەریكادا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا؟**

- ئەوەی دەكرێت بیڵێین ئەوەیە كە ترەمپ سیاسەتێكی جیاوازتری دەبێت— بە بەراورد بەو سیاسەتەی كە هیلاری كلینتۆن پیادەی دەكرد لە حاڵەتی سەركەوتنیدا-، جیاوازییەكە لە چەند ڕوویەكەوە دەبێت لە پەیوەندیدا بە سیاسەتی ئەمەریكاوە لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. چونكە هیلاری ڕایگەیاند كە سیاسەتێكی هاوچەشنی سیاسەتی ئۆبامای درێژە پێدەدا، بەڵام لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین سیاسەتێكی هاوشێوەی سیاسەتی جۆرج بوشی دەگرتەبەر، چونكە سەرجەم ڕاوێژكارەكانی جۆرج بوش بۆ سیاسەتی دەرەكی پشتیوانییان لە هیلاری كلینتۆن دەكرد. هیلاری كلینتۆن پشتیوانێكی سەرەكی پەرەپێدانی دیموكراسی بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە دیاری كراوی لە ڕێی بەكارهێنانی هەوڵی سەربازییەوە بۆ ڕوخاندنی دەسەڵاتی سەركردە دیكتاتۆرییەكان، وەك سەددام و قەزافی و ئەسەد. بەڵام ترەمپ پێی وایە ئەم سیاسەتانە دەرئەنجامی تەواو پێچەوانەیان لێدەكەوێتەوە. لە پەیوەندیدا بەو سێ دەوڵەتەوە ترەمپ پتر دوودڵ بوو بە بەراورد بە هیلاری كلینتۆن، لە پەیوەندیدا بە گۆڕینی ڕژێمەوە لە عێراق و سوریا و لیبیا. پێم وایە ئەمەش كاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر سیاسەتی ئەمەریكا لە ئاست سوریادا، چونكە

ئەگەر هیلاری کلینتۆن سەرکەوتوو بوایە، ئەوا لەگەڵ ئەوەدا دەبوو کە هەوڵی ڕوخاندنی رژێمی ئەسەد بدرێت، لە رێی بەهێزکردنی یاخیبوان و سەپاندنی ناوچەی دژە فڕین- بە رادەیەکی زۆر لە دژی روسیا- هەروەها لە دژی هێزی ئاسمانی سوریاش، بەڵام پێدەچێت ترەمپ هیچ بایەخ بەو مەسەلانە نەدات. چونکە ئەو لەگەڵ ئەوەدا نییە پشتیوانی لە یاخیبوان بکرێت، بەڵکو لەگەڵ ئەوەدایە هاوکاری لەگەڵ روسیادا بکرێت، ئەمەش بە واتای ئەوەی کە کار بۆ سەپاندنی ناوچەی دژە فڕین ناکات. کەواتە هەڵبژاردنی ترەمپ بە شێوەیەکی بنەڕەتی داینامیکیەتی دۆخی سوریای گۆڕی، چونکە نەک تەنها یاخیبوان لەوە تێگەیشتن کە هاوکاری و پشتیوانی زیاتری ئەمەریکایان بۆ دەستەبەر ناکرێت، بەڵکو وڵاتانی دیکەش پشتیوانییەکانیان بۆ یاخیبوان کەم کردۆتەوە، لەبەر ئەوە دەزانن کە ئەمەریکا هەنگاوی هاوشان هەڵناگرێت. ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە تورکیا هاوکارییە دەستەبەرکراوەکانی سنووردار کردووە بۆ چەند گروپێکی وەك ئەحرار ئەلشام، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو کە سوپای سوریا توانیویەتی حەلەب بگرێتەوە. ئەوەی پەیوەندی بە عێراقەوە هەبێت، ئەوا عێراق تا رادەیەك هاوشێوەی ئەفغانستانە، لەو رووەوە کە لێرە ئەمەریکییەکان تێدەگەن لەوەی ئۆپەراسیۆنی سەربازی گەورەی هەیە لەو وڵاتەدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم، بەڵام زۆر باسی لێوەناکرێت بە چەشنی سوریا. ڕەنگە ئەوەش لەبەر ئەوە بێت کە هێزی گەورەی دیکە تێوەنەگلاون لە دۆخەکە، وەك دەستتێوەردانی روسیا. لەبەر هەر هۆکارێکی بێت کاتێك لە ئەمەریکا بیر لە داعش دەکرێتەوە، ئەوا پتر پەیوەست دەکرێتەوە بە سوریاوە نەك عێراق، لە دەرئەنجامدا ترەمپ وەك کاندید کەمتر باسی عێراقی کرد بە بەراورد بە سوریا، لەبەر ئەوە پێم وایە ترەمپ ئەو سیاسەتە درێژە پێدەدات لە عێراقدا کە لە ئێستادا پیادە دەکرێت، هەروەها پێم وایە یەك بواری گەورە و گرنگ هەیە کە لێی دڵنیایین و کە پەیوەستە بە سیاسەتی دەرەوەی ترەمپەوە، ئەویش پەیوەندی بە چۆنییەتی مامەڵەکردنی ترەمپەوە هەیە لەگەڵ ئێراندا، هۆکاری نادڵنیاییەکەش ئەوەیە کە ترەمپ لێدوانی دژبەیەکی داوە لەم ڕووەوە، چونکە دەکرێت هەندێ لێدوانی بە دژایەتیکردنی ئێران لێکبدەیتەوە و هەندێکیشی بە پێچەوانەوە. بۆ نموونە دەکرێت سیاسەتی لە ئاست سوریادا بە بەرژەوەندی ئێران لێکبدەینەوە، بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە، لە سەروبەندی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا باسی لە هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنە ئەتۆمیەکە کرد. هەروەها کاتێك ترەمپ باس لە مانەوەی ئەسەد دەکات لە دەسەڵات، ئەوا ترەمپ باس لە کارکردن دەکات لەگەڵ روسیادا دەکات نەك ئێران. کەواتە ترەمپ زیاتر مەیلی بە لای روسیادایە نەك ئێران، ئەگەرچی ئەو دوو وڵاتە لە یەك میحوەری سەربازیدان، لەبەر ئەوە ئەگەری ئەوە هەیە ترەمپ سیاسەتێکی توند لە ئاست ئێراندا بگرێتەبەر. ئەگەر ئەمە رووبدات ئەوا ڕەنگە ستراتیژیەتی ئەمەریکا لە ئاست عێراقدا پتر کارا بێت، ئەویش بەوەی کەمتر پشت ببەستێت بە هێزەکانی حەشدی شەعبی — یان هەر ناوێکی دیکەی لێ بنێین، وەك میلیشیای شیعە-.

*** لەبەر ڕۆشنایی هەموو ئەوانەی باست کرد، ئایا پێت وایە ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکا پتر لەم ناوچەیە دوور دەکەوێتەوە، یاخود تەنها مامەڵەکردنی ئیدارەی ئەمەریکا لەگەڵ کێشەکانی ئەم ناوچەیەدا گۆڕانکاری بەسەردا دێت؟**

- بە باوەڕی من جۆر و شێوازی مامەڵەکردنەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، لە پەیوەندیدا بە بەکارهێنانی هێزی سەربازییەوە لە دژی داعش و گرووپەکانی سەر بە ئەلقاعیدە، ئەوا ڕەنگە هەوڵەکانی چڕتر بکاتەوە. بەڵام من ئومێدی ئەوە دەکەم کە هێزە مەحەلییەکان، ئیدی یەپەگە بێت، یاخود پێشمەرگە یان هێزە ئەمنییەکانی عێراق کە ئەو بەرپرسیارێتییە هەڵبگرن و ئەمەریکاش کار بەم ئاراستەیەدا بکات، واتە هێزی ئاسمانی خۆی بەکار بهێنێت، بەڵام بەرپرسیارێتییەکە زیاتر لە ئەستۆی ئەو هێزانە بێت. بەڵام من پێشبینی ئەوە دەکەم کە ئەمەریکا زیاتر هێزی تایبەتی لە عێراق و سوریا بەکار بهێنێت بۆ شەڕکردن لە دژی داعش، ئەگەر هاتوو شەڕەکە

**هەڵبژاردنی ترەمپ بە شێوەیەکی بنەڕەتی داینامیکیەتی دۆخی سوریای گۆڕی، چونکە نەک تەنها یاخیبووان لەوە تێگەیشتن کە هاوکاری و پشتیوانی زیاتری ئەمەریکایان بۆ دەستەبەر ناکرێت، بەڵکو وڵاتانی دیکەش پشتیوانییەکانیان بۆ یاخیبووان کەم کردۆتەوە، لەبەر ئەوە دەزانن کە ئەمەریکا هەنگاوی هاوشان هەڵناگرێت**

**پێم وایە، دروست بوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لەگەڵ ئامانجەکانی ترەمپدا یەکدەگرێتەوە، چونکە ترەمپ باسی لەوە کرد کە هەڕەشەی ژمارە یەک بەلای ئەمەریکاوە داعشە، کوردیش هاوکارێکی باش بووە بۆ تێکشکاندنی داعش، هەروەها لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە، کورد جیهانبینییەکی باشتریان هەیە و پێویستی بە کاراکتەری مەحەلی جێی باوەڕ و متمانە هەیە –وەک کورد- بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی**

وەك پێویست بەرێوە نەچوو. لە پەیوەندیدا بە ئیسرائیلەوە، ئەوا چاوەڕوان دەكرێت زیاتر بەلای ئیسرائیلدا دایبشكێنێت، بەتایبەتی كە باس لە گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمەریكا لە تەل ئەبیبەوە بۆ قودس كراوە. هەروەها ترەمپ باسی لە خواستی خۆی كردووە بۆ هێنانەئارای ڕێككەوتنی ئاشتی لەنێوان ئیسرائیل و فەلەستیندا. لەبەر ئەوە بە گشتی دەتوانین بڵێین لە هەندێ بواردا كەمتر دەستتێوەردان دەكات و لە هەندێ بواردا زیاتر.

*** هەروەك دەزانن پێشمەرگە سەلماندی كە هەم دەتوانێت شەڕی داعش بكات و هەم پابەندە بەو شەڕەشەوە، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا پێشبینی دەكرێت ئیدارەی داهاتووی ئەمەریكا بەردەوام بێت لە پشتیوانیكردنی كورد و هێزی پێشمەرگە لە ئایندەدا؟**

- من ئومێدی ئەوە دەخوازم، من لەگەڵ ئەوەدام كورد چەكی زیاتر پێ بدرێت و ڕادەیەكی زیاتر لە خۆبەڕێوەبەری بۆ دەستەبەر بكرێت و تەنانەت سەربەخۆش بێت. ڕاستە كورد كاریگەر بووە لە شەڕی تێكشكاندنی داعشدا و ڕەنگە سوپاس بكرێت، بەڵام مەرج نییە كورد پاداشت بكرێتەوە لەلایەن ئەمەریكاوە، ئەگەرچی ئەوەش بەندە بە تێڕوانینی ئەمەریكاوە بۆ توركیا، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر توركیا پتر هاوكار بێت بۆ پشتیوانیكردنی گروپە یاخیبووەكان بۆ ئەوەی شەڕی دژ بە داعش بكەن، وەك بەدیلێك بۆ ڕۆڵی یەپەگە، ئەوا ڕەنگە ئەمەریكا مەیلی بەلای ئەوەدا بێت كە دەست لە كورد هەڵبگرێت، یاخود بەلای كەمەوە پاداشتیان نەكاتەوە. هەرچەندە ناتوانین پێشبینی ئەوە بكەین كە ترەمپ چی دەكات، بەڵام بە تێڕوانین لە مێژووەكەیان، ئەوا نابێت كورد چاوەڕێی پاداشت و گەنجینەیەكی گەورە بێت لە كۆتایی ڕێگاكەدا.

*** ئێوە ئاماژەتان بە سەربەخۆیی كورد كرد، پرسیارەكە ئەوەیە ئەگەر هاتوو ئەم دەوڵەتە دامەزرا ئایا كاردانەوەی نێودەوڵەتی چی دەبێت لە ئاستیدا و ئایا چ كاریگەرییەكی لەسەر ناوچەكە دەبێت؟**

- ئەوەی بەدی دەكرێت لە ئەمەریكادا هاوسۆزیی بۆ كورد هەیە و ڕەنگە بگاتە ڕادەی پشتیوانیكردن لەو هەنگاوە، من لە ئەمەریكادا هەستی دژ بە كورد بوون بەدی ناكەم، پێم وایە وەك بەدیلێك بۆ ئەو ڕادیكاڵیەتە لێی دەڕوانن كە لە ناوچەكەدا هەیە. باوەڕم وایە ئیسرائیل زۆر پشتیوانی دروست بوونی دەوڵەتی كوردی دەكات و پێم وایە دەبنە هاوپەیمانی یەكتری.

*** كەواتە پێت وایە دروست بوونی دەوڵەتی سەربەخۆی كوردستان لە بەرژەوەندیی ئەمەریكادا دەبێت؟**

- بەڵێ پێم وایە، چونكە ئەمە لەگەڵ ئامانجەكانی ترەمپدا یەكدەگرێتەوە، چونكە ترەمپ باسی لەوە كرد كە هەڕەشەی ژمارە یەك بەلای ئەمەریكاوە داعشە، كوردیش هاوكارێكی باش بووە بۆ تێكشكاندنی داعش، هەروەها لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە، كورد جیهانبینییەكی باشتریان هەیە. لەلایەكی دیكەوە ترەمپ تێڕوانینێكی زۆر ئیجابی نییە لەسەر زۆرێك لە وڵاتانی ناوچەكە، كەواتە پێویستی بە كاراكتەری مەحەلی جێی باوەڕ و متمانە هەیە –وەك كورد- بۆ جێبەجێكردنی سیاسەتەكانی.

*** لە كۆتاییدا دەمانەوێت بپرسین كە ئایا پێشبینییەكانت بۆ ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چین؟**

- پێشبینی دەكەم بە ڕەوتێكی خێرا داعش لە ناوبچێت، چارەنووسی چەكدارەكانیشی یان كوشتنە یاخود گەڕانەوەیە بۆ ئەوروپا، یاخود دەچنە پاڵ گروپە یاخیبووەكانی دیكە، ئێمە چەندین چەكداری داعشمان بینیوە كە پەیوەندییان بە گروپە سەلەفییەكانی دیكەوە كردووە، بەتایبەتی لە ئیدلیب. لەبەر ئەوە پێشبینی دەكەم لە ئایندەدا كە ئەمەریكا ناچار بێت زیاتر ڕووبەڕووی ئەلقاعیدە ببێتەوە لە سوریا نەك داعش، هەروەها پێشبینی دەكەم ئێران وەك نیشانەیەكی پرسیاری گەورە بمێنێتەوە و من نازانم ترەمپ چۆن مامەڵە لەگەڵ ئێراندا دەكات. بە باوەڕی من ئەسەد لە دەسەڵاتدا دەمێنێتەوە. بە گشتی باوەڕم وایە نائارامییەكانی سوریا و عێراق بەردەوام دەبن، ئەگەرچی پێم وایە ئاستی توندوتیژی لەو دوو وڵاتە كەمتر دەبێتەوە.

**پێشبینی دەكەم لە ئایندەدا كە ئەمەریكا ناچار بێت زیاتر ڕووبەڕووی ئەلقاعیدە ببێتەوە لە سوریا نەك داعش. هەروەها پێشبینی دەكەم ئێران وەك نیشانەیەكی پرسیاری گەورە بمێنێتەوە و من نازانم ترەمپ چۆن مامەڵە لەگەڵ ئێراندا دەكات**

**لە ئەمەریكادا هاوسۆزیی بۆ كورد هەیە و ڕەنگە بگاتە ڕادەی پشتیوانیكردن لە دەوڵەتی كوردی، لە ئەمەریكادا هەستی دژ بە كورد نییە، پێم وایە وەك بەدیلێك بۆ ئەو ڕادیكاڵیەتە لێی دەڕوانن كە لە ناوچەكەدا هەیە**

**هەرچەندە ناتوانین پێشبینی ئەوە بكەین كە ترەمپ چی دەكات، بەڵام بە تێڕوانین لە مێژووەكەیان، ئەوا نابێت كورد چاوەڕێی پاداشت و گەنجینەیەكی گەورە بێت لە كۆتایی ڕێگاكەدا**



## مامۆستا شێخ وەهاب بەرزنجی

### بەرپرسی لقی چەمچەماڵی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی:

# هەر کەسێک خۆی بە موسڵمان دەزانێت پێویستە ئەوەندە هەستی نەتەوایەتی لەناخیدا هەبێت کە بەئاواتەوە بێت رۆژێک لە رۆژان کوردستان سەربەخۆ بێت

کەلتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی زۆرینەی خەڵکی کوردستان کە موسڵمانن بۆ ئەو زانا گەورەو مامۆستا ئایینییانە دەگەڕێتەوە کە بە درێژایی مێژوو رەسەنایەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیان پاراستووە کە لێبووردەیی و خۆشەویستییە، بەڵام ئێستا بەهۆی فیکری توندڕۆیی و هەندێك گروپی ئیسلامییەوە خەریکە تێگەیشتنی کورد بۆ ئیسلام بە ئاراستەیەکی خراپدا دەبردرێت، کە جگە لەکارەسات وماڵوێرانیی فیکری هیچی دیکەی لێدەست ناکەوێت. بۆ قسەکردن لەبارەی سەرچاوەی پاکی تێگەیشتنی کوردانە بۆ ئیسلام و رۆڵی مەلاو مامۆستاو زانایانی گەورەی کورد بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ مامۆستا شێخ وەهاب بەرزنجی ناسراو بەمامۆستا وەهاب سەنگاوی بەرپرسی لقی چەمچەماڵی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان و وتاربێژو پێشنوێژی مزگەوتی حاجی شێرکۆی هەمەوەندی ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.

*** بەشێکی زۆری زانایانی ئیسلامی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ئەو توندڕەویی و توندوتیژییەی لەجیهادی سەلەفی قیتالییەوە دروست بووە، بەرهەمی ژینگەی خۆماڵی نییە، واتا بەرهەمی مزگەوت و حوجرەو تەکییەکانی کوردستان نییەو بەشێك لەم کلتوورە دزەی پێکراوە بۆ ناو کوردستان، ئایا دەبێت چی بکرێت بۆ ئەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بە رەسەنایەتی کوردانەی بمێنێتەوە ؟**

- (بسم الله الرحمن الرحیم) سەرەتا بەپێویستی دەزانم کە باسی توندڕەویی بکەم وەکو بیرۆکەیەك کە نەك تەنیا لەناو هەندێك لە تەیارو ئاراستەی ئیسلامییە توندڕەوەکان بڵاوبووەتەوە، بەڵکو لەناو هەموو ئایین و بیروباوەڕو ئایدیۆلۆژیایەکدا توندڕەویی هەیە، هەر لەناو بیروباوەڕی ئایینی تا دەگاتە بیروباوەڕو ئایدیۆلۆژیاکانی دیکەی دنیا وەکو فیکری مارکسی و مارکیسزم، واتا لەناو مرۆڤایەتی بەگشتی فیکری توندڕەویی هەیە کە مەرج نییە تەنیا لەناو فیکری ئایینیدا بەرهەم هاتبێت، لەپێش هاتنی پەیامی ئیسلامیش لەسەر زەویدا هەزارەها شەڕو پێکدادان کراوە لەنێوان خێڵەکان و وڵاتەکان و هەڵگری زمان و بیروباوەڕی نەتەوە جیاوازەکان و شارستانیەتەکان و هەزارەها کەس بوونە قوربانی. لەناو ئیسلامیشدا دەقی قورئانی پیرۆز هەیە باسی شەڕو رووبەڕووبوونەوە دەکات لەگەڵ نەیارو دوژمنەکان، کاتێك دەتەوێت ئەم دەقانە لە رووی کردارییەوە جێبەجێی بکەیت، پێویستە شارەزایی و پسپۆریەکی باشت هەبێت و بزانیت چۆن ئەم دەقە پیرۆزەی قورئان لە واقیعدا جێبەجێ دەکەیت، چونکە دەقەکە دەقێکی خوای گەورەو میهرەبانەو تۆش موسڵمانی و ئینتیمات بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەیە، چۆن دەقێکی وا بەرامبەر موسڵمانێك جێبەجێ دەکرێت، دەقی شەڕ و رووبەڕووبوونەوە بۆ شەڕو بەرگریکردنە لەکەرامەتی موسڵمانان، نەك تۆ بکەویتە گیانی کۆمەڵگەیەکی موسڵمان یا کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. کاتێك توندڕەوی وەکو بابەتی رۆژ لەسەرانسەری گۆی زەوی باس دەکرێت، راستەوخۆ توندڕەوییەکە دەئالێننە ئیسلامەوە، ئەوەی زەمینەی بۆ ئەم تۆمەتبارکردنە خۆش کردووە، ئەو فکرو تەیارە توندڕەوانەی ناو هەندێك گروپی جیهادی سەلەفی قیتالییە کە تەنیا خۆیان بەموسڵمان دەزانن و تەکفیری بەرامبەرەکەیان دەکەن و دەیان فەتوای کوشتن و تەقینەوەو رفاندن و دەستدرێژیکردن دەدەن، لەکاتێکدا بەهیچ شێوەیەك ئەم فەتواو بیروبۆچوونە توندڕەوانە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا جێگای نابێتەوە، ئیسلامێك کە بۆ بەرژەوەندی هەموو مرۆڤ و زیندەوەران هاتووە بە موسڵمان و ناموسڵمانیشەوە، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لەکۆمەڵگەی مەدینە دەفەرموێت: (من آذی ذمیاً فقد آذاني) واتا هەرکەسێك ئازار بە جوولەکەیەك، یا مەسیحییەك بگەیەنێت، وەکو ئەوە وایە ئازاری بەمن گەیاندبێت، لەفەرمودەیەکی تردا دەفەرموێت: (ارحموا أهل الأرض یرحمْکُم أهلُ السّماءِ)، واتا بەزەییتان بێتەوە بە خەڵکی سەر زەویدا، خوای گەورە لەئاسماندا بەزەیی بەئێوەدا دێتەوە. تەنانەت لەپێناسەی ئیسلامدا پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت: (أَفْضَلُ الإِیمَانِ : الصَّبْرُ وَالسَّمَاحَةُ) واتا باشترین بیروباوەڕ دانبەخۆداگرتن و چاوپۆشین و لێبوردەییە، هەربۆیە کەسێك بیرێکی توندڕەوانەی هەبێت، یا کەسێك بەکردار هەڵسوکەوتێکی توندڕەوانەی هەبێت، لەئیسلامدا رەت کراوەتەوە. فیکر، یا کرداری توندڕەوی لەناو تاکەکانی کۆمەڵگەو خێزان و حزب و ئاراستەیەکی ئیسلامی، یا ئایینێکی تر بوونی هەیە، خۆ لەوڵاتێکی وەکو بۆرما سەدان کۆمەڵکوژی و تاوان بەرامبەر موسڵمانان دەکرێت و لەمێژوودا سەدان شەڕو پێکدادان لەنێوان مەسیحییەکاندا هەڵگیرساوە، هەرچۆنێك بێت توندڕەویی پەیامی راستەقینەی ئیسلام نییە، لەئایەتی ژمارە ١٨٣ی سورەتی البقرە هاتووە: (وَکَذَلِكَ جَعَلْنَاکُمْ أُمَّةً وَسَطاً لِتَکُونُوا شُهَدَاءَ عَلَی النَّاسِ وَیَکُونَ الرَّسُولُ عَلَیْکُمْ شَهِیداً)، واتا بەمشێوەیە ئەی کۆمەڵگەی موسڵمان ئێوەمان کردووە بە نەتەوەیەکی میانڕەو لەبیرکردنەوەو قسەکردن و هەڵسوکەوت و رۆیشتن. لەچیرۆکی لوقمانی پیاوچاکدا خوا لێی رازی بێت هاتووە: (وَاقْصِدْ فِي مَشْیِكَ وَاغْضُضْ مِنْ صَوْتِكَ) واتا لە رۆیشتن لەسەرخۆبەو توند قسە مەکە، چونکە دەنگی بەرز بۆ مرۆڤ نییە. جێگای داخە لەم سەردەمەدا بەناوی ئیسلامەوە توندڕەویی زۆر دەکرێت، لەکاتێکدا بەدرێژایی مێژوو مامۆستاو زانایانی گەورەی ئیسلامی رێگەیان نەداوە فیکرو کرداری توندڕەویی لەناو موسڵمانانی کوردا بڵاوبێتەوەو دیوی جوانی لێبووردەیی و پێکەوەژیان و خۆشەویستیی ناو ئایینی ئیسلام تێك بدرێت، یا ئایین بۆ مەبەست و بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی و گەیشتن بەکورسی و پایەی دەسەڵات بەکاربهێنرێت، پاراستنی ئەمەش تەنیا بەگەڕانەوە دەبێت بۆ رەسەنایەتی ئیسلام. لەکوردستاندا کۆمەڵێك فاکتەر وایکردووە هەرێمەکەو خەڵکەکە بناسرێن بەخەڵکێکی موسڵمانی ئاشتیخواز لەوانە حاڵی بوون و تێگەیشتنێکی جوانی زانایانی ئایینی کورد لەئیسلام هەربۆیە فیکری میانڕەویی هەر لەدێرزەمانەوە لەدوای سەحابەکانەوە لەناو کۆمەڵگەی کوردستان بوونی هەبووە، لەکوردستاندا ئیسلامی راستەقینە پیادەکراوە،بە هاوشێوەی کۆمەڵگەی مەدینە کاتێك پێغەمبەرمان (صلی الله علیه وسلم) لەمەدینە بووەو سەرۆکی وڵات بووە، موسڵمان و مەسیحی و جوولەکەو گەورەو بچووك پێکەوە دەژیان. لەسلێمانی و هەولێرو دهۆك و کەرکووکیش بەو شێوەیە بووە، سەرکردە سیاسییەکانی کوردیش زۆر ژیرو زیرەك بوون کە هەمووی شێخ و مەلا بوون و رەچاوی ئەم واقیعەی کوردستانیان کردووە کە

**دەقی شەڕ و رووبەڕووبوونەوە بۆ شەڕو بەرگریکردنە لەکەرامەتی موسڵمانان، نەک تۆ بکەویتە گیانی کۆمەڵگەیەکی موسڵمان یا کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی**

**ئەوەی زەمینەی بۆ ئەم تۆمەتبارکردنە خۆش کردووە، ئەو فکرو تەیارە توندڕەوانەی ناو هەندێک گروپی جیهادی سەلەفی قیتالییە کە تەنیا خۆیان بەموسڵمان دەزانن و تەکفیری بەرامبەرەکەیان دەکەن و دەیان فەتوای کوشتن و تەقینەوەو رفاندن و دەستدرێژیکردن دەدەن، لەکاتێکدا بەهیچ شێوەیەک ئەم فەتواو بیروبۆچوونە توندڕەوانە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا جێگای نابێتەوە**

**کۆمەڵێک فاکتەر وایکردووە هەرێمەکەو خەڵکەکە بناسرێن بەخەڵکێکی موسڵمانی ئاشتیخواز لەوانە حاڵی بوون و تێگەیشتنێکی جوانی زانایانی ئایینی کورد لەئیسلام هەربۆیە فیکری میانڕەویی هەر لەدێرزەمانەوە لەدوای سەحابەکانەوە لەناو کۆمەڵگەی کوردستان بوونی هەبووە**

**کوردستان لەسەردەمی نوحی پێغەمبەرەوە لانکەی پێکەوەژیانە و جێگای داخە تائێستا لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا کیان و ئالامان نییە**

**بەهەڵە تێگەیشتن لەدەقە ئیسلامی و ئایینییەکان و بەکارهێنانی ئایین بۆ مەبەست و مەرامی سیاسی هۆکاری سەرەکی دروستبوونی ئەو هەموو تەیارو فیکرە توندڕەوەیە لەناوچەکەدا**

**هەرکەس و گروپێکی موسڵمان ناوی حزبی لەخۆی نا، بێگومان ویست و خواستی گەیشتنی بەدەسەڵات هەیە و فێڵ لەلایەنگران و ئەندامەکانیان دەکەن و لە ڕێگەی ئیسلامەوە کە پەیام و بیروباوەڕێکی زۆر بەهێزە کار بۆ ئەو ئەجێندایە دەکەن**

بینیویانە کوردستان تەنیا خەڵکی موسڵمانی تێدا نییە، بەڵکو مەسیحی و جوو و ئێزیدی و کاکەیی بوونی هەیە، توانیویانە سوود لەشارەزایی و توانای مەسیحی و جووکانیش وەربگرن بۆ دۆزی نەتەوایەتی، هەربۆیە سروشتی مرۆڤە پێکەوەژیان پەسەند دەکات، بەهاوشێوەی جیهانی رووەك و باڵندەکان کە چەندین جۆریان لە رووبەرە زەوییەکی کەمدا پێکەوەدەژین. هاتنی عەرەبی سوننەو شیعەو مەسیحی و سائیبەو تورکمان و ئێزیدی و دەیان ئایین و ئایینزاو نەتەوەو تائیفەی جۆراوجۆر بۆ هەرێمی کوردستان نیشانەی جوانی ئەو پێکەوەژیانەیە کە لە کوردستاندا هەیە، وابزانم گەلی کوردی موسڵمانیش سوودی لێوەرگرت کاتێك تیرۆریستانی داعش و گروپە شۆڤێنییەکانی تری ناوچەکە ویستیان زیان بەگەلی کورد بگەیەنن، جیهانی پێشکەوتوو چۆن بەهانامانەوە هاتن، بڕوا بکەن کاتێك کاکەییەکان لێیان قەوماو گوندو ناوچەکانیان کەوتنە بەر شالاوی تیرۆریستانی داعش بەهاوکاری کۆمەڵێك خێرخواز لەشاری چەمچەماڵەوە مامۆستایانی ئایینی و چەند کەسایەتییەك نزیکەی ١٢ تۆن دەرمان و خۆراك و پێداویستیمان گەیاندە کاکەییە ئاوارەکان و لەقەزای خەبات دابەشمان کردووە، لەم چەمچەماڵە بەتەنیا کەسێکی خێرخواز کەمپی کردۆتەوە بۆ ئاوارەی ئێزیدی و شەبەك. کوردستان لەسەردەمی نوحی پێغەمبەرەوە لانکەی پێکەوەژیانە و جێگای داخە تائێستا لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا کیان و ئالامان نییە.

*** ئێمە لە ناوچەیەکداین کە لە رابردوودا بەردەوام کەوتووینەتە بەر هێرشی زلهێزەکان و ئێستاش گروپە تیرۆریستەکانی وەك قاعیدەو داعش و هەڵگرانی توندڕەویی مەزهەب و ئایینیەکانی تریش، سوپاس بۆ خوا کە هێزی پێشمەرگە بەسەرۆکایەتی سەرۆك بارزانی توانی رووبەڕووی ئەم شەڕە سەختە ببێتەوە، وەك مامۆستاییەکی ئایینی چۆن ئەم بارودۆخە دەخوێنیتەوە؟**

- بەهەڵە تێگەیشتن لەدەقە ئیسلامی و ئایینییەکان و بەکارهێنانی ئایین بۆ مەبەست و مەرامی سیاسی هۆکاری سەرەکی دروستبوونی ئەو هەموو تەیارو فیکرە توندڕەوەیە لەناوچەکەدا، لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامی مامۆستاو نووسەری وامان هەیە تەنانەت بەشێوەیەکی زۆر توند شیکاری بۆ دەقەکان کردووە، هەندێك لەگروپی ئایینی و حزبی ئیسلامی و غەیرە ئیسلامی لەکوردستان یان لەدەرەوەی کوردستان دێن ئەو نووسین و فیکرانە دەهێنن و جارێکی دیکە شیکاری بۆ دەکەن و دەیکەنە مەنهەج بۆ ئەندام و لایەنگرانی خۆیان، بەمەش توندڕەویی وردە وردە تەشەنە دەکات و بڵاودەبێتەوە، زۆرجاریش لە دەوروبەرمان لەناو عەرەبی سوننەو شیعە بەهەڵە تەفسیرکردنی دەقەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێیانوایە ئەمە ئیسلامی راستەقینەیە. گرفتەکە لەوەدایە هەرکەس و گروپێکی موسڵمان ناوی حزبی لەخۆی نا، بێگومان ویست و خواستی گەیشتنی بەدەسەڵات هەیە و فێڵ لەلایەنگران و ئەندامەکانیان دەکەن و لە ڕێگەی ئیسلامەوە کە پەیام و بیروباوەڕێکی زۆر بەهێزە کار بۆ ئەو ئەجێندایە دەکەن، چونکە هەڵگرانی ئەم بیروباوەڕە ئامادەن رۆح و گیانیان بکەنە فیداو قوربانی. سوپاس بۆ خوا پاڵپشتی برا پێشمەرگەکانمان بوو کە توانییان فیتنەی داعش و تیرۆریستان تێکبشکێنن و ڕێگەنەدەن هەرکەس و گروپ و مەزهەب و بیروباوەڕێکی توندڕەو جارێکی دی گەلی کورد قەتڵوعام بکەن. تەنانەت فەرموودەی راست و سەحیحی پێغەمبەرمان (صلی الله علیه وسلم) هەیە کە دەفەرموێت: هەرکەسێك لەپێناوی ماڵ و موڵك و ناموس و شەرەف و زەوی و زارو خاك و ئایینی خۆیدا بکوژرێت، شەهیدە، لەکوردستانیشدا هیچ گوندێك نییە مزگەوتی تێدا نەبێت و ٩٥٪ی گەلی کوردستان موسڵمانەو هەزارەها ساڵە پیادەی ئایین و ئیسلامەتی دەکەین، تازە بەتازە خەڵکێکی ترمان ناوێت بێن دەوڵەتمان بۆ دابمەزرێنن و موسڵمانمان بکەن خۆ (بلا تشبیه) نابێت کۆنەمان بەنرخی تازە پێبفرۆشن، کورد زۆر زیاتری کردووە لەعەرەب و تورك و فارس بۆ ئیسلام. کەچی کردەوەو کارەسات و هەنگاوی وەها دژ بەگەلی کوردی موسڵمان دەنرێت، بەتایبەتی لەلایەن داعش و مەزاهەبە توندڕەوەکانی ترەوە بەهیچ شێوەیەك لە ئیسلامدا جێگای نابێتەوە، چونکە میللەتی کورد کافر نییەو دژایەتی ئیسلام ناکات، بەپێچەوانەوە لەسەردەمی پێغەمبەرەوە تا ئێستا خزمەت بەئایینی پیرۆزی ئیسلام دەکات، بەشێکی زۆری مامۆستاو زانایانی گەورەی ئیسلام و تەنانەت شاعیر و ئەدیبەکانیشمان بەشێوەیەکی زۆر بەرزو پڕخۆشەویستی وەسفی ئیسلام دەکەن، کەچی لەمێژووی ئیسلامدا ئەم مێژووە کوردییە فەرامۆش کراوە، هەروەکو ئاماژەتان پێدا، پەنا بۆ دەقەکان و شیکارییەکانی جیهانی ئیسلامی دەرەوەی کوردستان دەبرێت.

*** ئایا چۆن دەستپێبکەینەوە بۆ ئەوەی سوود لەو مێژووە جوانە وەربگرین و لەفیکری توندڕەویی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بپارێزین؟**

- زاناکانی وەکو ئیبن ئادەم و زانایانی قەرەداغ و ئیبن سەلاحی شارەزووری و مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس و مەلای گەورەو د.محەمەد گەزنەیی و د. مستەفا زەڵمی و سەدان زاناو مامۆستای ئایینی دیکەی کوردستان کە خاوەنی پەرتووك و بیروبۆچوونی جوانی ئیسلامین لەناو کوردستاندا، هەر بۆیە پێویستە وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا بەهاوکاری وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتی زانایان ئەم پەرتووك و بیروبۆچوونانە بکەنە مەنهەج لە زانکۆ و پەیمانگا ئیسلامییەکان و قوتابخانەکان هەروەکو چۆن لە رابردوودا لە قوتابخانەو

حوجرەی فەقێ و مەلاکان سوود لەم پەرتووکانە وەرگیراوە، هەرواش ئێستا سوودی لێوەربگیرێت و پێویستە ڕێگەنەدرێت کتێب و مەنهەجی توندڕەویی بهێنرێتە کوردستان، کە بەهیچ شێوەیەك بیری توندڕەویی لەگەڵ سروشتی جوانی خەڵکی کوردستان و ئایینی پیرۆزی ئیسلام ناگونجێت، بیستوومانە لەسلێمانی لە رابردوودا کەسێکی وەکو حاجی کاکە ئەحمەدی شێخ کە ڕەمزێکی ئایینی و ئیسلامی و کۆمەڵایەتی بووە بۆ ئەوەی مەسیحی و موسڵمانەکانی شاری سلێمانی و کوردستان ژیانێکی هاوبەش و لێبووردەیی پەیڕەو بکەن، داوای هاوسەریّتی ئافرەتێکی مەسیحی بۆ کوڕەکەی خۆی کردووەو یەکەم نەوەی ناوی ناوە عیسا، وەزیری دارایی دەوڵەتی ئیسلامی کەسێکی جوولوکو بووە، چونکە کەسێکی پسپۆڕ و لێهاتووی کارامە بووە، لەئیسلامیشدا پۆست دەبێت لەسەر بنەمای لێهاتوویی و تواناو دەستپاکی یان پسپۆڕایەتی بێت. ئێستا لەکوردستاندا ئاڵاو دروشم و تاقم و حزبی جیاوازی ئایینی و کوردستانی زۆر هەیە، هەربۆیە پێویستمان بەوەیە جارێکی دیکە بەدوای ڕەسەنایەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و سروشتی خەڵکی کوردستاندا بگەڕێین کە خاڵی هاوبەشی هەمووانە، لەژێر یەك چەتری ئایینی و نەتەوایەتی کۆببینەوەو هەوڵی بەدەستهێنانی کیانێکی نەتەوەیی بدەین.

*** ئەگەر سەبارەت بەسوودوەرگرتنی نەتەوەکان لەئایینی پیرۆزی ئیسلام بەراوردێك بکەین هەست دەکەین کورد وەکو نەتەوەکانی دیکە نەیتوانیوە سوود لەئیسلام وەربگرێت بۆ دروستکردنی کیانی خۆی، ئایا چی بکرێت بۆ ئەوەی کورد خاوەنی فقهێکی ئیسلامی خۆی بێت؟**

- وەکو ئاماژەم پێدا، گەڕانەوەیە بۆ ڕەسەنایەتی و سروشتی خەڵکی کوردستان و سوود وەرگرتن لەحوجرە ومزگەوت و زاناکانی زەمەنی رابردووی کوردستان، ئەو زەمەن و قۆناغەی کە کورد خاوەنی فیکرو بیروبۆچوونی کوردانە بووە، خاوەنی سەدان زانای گەورەو مامۆستاو مەلا بووە کە رابەرایەتی شۆڕش و بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کوردیان کردووە، فەرموودەیەکی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) هەیە دەفەرموێت: (لَا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يُحِبَّ لِأَخِيهِ مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ) واتا کەسێك لەئێوە ئیمانی نییە تاچی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ براکەشی پێی خۆش نەبێت. کەواتە ئەگەر فارس، یا عەرەب، یا تورك، حەزنەکەن ئێمە دەوڵەتمان هەبێت ئیمانیان نییە، بۆیە دەوڵەتبوون و کیانی سیاسی و جوگرافیاو دارایی و ئابووری سەربەخۆیی خۆمان نەك تەنیا مافێکی نەتەوەییە، بەڵکو مافێکی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیشە. خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا پێی داوین کاتێك دەفەرموێت: (وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ وَاخْتِلافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ). واتا خوای گەورە ڕەنگ و زمانەکانیشی لێکجیاکردۆتەوە. مامۆستا هەژاری موکریانی جوان وەسفی کوردستان دەکات، کاتێك دەڵێت ئەگەر مردی و پرسیاریان لێکردی کە باسی شاخ و ئاو و کەش و هەواو دیمەنی جوانی کوردستان دەکەیت، فریشتەکانی خوا وا دەزانن بەهەشتت بینیوە، هەرکەسێك خۆی بەموسڵمان دەزانێت پێویستە ئەوەندە هەستی نەتەوایەتی لەناخیدا هەبێت بەئاواتەوە بێت رۆژێك لەرۆژان کوردستان سەربەخۆ بێت، من وەکو مەلایەکی کوردی موسڵمان هەرگیز بە راست و دروستی نازانم و ئومێدم نییە جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ بەغدا، هەرچەندە دەڵێن ناچاری سەر بەماڵی دوژمنا دەکات، مانەوەمان لەناو چوارچێوەی عێراقدا داماوییەو دەبێت هەموو کوردێك بەئاواتەوە بێت رۆژێك لەرۆژان لەژێر زەبرو چەپۆکی داگیرکەرەکان رزگارمان بێت، جا ئەگەر سەرکردەی حزبێکی ئیسلامی یان عەلمانی بمانگەڕێنێتەوە ناو باوەشی بەغدا و سەربەخۆیی دوابخات، هەڵەیەکی ئایینی کردووە، پێش ئەوەی هەڵەیەکی نەتەوەیی بێت.

*** یەکێك لەهۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی توندڕەویی بوونی حزبە ئیسلامییەکانە بەتایبەتی حزبی ئیسلامی توندڕەو، ئایا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فیکری توندڕەو بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام نەکوردێنراوە؟**

- مەسەلەی توندڕەویی لەناو حزبە ئیسلامییەکان لەوانەیە ئەندامێك هەبێت، یا سەرکردەیەك هەبێت توند بیربکاتەوە، بەڵام حزبی ئیسلامی و میانڕەومان هەیە کە سوودی گەیاندووە بەفیکری ئیسلامی و لایەنی نەتەوەیی، هەربۆیە پێویستە مامۆستایانی ئایینی و وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتی زانایانیش زۆر بەگرنگییەوە بڕواننە چۆنیەتی سوودوەرگرتن لەفقهی ئیسلامی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، تەنانەت هەروەکو چۆن ئیسلامی مالیزی و شامی و ئەندەنوسیمان هەیە، لەداهاتوودا کاربکەن بۆ دامەزراندنی ئیسلامی کوردی، چونکە هەوڵەکانی وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتی زانایانی کوردستان هێشتا لە ئاستی ئەو هەوڵە دەرەکییانەدا نییە کە بۆ لەناوبردنی فیکری میانڕەوی و ڕەسەنایەتی بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەدرێن. حکومەت پێویستە زۆر گرنگی بەدۆسیەی ئایینی بدات و زیاتر هەماهەنگ بێت لەگەڵ یەکێتی زانایان و ئەوقاف و سەرجەم مامۆستاو مەلا بەڕێزەکان. من خۆم گەشبینم بەوەی لەچەند ساڵی داهاتوودا ئیسلامی خۆماڵی کە خزمەت بەخودی ئیسلام و دۆزە نەتەوایەتییە ڕەواکەمان بکات، بەرهەم دێت، بەپێچەوانەوە ئەگەر نەیکەین ئێمە دەدۆڕێین و ناتوانین بەهاوشێوەی گەلانی موسڵمانی دراوسێمان دین بکەینە قەڵغانێك بۆ نەتەوەکەمان.

**پێویستە ڕێگەنەدرێت کتێب و مەنهەجی توندڕەویی بهێنرێتە کوردستان، کە بەهیچ شێوەیەك بیری توندڕەویی لەگەڵ سروشتی جوانی خەڵکی کوردستان و ئایینی پیرۆزی ئیسلام ناگونجێت**

**مانەوەمان لەناو چوارچێوەی عێراقدا داماوییەو دەبێت هەموو کوردێك بەئاواتەوە بێت رۆژێك لەرۆژان لەژێر زەبرو چەپۆکی داگیرکەرەکان رزگارمان بێت**

**ئەگەر سەرکردەی حزبێکی ئیسلامی یان عەلمانی بمانگەڕێنێتەوە ناو باوەشی بەغدا و سەربەخۆیی دوابخات، هەڵەیەکی ئایینی کردووە، پێش ئەوەی هەڵەیەکی نەتەوەیی بێت**